


سیاسی

گوڵان
ژمارە (٧٥٧)
٢٠٠٩/١١/١٦



ئەوروپا پێشوازی لەسەرۆکی هەڵبژێراوی کوردستان کرد

# دبلۆماتییەتی بارزانی و رووی راستەقینەی کوردستان لەبەردەم یەکێتی ئەوروپادا



گوڵان
ژمارە (٧٥٧)
٢٠٠٩/١١/١٦

سەردانی ئەمجارەی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ ئەوروپا، سەردانێکی جیاواز بوو، بۆیەکەمجار بوو یەکێتی ئەوروپا لەسەر ئاستی خافێر سۆلانا و پەرلەمانی ئەوروپا پێشوازی لەسەرۆکی هەڵبژێراوی کوردستان بکەن، وەك پەرلەمانتارانی ئەوروپا بۆ ئەم راپۆرتە وەسفی ئەم سەردانەیانکردو پێیان گووتین،(( گرنگە گویٚ لەقسەی سەرۆکێك بگرین کە ٪۷۰ی زیاتری گەلەکەی متمانەی پێدابێت)) لەمەش گرنگتر ئەوەیە گویٚ لەسەرۆکێك دەگرین بە ئاراستەیەکی راست وڵاتەکەی هەنگاو بەرەو دیموکراسی هەڵدەگرێت و هێشتا لەمە زیاتری بۆ گەلەکەی دەوێت و دەڵێت: ((ئێمە لەسەرەتای پرۆسەی دیموکراتیداین و پێویستمان بە هاوکاری یەکێتی ئەوروپایە))، لە ویب سایتی یەکێتی ئەوروپا کە رووماڵی سەردانەکەی سەرۆکی کوردستانی کردووە، ئاماژە بەوە کراوە کە سەرۆك بارزانی لە دوو بواری گرنگەدا داوای لەیەکێتی ئەوروپا کردووە هاوکاری کوردستان بکەن :

یەکەمیان: لەبواری بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی ئەوروپا.

دووەم: هاتنی کۆمپانیاکانی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا بۆ ئەوەی بەشداری لە پرۆسەی بونیادنانەوەی کوردستان بکەن.

ئەم دوو داواکارییەی سەرۆکی کوردستان بایەخدان بەپەروەردەکردنی نەوەکانی داهاتوو بەئاستێکی پەروەردەیی و زانستی بەرز و لەدەوڵەتی قانوون و خۆشگوزەراندا، ئاماژەن بۆ ئەو ئاستەی کە ئەورپییەکان چۆن لەسەرۆکی وڵاتێك دەڕوانن کە هەموو ئامانجی ئەوەیە ئاییندەیەکی پرشنگدار بۆ نەتەوەکەی دیاریبکات، ئاماژەن بۆ ئەوەی سەرۆکی کوردستان دەیەوێت نەوەکانی داهاتوو لەسەر ئاستێکی بەرزی زانستی پەروەردە بکرێن و نەوەیەکی داهێنەر لە کوردستاندا بەرهەم بێت، ئەم روانگە دووربینییەی سەرۆك بارزانی بۆ ئاییندەی کوردستان کۆمەڵێك دۆسیێی گرنگی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا، هەروەها لەوەڵامی پرسیاری ئامادەبووانیشدا وردەکاری زیاتری دیکە سەبارەت بە پێشکەوتنی باری کۆمەڵایەتی کوردستان هاتە ئاراوە



**گرنگە گویٚ لەقسەی سەرۆکێک بگرین کە ٪۷۰ی زیاتری گەلەکەی متمانەی پێدابێت**

بۆ یەدەكرێت تەوەری قسـەكانی سەرۆك بارزانی بەسـەر چەنـد خاڵێكدا دابەش بكەن:
١- داواكاری سـەرۆك بـۆ هـاوكاری یەكێتی ئەوروپا بۆپشتگیری دیموكراتی لەكوردستان.
٢- هەڵبژاردنەكانی داهاتووی عێراق.
٣- هەڵوێسـتی كوردسـتان بەرامبـەر ئایینـدەی عێراق و پارێزگای كەركوك و دابەشكردنی داهاتی نەوت.
٤- پەیوەندییەكانـی نێـوان هەرێمـی كوردستان و توركیا و پشتگیری هەرێمی كوردستان بۆ سیاسەتی كرانەوەی توركیا بۆ چارەسـەركردنی كێشـەی كورد لە توركیا.
٥- هەڵوێسـتی هەرێمـی كوردسـتان بەرامبەر چارەسەری ئاشتیانەی كێشەی كورد لەتوركیا.

**هەرێمی كوردستان دەبێت**
**ببێتە نموونە بۆ هەموو عێراق**

پەرلەمانتـار سـتراون ستیڤنسـۆن سـەرۆكی شـاندی یەكێتی ئەوروپا بۆ عێـراق و یەكێك لـەو پەرلەمانتارانەی ئامادەی وتارەكەی سـەرۆكی كوردستان بوو لە بـەردەم پەرلەمانـی ئەوروپادا، لەلێدوانێكـی تایبەتی بۆ ئەم راپۆرتەی گوڵان ئامـاژەی بەوەكرد كـە دیداری پەرلەمانتارانی ئەوروپا لەگەڵ سەرۆكی هەڵبژێردراوی كوردستان جێگەی بایەخ و تێگەیشتنی زیاتری یەكێتی ئەوروپا بووە لە باردۆخی هەرێمی كوردستان و عێراق، هەر ئەم تێگەیشتنەی ئێمە لە بارودۆخی هەرێمی كوردستان لەسەر زاری سەرۆكی كوردسـتانەوە وایلێكردین ئەم پێشنیارانە بخەینە بەردەم سەرۆك مسعود بارزانی:
١- داوامان لەسـەرۆكی كوردستان كرد كـە لـە ئاییندەیەكی نزیكدا شـاندی یەكێتـی ئەوروپا بۆ عێراق سـەردانی هەرێمی كوردسـتان بـكات، بۆ ئەوەی هاریكارییەكانی یەكێتی ئەوروپا هەرێمی كوردستانیش بگرێتەوە.
٢- داوامان لەسـەرۆك مسعود بارزانی كـرد كە هەوڵبدات هەرێمی كوردسـتان ببێتـە مۆدێلێـك بۆ هەمـوو عێراق و چۆن توانیویەتی لە كوردسـتان ئاشتی و سـەقامگیری دابین بـكات بەهەمان



سەرۆكی كوردستان دەیەوێت نەوەكانی داهاتوو لەسەر ئاستێكی بەرزی زانستی پەروەردە بكرێن و نەوەیەكی داهێنەر لە كوردستاندا بەرهەم بێت



**پەرلەمانتارانی یەكێتی ئەوروپا وڵاتەكەی بارزانی بە عێراقێكی دیكە، عێراقێكی ئارام و سەقامگیر و دیموكراتییەكە دەبینن، بۆیە داوا لە سەرۆكی كوردستان دەكەن، وەك یەكێك لەسەركردە دیارەكانی عێراق ئەو شیوازەی لەكوردستان پیادەی كردووە بیگوازێتەوە بۆ عێراق**

شیوە عێراقیەكان لە ناوچەكانی دیكەش فێربكات چۆن ئارامی و سەقامگیری دابین بكات.

**٣-** لەبەر ئەوەی هەرێمی كوردستان بەشێكە لە عێراق و هاوشێوەی هەرێمەكەی منە كە سكۆتلەندایە لە چوارچێوەی شانشینی بەریتانیا، بۆیە داوەتی سەرۆك مسعود بارزانیم كردووە بۆ ئەوەی سەردانی سكۆتلەندا بكات و لە نزیكەوە لەگەڵ پەرلەمانتارانی سكۆتلەندا كۆبێتەوە بەڕێزی بە سوپاسەوە داوەتنامەكەی قبوڵكرین و هیوادارین بەم نزیكانە و بەیاوەری شاندێكی پەرلەمانی كوردستان سەردانی پەرلەمانی سكۆتلەنداش بكات.

ئەو خاڵانەی ئاماژەمان پێكردن بەشێكن لەو خاڵانەی كە لەدیمانە تایبەتەكەی ستراون ستیڤنسۆن بۆ ئەم راپۆرتە هاتوون، ستراون كە سەرۆكی شاندی فەرمی یەكێتی ئەوروپایە بۆ عێراق، بارودۆخی عێراقی بەو جۆرە بۆ ئەم راپۆرتەی گوڵان وەسف كرد، كە وێڕای ئەوەی بەسەدان پرۆژەی گرنگ بە بودجەی ملیۆنەها یۆرۆ لە ناوەراست و باشوری عێراق جێبەجێ دەكەن، بەڵام لەبەر ئەوەی لەترسی تیرۆریستان ناتوانن ئاڵای یەكێتی ئەوروپا لەسەر ئەو پرۆژانە هەڵبكەن كە یەكێتی ئەوروپا لە عێراقدا جێبەجێیان دەكەن،بۆیە ئێوەش و خەڵكانی دیكەش وا هەست دەكەن یەكێتی ئەوروپا لە عێراقدا هیچ رۆڵێكی نییە.

بۆیە كاتێك سەرۆكی كوردستان باسی هەنگاو هەڵگرتن بۆ دیموكراتی و دوای هاتنی كۆمپانیاكانی یەكێتی ئەوروپا دەكات بۆ ئەوەی بێنە كوردستان و بەشداری پرۆسەی ئاوەدانكردنەوەی كوردستان بكەن، پەرلەمانتارانی یەكێتی ئەوروپا وڵاتەكەی بارزانی بە عێراقێكی دیكە، عێراق ئارام و سەقامگیر و دیموكراتییەكە دەبینن، بۆیە داوا لە سەرۆكی كوردستان دەكەن، وەك یەكێك لەسەركردە دیارەكانی عێراق ئەو شیوازەی لەكوردستان پیادەی كردووە بیگوازێتەوە و بۆ ئەوەی عێراق لەو نەهامەتیە رزگاری بێت كە لەسەرەتای دامەزراندیەوە بەدەستیەوە دەناڵێنیت.

ئەورپییەكان كە ئەم دوایە لەسەرۆكی كوردستان دەكەن، لەوانەیە ئاگاداری ئەوە نەبن چۆن پێش رووخانی رژێمی سەدام حوسێن، سەرۆكی كوردستان چەندین كۆنگرەی گرنگی لەپارێزگاری هەولێر بۆ گروپ و لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی گرێداو چۆن كورد ئارەزوومەندانە بەشداری لە پرۆسەی دامەزراندنەوەی عێراق نوێ كردووە، بەشاهیدی زۆر لە سیاسەتەمەدار و چاودێرانی سیاسیی ئەگەر رۆڵی سەركردایەتی سیاسیی كورد بەگشتی و شەخسی سەرۆكی



**دیداری پەرلەمانتارانی ئەوروپا لەگەڵ سەرۆکی هەڵبژێردراوی کوردستان جێگەی بایەخ و تێگەیشتنی زیاتری یەکێتی ئەوروپا بووە لە باردۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق**

کوردستان نەبووایە لە پێکهاتنەوەی لایەنە پێکناکۆکەکانی عەرەبی سونە و شیعە و هەروەها هەوڵەکانی سەرۆک بارزانی بۆ بەردەوامبوونی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا ئێستا عێراق بە یەکپارچەیی نەمابۆوە، بۆیە هەوڵدان بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە مۆدیلێك بۆ عێراقێکی سەقامگیر و ئارام و دیموکراتی بۆ ئەمڕۆ ئاستی پرۆسەیەکی لۆکاڵی تایبەت بەعێراقییەکان دەبەزێنێت، راستە دەبێت خودی عێراقییەکان خۆیان پرۆسەدیموکراتیەکە بونیاد بنێن و خۆیان بروایان بەدیموکراتی هەبێت، بەڵام پێویستە دەوڵەتانی رۆژئاوا بە تایبەتی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا رۆڵێکی کاریگەرانەتر لە عێراقدا بگێڕن، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ لەجیهاندا هیچ رێکخراوێك وەك رێکخراوی یەکێتی ئەوروپا خاوەنی ئەزموونی قۆناخی گواستنەوە نییە لەسیستمی تۆتالیتاریەوە بۆ سیستمی دیموکراتی و ئێستا ئەوە جێگەی خۆشحاڵییە کە دەبینن چەندین دەوڵەتی بلۆکی کۆمۆنیستی ئێستا ئەندامی یەکێتی ئەوروپان، بۆیە لەم راستەوە بەشداری زیاتری یەکێتی ئەوروپا لەپرۆسەی سیاسیی عێراق و هەروەها بەشداری یەکێتی ئەوروپا لە پشتگیرکردنی بۆ بونیادی دیموکراسی لەکوردستان کاریگەرییەکی هێجگار گرنگی لەسەر ئاییندەی عێراق و ناوچەکە دەبێت.

**پێویستە دەوڵەتانی رۆژئاوا بە تایبەتی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا رۆڵێکی کاریگەرانەتر لە عێراقدا بگێڕن**

## هەڵبژاردنەکانی ئاییندەی عێراق و تێپەڕاندنی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان

ئەوانەی وەك چاودێری سیاسیی چاودێری کێشە گەرمەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەکەن، هەست بەو راستییە دەکەن کە سەرۆکە رۆژهەڵاتییەکان لە گوتاری خۆیاندا بۆ ناوخۆ و ئیستهلاکی محەلی بە شێوازێك قسە دەکەن و لەسەر مینبەرە جیهانییەکانیش بە جۆرێکی دیکە، بەڵام لەوەتەی هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی سیاسیی دیفاکتۆ و ئێستاش وەك هەرێمێکی فیدرالی لە چوارچێوەی عێراقدا بوونی هەیە، چاودێری سیاسی راشکاوانە هەست بەو راستییە دەکات، کە گوتارەکانی سەرۆکی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان چۆنە لەبەردەم پەرلەمانی ئەوروپا و کۆشکی سپی و هەموو ناوەندە جیهانییەکان هەمان زمان و هەمان گوتارە، ئەم شێوازە هەتا رادەیەکی زۆر تەنانەت هەتا ساڵی پاریش لە تورکیاشدا دەگمەن بووە، ئەمە سیمای گوتاری سیاسیی هەرێمی کوردستان بووە، کەسەرۆك مسعود بارزانی بە نوێنەرایەتی گەلی کوردستان ئاراستەی جیهانی کردووە،سەرۆکی کوردستان



**گوتارەکانی سەرۆکی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان چۆنە لەبەردەم پەرلەمانی ئەوروپا و کۆشکی سپی و هەموو ناوەندە جیهانییەکان هەمان زمان و هەمان گوتارە**

سـەبارەت بە هەڵوێسـتی کوردسـتان بەرامبـەر هەڵبژاردنەکانـی ئاییندەی عێـراق، پیرۆزبایی لە پەرلەمانی عێراق کـرد کە توانیـان یاسـای هەڵبژاردنی پارێزگاکان تێپەڕێنن بەبێ ئەوەی بارێکی تایبەتـی بەکەرکوک بدرێـت، ئەمەش هەمان قسەی سەرۆکی کوردستان بوو کە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند (( قبـوڵ ناکەیـن باردۆخێکی تایبەت بە کەرکوک بدرێـت و دەبێت هەڵبژاردنی کەرکوکیـش وەك هەڵبژاردنی سـەرجەم پارێزگاکانی دیکـەی عێراق بێت))و لە وەڵامی پرسـیاری رۆژنامەنووسانیشدا زیاتر جەختی لەسەر مەسەلەی کەرکوک کـردەوە و گووتی : ((کەرکوك هۆکاری سـەرەکی شـەڕە یەك لـە دواییەکانی گەلی کوردستان بووە لەگەڵ رژێمە یەك لەدواییەکانـی عێراق...ئێمە دەمانەوێت ئەم گرفتە بـۆ نەوەکانی دیکە نەمێنێت و چارەسـەری بکەین، دەستووری عێراق (٨٥٪)ی گەلانـی عێـراق دەنگی بۆ داوە و رێگـە چارەی چارەسـەرکردنی کێشـەی کەرکوکـی دیاریکردووە،ئێمە بەو چارەسـەرە رازین کە ئاسیکردنەوە و سـەرژمێری و ریفراندۆمە،لەمە زیارت چـی بکەین؟ خەڵکـی کەرکوك خۆی بریار لە چارەنووسـی خۆی دەدات جا بە ئەم دەرفەتە بەوان بدرێت))هەر لەوەڵامی رۆژنامەنووسان و سەبارەت بەوەی کەرکوك بۆمبێکی تەوقیتکراوە سەرۆکی کوردستان ئامـاژەی بەوەکـرد ئەگـەر بەرێگەی دەسـتووری ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت ئەوا ئەو بۆمبە تەوقیتکراوەی ئێوە باسی دەکەن نامێنێت،بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە مامەڵەی لەگـەڵ بکرێت ئەوا بێگومان ئەو بۆمبە تەوقیتکراوە کاریگەری خراپی دەبێت، بۆیە گەلی کوردستان دەیەوێت ئەو مەترسییە نەمێنێت،بەداخەوە هێشتا کاری تیرۆریستی کارایەو بنەبڕ نەبووە مەترسی ئەوە هەیە تا لە هەڵبژاردن نزیکتر ببینەوە تیرۆر زیاتر بێت.

ئەمە رای راشکاوانەی سەرۆکی کوردستان بوو لەبەردەم پەرلەمان یەکێتی ئەوروپا و لە ناو بارەگای یەکێتـی ئەوروپادا، کە ئەویـش جەختکردنەوەیە لەجێبەجێکردنی ئەو دەسـتورەی کـە گەلانـی عێراق خۆیـان دەنگیـان پێـداوە و بریاریانداوە بیکەنە رێگانیشاندەر بۆ چارەسەرکردنی کێشـەکانیان،پەرلەمانتارانی ئەوروپا لەم لۆژیکەی سـەرۆکی کوردستان تێدەگەن کە رێگەی راست بۆ بونیادنانەوەی وڵات و تێپەراندنی قۆناخی ناسکی راگواستن پابەندبوونە بەو دەسـتورەی کە گەلانی وڵاتەکە بـۆ ئاییندەی خۆیان دایدەرێژن. هەروەهـا لەوانەیە بەلایانەوە سـەیر بێت خەڵکانێـك لەسـەدەی بیستەم هەبێت خۆیان دژی ئەو دەستورە بن کە گەلانی

**پەرلەمانتارانی ئەوروپا لەم لۆژیکەی سەرۆکی کوردستان تێدەگەن کە رێگەی راست بۆ بونیادنانەوەی وڵات و تێپەراندنی قۆناخی ناسکی راگواستن پابەندبوونە بەو دەستورەی کە گەلانی وڵاتەکە بۆ ئاییندەی خۆیان دایدەرێژن**



چەند پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ئاسایی بێت، هێندەش پرۆسەی کرانەوە و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا ئاسانتر دەبێت

ووڵاتەکەی خۆیان دایانڕشتووەو دەنگیان بۆ داوە، بەتایبەتی برۆکسل ئەو شوێنەی کە بارەگای یەکێتی ئەوروپای لێیە خۆی وڵاتێکی بچکۆلەی فرە نەتەوەیەو زۆر بەباشیش لە چوارچیوەی پیادەکردنی سیستمی فیدرالیدا خۆیان ڕێکخستووە و بە گەشبینییەوە لە ئایندەی خۆیان دەڕوانن.

لایەنێکی دیکە کە جێگەی سەرنجی ئامادەبووان بوو دەیانوویست لە زاری سەرۆکی کوردستانەوە گوێ بیستی بن مەسەلەی دابەشکردنی عێراق بوو، ئەوەی جێگەی سەرسامی ئێمەیە وەك کوردستانییەکانی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە کورد تاکە نەتەوەیە لەم جیهانە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە داوای فیدرالی دەکات لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدرالی عێراقدا، ئەمەش واتە کورد بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە داوا دەکات یەکێتی عێراق بپارێزێت، بەڵام کاریگەری میدیای عەربی و تێنەگەیشتنی ڕۆژهەڵاتییەکان لە ماناو چەمکی فیدرالیزم وایکردووە هەوڵدانمان بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراق بە دابەشکردنی عێراق بزانن، هەر بۆیە راشکاوانە سەرۆکی کوردستان بە ئامادەبوانی راگەیاند: (( ئێمە وەك کورد نەداوامان کردووە و نە دەشبینە هۆکاری ئەو دابەشکردنە، بەڵام ئەگەر برایانی شیعە و سونە بریاریاندا، ئەو کاتە دەبێتە بەرپرسیاریەتی ئەوان، ئێمەش سەلماندمان کە پابەندی ئەوەین و ئەمەش ماددەیەکی دەستوریە ))

سەبارەت بە یاسای نەوت و گاز و کێشەی دابەشکردنی داهات لە عێراقدا، سەرۆکی کوردستان زۆر راشکاوانە ئەوەی بە ئامادبوان راگەیاند : ئێمە کۆکین لەسەر دابەشکردنی داهاتی وڵات کە زۆربەی داهاتەکە لە نەوت و غازەو هیچی دیکە نییە، نەوت و غاز موڵکی هەموو میللەتی عێراق و داهاتەکەشی بۆ هەموو خەڵکی عێراقە بە شێوەیەکی یەکسان، ئێمە لەگەڵ ئەو پرەنسیپەداین... دەستووری عێراق دەڵێ نەوت و غاز بۆ هەموو گەلی عێراقە و داهاتیش بۆ هەموو گەلی عێراقە و ئێمە هیچ ناکۆکییەکمان لەوبارەیەوە نییە، ئێستا تا سەرژمێری مەرکەزی دەکرێ رێککەوتن وایە تا ئەو ناوچانەی دابڕاون نەیەنەوە سەر هەرێمی کوردستان پشکی هەریمی کوردستان (١٧٪ )ە. کە سەرژمێری مەرکەزی کرا قەبارەی هەر لایەنێك دیاردەکەویت، ئیمە لەگەڵ ئەوەین پشکی کوردستان راستەوخۆ بچێتە سەر حیسابی هەرێمی کوردستان نەك لە رێگای وەزارەتی نەوتی بەغدا و وەزارەتی دارایی بەغدا، چونکە زۆر جار بودجەکە وەکو چەکێك دژی ئێمە بەکار دێنن، ئێمە لەسەر ئەم

ئەم هەڵوێستەی سەرۆکی کوردستان بۆ پشکداری لە دابینکردنی ئاشتی و سەقامگیری لەسەر ئاستی ناوچەیی و هەرێمی نیشانەیەکی دیکەی سیاسەت و لۆژیکی سەرۆک بارزانییە کە هەرێمی کوردستانی کردۆتە فاکتەرێک بۆ سەقامگیری و ئاشتی هەرێمی

خاڵە دەربارەی یاسای دابەشکردنی داهات سوورین، ئەمە هەڵوێستی ئێمەیە و مافی خۆشمانە، ئێمە دژی یاسای نەوت و غاز نین و ســەلماندمان ئێمە پابەندی دەقی دەســتوورین، ئێمە لە حوزەیرانی رابردوو توانیمان رۆژانــە (١٠٠) هەزار بەرمیل لە کێڵگــەی نەوتی زاخۆ بەرهەم بهێنین و خستمانە سەر بۆری مەرکەزیی کە لە عێراقەوە دەچێ بۆ تورکیا و داهاتەکەی لەگەڵ هەموو نەوتی تری عێراق تێکەڵ دەکــرێ، سیاســەتی وەزارەتــی نەوتی عێراق سیاســەتێکی فاشل بوو، وەزارەت لە ئیدەرەکردنی بواری نەوتیدا شکســتی خوارد، بۆیە ئێمە زۆر پابەندی بڕیارەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق نین، چونکە فاشل بوو و خزمەتــی گەلی عێراقی نەکرد و (٨) ملیار دۆلار لە ماوەی (٣) ســاڵی رابــردوو بــۆ وەزارەتی نەوتــی عێراق تەرخانکــرا نەیانتوانی یــەك پاڵاوگەش دروســت بکــەن و بەرهەمــی نەوتــی عێراقیش دابەزی لە جیاتی ئەوەی بەرز بێتەوە، جا ئێمە چۆن پابەندی بڕیارەکانی وەزارەتێکی وا فاشل بین؟!، ئێستا رۆژانە (١٠٠) هەزار بەرمیل بەرهەم دەهێنرێ، بەڵام بە پێی قســەی شارەزایانی کەرتی نەوت لــە کۆتایــی (٢٠١١)دا لە یەك ملیۆن بەرمیل تێدەپەڕێ.))

### پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا سیاسەتی کرانەوەی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا

هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی لەساڵی ١٩٩١ەوە کە دروستبوو بە فەرمی دەوڵەت نەبــوو، بەڵام وەك قەوارەیەکی دیفاکتۆ و دابڕاو لەعێراق و پارێزراو لە چەتری دژە فرینی(No fly Zone ) نێودەوڵەتی، ســیفەتی دەوڵەتی دیفاکتۆی وەرگرت و پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکانی جێبەکردووە، بۆیە هەرێمی کوردستان بە درێژایی ١٨ ســاڵی رابردوو بەرپرس بــووە لەهەمبەر پەیوەندییەکانــی لەگــەڵ دەوڵەتانــی دراوسێی و دەوڵەتانی دراوسێش راستەوخۆ مامەڵەیان لەگــەڵ حکومەت و گەلی هەرێمی کوردستان کردووە، تەنانەت دوای ســاڵی ٢٠٠٣یش کە هەرێمی کوردستان بــووە بەبەشــێك لەدەوڵەتــی فیدرالی



عێراق، دیسان مەسەلەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ جۆرە تایبەتمەندییەکی بەخۆوە هێشتەوەو لە باری پراکتیکدا ئەم پابەندبوونە هەر بەسەر شانی هەرێمی کوردستان مایەوە، بۆیە مەسەلەی ئەو گۆڕانکارییانەی لەدەوڵەتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان روودەدەن هەمیشە جێگەی پرسیاری رۆژنامەنووسانە کە لەزۆر بۆنەدا ئاراستەی سەرۆکی کوردستانی دەکەن، لەبارەگای یەکێتی ئەوروپاس دیسان پرسیاری سەرەکی رۆژنامەنووسان سەبارەت بە ئاسایبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و هەورەها سەبارەت بە سیاسەتی کرانەوەی تورکیا بوو بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، بێگومان ئەم دوو مەسەلەیە گەرچی دوو مەسەلەی جیاوازن لەرووکاردا، بەڵام لە چەندین رووەوە لێکنزیکن و چەند پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ئاسایی بێت، هێندەش پرۆسەی کرانەوە و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا ئاسانتر دەبێت، سەبارەت بەم پرسە گرنگە سەرۆك بارزانی راشکاوانە بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند :((ئەو گۆڕانەی ئێستا لە تورکیا هەیە بە شتێکی ئیجابی دەزانین، ئەوەش دەزانین کە هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تەواو ببێت و مەسەلەکە چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ پێش ئێستا، ئەو فەرهەنگەی کە ئەو هەموو ساڵە لە تورکیادا هەبووە هەروەها ئەو ئۆپۆزسیۆنە بەهێزەی هێشتا هەیە بەرامبەر بەو هەنگاوانەی کە حکوومەتی تورکیا هاویشتوویەتی، ئێمە پێمانوایە دەبێ هانی ئەو هەنگاوانە بدەین و هانیشیان بدەین دەدەین بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی بگاتە ئەنجام و دەبێ نەفەسێکی درێژ هەبێت، دەبێ بە هەموو لایەك هەوڵ بدەین ئەو پرۆسەیە سەربکەوێ، ئێمە پێمان خۆش نییە پرۆسەی سەربازی بەردەوام بێت، بەڵام ئەگەر پرۆسەی سیاسی و پرۆسەی ئاشتی سەرکەوت واتا پرۆسەی سەربازی نامێنێت، ئەگەر پرۆسەی سەربازیش سەرکەوت و بەردەوام بوو واتا پرۆسەی سیاسی نامێنێت بۆیە ئێمە پشتگیری لە پرۆسەی ئاشتی دەکەین.)).

سەبارەت بەرۆڵی سەرکردایەتی سیاسیش لەم پرۆسە گرنگەدا، سەرۆك بارزانی بارزانی بەمجۆرە باسی ئەم هەوڵەی کردوو ئامادەباشی هەرێمی کوردستانی بۆ سەرخستنی ئەو هەوڵانە خستە روو: ((ئێستا ئەو پرۆسەیە بۆ ئەوەیە کێشەکە چارەسەر بکرێ، بۆیە هەرچییەك کە پێویست بێت، ئێمە بتوانین یارمەتی هەموو لایەك بدەین کە ئەم پرۆسەیە سەربکەوێ، ئێمە بەردەوام دەبین و چ لە ئێمە داوا بکرێ ئێمە ئەوە دەکەین، بەڵام بەخۆمان چ دەکەین؟ ئەوە بە هەقیقەت ئەوە بۆ هەردوولا جێهێڵراوە، چ داوا لە ئێمە بکرێ ئێمە ئەوە دەکەین، بەڵام وەکو پرەنسیپ ئێمە پشتگیریەکی بەهێز لەو پرۆسەیەی ئاشتی دەکەین، ئومێدەوارین پرۆسەی سیاسی لە تورکیا بگاتە ئاستێکی وا کە ئیتر شەڕەکە لەناو پەرلەمان بکرێ و پێویستی بە چەك و شەڕ نەمێنێ.))، ئەم هەڵوێستەی سەرۆکی کوردستان بۆ پشکداری لە دابینکردنی ئاشتی و سەقامگیری لەسەر ئاستی ناوچەیی و هەرێمی نیشانەیەکی دیکەی سیاسەت و لۆژێکی سەرۆك بارزانییە کە هەرێمی کوردستانی کردۆتە فاکتەرێك بۆ سەقامگیری و ئاشتی هەرێمی و وەك پەرلەمانتار ستراون ستیڤۆنسۆنیش لە ناو بارەگای یەکێتی ئەوروپا ئاماژەی پێکردو گووتی : ((لەگەڵ نزیك بوونەوەی هەڵبژاردەنەکانی عێراق لە مانگی کانوونی دووەمی داهاتوودا زۆرێك لە ئێمە لە یەکێتی ئەوروپا بڕوامان وایە کە رۆڵی سەرۆك بارزانی کلیلی ئەمان و ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنەیە، کە ئەمەش زامنی ئایندەیەکی گەشە بۆ عێراق لە رووی دیموکراسی و سەقامگیری و بریارەکانی ئەو وڵاتە، بۆیە شەرەفێکی گەورەیە کە سەرۆك بارزانی لێرە لەگەڵ ئێمە ئامادەیە.))،بێگومان ئەم رۆڵەی سەرۆك بارزانیش کە ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان دەیگێڕێت و ئامادەباشی هەرێمی کوردستانیش بۆ پشتگیری لەو سیاسەتی کرانەوەیەی حکومەتی تورکیا بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا پیادەی دەکات، ئەم لایەنەش بۆ یەکێتی ئەوروپا لەرۆڵی سەرۆك بارزانی لەعێراقدا کەمتر نییە، بۆیە جارێکی دیکە سەرۆك بارزانی سەلماندییەوە کە کلیلی ئەمانی پاراستنی ئاشتی و سەقامگیرییە لەسەر ئاستی هەرێمی و ناوچەکە و بەراستی مەبەستێتی کە وڵاتەکەی لەسەر بنەمایەکی راست بونیاد بنێتەوەو دەوڵەتی قانوون دابمەزرێنێت و لەسەر بنەمای رێز و بەرژەوەندی هاوبەش پەیوەندیی لەگەڵ دراوسێکانی دابمەزرێنێت.

## گەشتەکەی سەرۆک و هاندانی کۆمپانیاکانی یەکێتی ئەوروپا بۆ کوردستان

یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی بەرنامەی سەردانەکانی سەرۆك بۆ دەرەوەی وڵات، هەوڵدانە بۆ هاندان و سەرنجراکێشانی کۆمپانیا و سەرمایەدار و وەبەرهێنی بیانی بۆ ئەوەی بێنە کوردستان و بەشداری لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بکەن، ئەم هەنگاوە لەگەڵ ئەوەی هەنگاوێکە بۆ رێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستان، بەڵام لە هەمانکاتدا پیشاندانی ئەو رووە جوانەی حکومڕانیشە لەکوردستان بەوەی هەرێمی کوردستان دەیەوێت وەك کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی هاوچەرخ لەسەر بنەمای ئابووری بازاڕ ژێرخانی ئابووری خۆی بونیاد بنێتەوە و توانیویەتی ئەو زەمینە لەبارە دروست بکات کە سیستمی بانکی لەکوردستان دەست بەکاربێت و سەرمایەداران بتوانن لەکوردستانەوە پەیوەندیی بەبانکی جیهانییەوە بکەن، هەروەها نیشانەیەکی دیکەی ئەم دواکارییەی سەرۆك بارزانی ئەوەیە کە لەهەرێمی کوردستان سیستمێکی حکومڕانی هەیە، خۆی هەوڵدەدات کەرتی تایبەت لەکەرتی گشتی بەهێز تر بێت، هەموو ئەمانەش لای پەرلەمانتار و بزنسمان و خاوەن کۆمپانیاکانی یەکێتی ئەوروپا بەو ئاراستەیە دەخوێنرێنەوە، کە کوردستان ئەو زۆنە ئارامەیە کە بتوانرێت وەبەرهێنانی تێدا بکرێت و شایستەی ئەوەیە وەك زۆنێکی لیبرال دیموکراتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لێی بڕوانرێت.

**رۆڵی سەرۆک بارزانی کلیلی ئەمان و ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنەیە، کە ئەمەش زامنی ئایندەیەکی گەشە بۆ عێراق لە رووی دیموکراسی و سەقامگیری و بریارەکانی ئەو وڵاتە**

**یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی بەرنامەی سەردانەکانی سەرۆک بۆ دەرەوەی وڵات، هەوڵدانە بۆ هاندان و سەرنجراکێشانی کۆمپانیا و سەرمایەدار و وەبەرهێنی بیانی بۆ ئەوەی بێنە کوردستان و بەشداری لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بکەن**

پەرلەمانتاری یەکێتیئەوروپاستروانس ستیڤنسۆن لەساڵی ١٩٩٩ ەوە نوێنەرایەتی سکۆتلەندا دەکات لە پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپاو سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەوروپایە بۆ عێراق و دەکرێت بڵێین وەك نوێنەری تایبەتی یەکێتی ئەورپایە لە عێراقدا، ستراونس کە ماوەی چەند ساڵێکە لە عێراق کاردەکات یەکێك لەو ئامادەبوونەی کە رۆژی ٢٠٠٩/١١/١١ لە بارەگای پەرلەمانی ئەوروپا ئامادەبوو. کە بەرێز مسعود



ستروانس ستیڤنسۆن سەرۆکی شاندی یەکێتیئەوروپابۆ عێراق بۆ گوڵان:

# ئێمەش پەرۆشی ئەوەین کە بۆ بونیادی دیموکراتی

بارزانی سەرۆکی کوردستان تیایدا وتارێکی پێشکەشی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی یەکێتیئەوروپاکرد، بۆ قسەکردن لەسەر بایەخی وتارەکەی سەرۆك بارزانی و ئامانجی گەشتکەی بۆ یەکێتی ئەوریا، پەرلەمانتار ستروانس ستیڤینسۆن لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی لەسەر سەردانە سەرکەوتووەکەی و وتارە بەرنرخەکەی بارزانی دەربڕی، ئەمەش دەقی لێدوانەکەیەتی.



# لەگەڵ بارزانیدا شەریک بین لە هەرێمی کوردستاندا

*** سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ یەكێتی ئەورووپا و كۆبونەوەی لەگەڵ خافێر سۆلانا نیشانەی ئەوەیە ئەورووپا بایەخ بە عێراق دەدات، پرسیارەكە ئەوەیە چۆن سەردانی بارزانی دەخوێنێتەوەو بۆ یەكێتی ئەورووپا؟**

- ئەوە سەردانێكی گرنگ بوو لە لایەن سەرۆكی هەرێمی كوردستانەوە كە هەرێمێكی فیدرالیە، لە ڕاستیدا ئەم سەردانانە هەمیشە گرنگ بوونە، بەڵام ئەمجارەیان بایەخێكی زیاتری هەبوو، بەتایبەتی بەهۆی نزیكبونەوەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەكەی عێراق. ئێمە توانیمان گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە بكەین لەسەر ئەو یاسای هەڵبژاردنەی كە تێپەڕێنرا لەپەرلەمانی عێراقدا و لەسەر ئاكامەكانی ئەو هەڵبژاردنە، هەروەها سەرۆك بارزانی تێڕوانینی خۆی خستەڕوو بۆ ئایندەی كوردستان و داهاتووی عێراق.

*** ئێوە یەكێك بوون لە ئامادەبووانی پەرلەمانی یەكێتی ئەورووپا كاتێك سەرۆك بارزانی لەوێدا قسەی كرد، ئایا سەرۆك بارزانی ویستی چی بە ئەندامانی ئەو پەرلەمانە بڵێت؟**

- ئەو بە ئێمەی ڕاگەیاند ئەوەی پەیوەندی بە هەرێمی كوردستانەوە هەبێت ئەوا ئێمە توانیومانە ڕەوشێكی ئەمنی باشتر بهێنینەدی بە بەراورد بە بەشەكانی دیكەی عێراق. هەروەها من ئەوەم خستەڕوو- كە زۆرێك لە پەرلەمانتارانی ئەورووپا هاوڕابون لەگەڵمدا- كە دەكرێت شێوازی حكومڕانی لە كوردستاندا ببێتە مۆدیلێك بۆ بەشەكانی دیكەی عێراق، واتە هەرێمی كوردستان دەتوانێت ڕۆڵێكی گرنگ ببینێت بۆ ئەوەی ئەوە بۆ بەشەكانی دیكەی عێراق بخاتەڕو كە چۆن دەتوانرێت ئەم ئاسایش و ئارامیە بەدەستبهێنرێت. لەلایەكی دیكەوە سەرۆك بارزانی باسی لەوە كرد كوردستان شوێنێكی میسالیە بۆ ئەوەی یەكێتی ئەورووپا وەبەرهێنانی تێدابكات، لەم ڕوانگەیەوە هانی كۆمپانیاكانی ئەورووپای دا بۆ ئەوەی بێنە كوردستان و دەرفەتەكانی وەبەرهێنان بەچاوی خۆیان ببینن، لەم چوارچێوەیەشدا داوای یارمەتی كرد بۆ باشتركردنی كەرتی پەروەردە، تەندروستی و سیستمی قەزائی لە كورستاندا، لە ڕاستیدا ئێمەش پەرۆشی ئەوەین كە بچینە شەراكەتەوە لەگەڵ بارزانیدا بۆ یارمەتیدانایان لە هێنانەدی ئەم ئامانجانەدا.

**سەرۆك بارزانی باسی لەوە كرد كوردستان شوێنێكی میسالیە بۆ ئەوەی یەكێتی ئەورووپا وەبەرهێنانی تێدابكات، لەم ڕوانگەیەوە هانی كۆمپانیاكانی ئەورووپای دا بۆ ئەوەی بێنە كوردستان و دەرفەتەكانی وەبەرهێنان بەچاوی خۆیان ببینن**

*** ئێوە وەك سەرۆكی شاندی یەكێتی ئەورووپا بۆ عێراق، تێڕوانینتان چییە بۆ هەرێمی كوردستان و عێراق؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە بە قووڵی نیگەرانین لەدرێژكێشانی ناكۆكییەكان و ئەو تەقینەوانەی دوو هەفتە پێش ئێستا لە بەغدا ڕویاندا كە بونەهۆی كوشتنی ١٥٠ كەس و بریندار كردنی ٥٠٠ كەس، ئەمە تاوانێكە دژی مرۆڤایەتی و ئەمە كارەساتێكی دڵتەزێنە، هەروەها ئەمە نیشانەی ئەوەیە هێشتا لایەنگەلێك لە عێراقدا هەن پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن بۆ ئەوی كاریگەربن لەسەر بارودۆخە سیاسییەكە. ئەمەش بە هیچ شێوەیەك قابیلی قبوڵكردن نییە، ئێمە ئومێدەوارین ڕێگاچارەی دیكە بگیرێتەبەر بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشانە، كە من پێم وایە عێراقییەكان دەرفەتیان لەبەردەمدایە لەهەڵبژاردنی داهاتوودا ئەم ڕێگاچارەیە بگرنەبەر و ڕەزامەندی و شەرعیەتێكی دیموكراتی بدەن بە حكومەتە نوێیەكە ومن هیواخوازم هەمووكەس بەشداری لەو پرۆسەیەدا بكات. لەلایەكی دیكەوە ئومێدی ئێمە ئەوەیە پەرلەمانی داهاتوو پەرلەمانێكی عەلمانی و نەتەوەیی بێت و لە سەر بنەمای هاوڵاتیبوون مامەڵە بكات، نەك حكومەتێكی تائیفی دروست بكرێت كە تەنها بایەخ بە بەرژەوەندییە بەرتەسكەكان بدرێت، كە من پێم وایە لێرەدا لیستی كوردەكان و خودی سەرۆك بارزانی دەتوانن ڕۆڵێكی گرنگ ببینین لە هێنانەدی ئەم ئامانجەدا. لەم ڕوانگەیەوە گوێگرتن لە بیروبۆچونەكانی جێی بایەخی ئێمە بوون بە تایبەتی كە گفتوگۆمان لەبارەی هەڵبژاردنی داهاتوو كرد لەگەڵیدا.

*** ئێمە دەزانین بارزانی داوای یارمەتی زیاتری كرد بۆ پتەوكردنی ئەزموونی دیموكراسی لە كوردستاندا، ئایا یەكێتی ئەورووپا لەم ڕووەوە دەتوانێت چی بكات؟**

- یەكێك لە ڕێگاكان بریتییە لە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەی نێوان ئەندامانی پەرلەمان لەهەردوولا وەك هەنگاوی یەكەم بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە، بۆ نموونە، من خەڵكی سكۆتلەندام و من بانگهێشتی بارزانیم كرد بۆ ئەوەی سەردانی سكۆتلەندا بكات، كە پەرلەمانێكی ئۆتۆنۆمی هەیە و لە زۆر ڕووەوە هاوشێوەیی پەرلەمانی كوردستانە. كوردستان و سكۆتلەندا خاڵی هاوبەشیان زۆرە، هیوادارم بانگهێشتەكەمان قبوڵبكات و لە كاتی گونجاودا سەردانی بكات و لەسەر باڵاترین ئاست گفتوگۆبكرێت و من ئومێدەوارم هەندێك لە ئەندام پەرلەمانەكانی كوردستانیش یاوەری بكەن بۆ ئەوەی لە پەرلەمانی سكۆتلەندا گفتوگۆی زیاتر بكرێت و تێگەیشتنێكی باشتر لەسەر بارودۆخی عێراق و كوردستان لە پەرلەمانی سكۆتلەندا و یەكێتی ئەورووپادا گەڵاڵەبێت. سكۆتەلەندا پەرلەمان و حكومەتێكی ئۆتۆنۆمی هەیە و هێشتا بەشێكە لە شانشینی یەكگرتووی بەریتانیا، لەبەر ئەوە هاوشێوەی كوردستانە. ئامانجی من وەك سەرۆكی شاندی عێراق لەیەكێتی ئەورووپا ئەوەیە بانگهێشتی سەركردەی لایەنە سیاسییەكانی عێراق بكەم بۆ ئەوەی سەردانی برۆكسل بكەن، كە بەم شێوەیە دەتوانین خۆمان لە بەهەڵەلێكتێگەیشتن بەدووربگرین و دۆستایەتی بنیاتن بنێین و كار بۆ بەرژەوەندی عێراق و یەكێتی ئەورووپا بكەین.

*** بەشێكی گرنگی سەردانەكەی بارزانی تایبەتكرابوو بۆ قسەكردن لەبارەی ئاساییكردنەوەی پەیوەندیەكانی**





**هەرێمی کوردستان و تورکیا، لە نێویاندا چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیادا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك ئاساییکردنەوەی ئەم پەیوەندیانە دەبێتە هەنگاوێك بۆ ئەوەی تورکیا لە بەدەستهێنانی ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا نزیك ببێتەوە؟**

- ئەمە یەکێکە لە پرسە گرنگەکان و لە ڕاستیدا هاوشان بە کێشەی قوبرس، ئەمە یەکێکە لەو مەسەلانەی ئێمە هەمیشە جەختمان لەسەر کردۆتەوە لە گفتوگۆکانمان لەگەڵ تورکیادا بۆ ئەوەی لە ئایندەدا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، کە دەبێت ئەم دو کێشەیە چارەسەربکرێن و دەبێت تورکیا بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەری بکات بۆ ئەوەی ڕەزامەندی ئێمە بەدەست بهێنێت، کەواتە سەردانەکەی بارزانی لەم ڕووەوە گرنگ بوو، لەبەر ئەوەی ئێمە توانیمان بیروبۆچونی کوردەکان بزانین و لەم ڕووەوە ئێمە درێژە بە گفتوگۆمانمان دەدەین لەگەڵ حکومەتی تورکیادا بۆ ئەوەی بزانین بە چ شێوەیەك دەتوانین بگەینە چارەسەرێك کە جێی ڕەزامەندی بێت.

*** کوردەکان پێشبینی ئەوەیان دەکرد یەکێتی ئەوروپا ڕۆڵێکی زیاتر لە عێراق و کوردستاندا ببینێت، بەڵام ئەم ڕۆڵە بەو شێوەیە نیە کە چاوەڕوان دەکرێت، ئایا هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- یەکێتی ئەوروپا داراییەکی زۆری خەرجکردووە بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق، بەڵام بەهۆی ڕەوشی ئەمنیەوە ئێمە ناتوانین ئاڵای یەکێتی ئەوروپا لەسەر پرۆژەکان هەڵبدەین، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتە ئیستیفزازێك و دەبێتەهۆی ئەوەی ببێتە ئامانجی هێرشە توندوتیژیەکان، کەواتە یەکێتی ئەوروپا بە ملیارەها یۆرۆی بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق تەرخانکردووە، بەڵام ئەمە لای خەڵکی عێراق ئاشکرانیە کە ئێمە بەم شێوەیە یارمەتی ئەو وڵاتە دەدەین، ئەمەش سەختیەکە دەبێت بەسەریدا زاڵبین، لەبەر ئەوەی دەبێت خەڵکی عێراق بزانن کە لە لایەن هاوڵاتیانی ئەوروپاوە هاوکاری دەکرێن و شەراکەتێك هەیە لە نێوانیاندا. لە ڕاستیدا ئەو شاندەی ئێستا هەیە، مەبەستم شاندی عێراقی سەر بە پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپایە بۆتە شاندێکی ڕەسمی، ئەمە لە کاتێکدا پێشتر نارەسمی بوو، هەروەها من بە سیفەتی سەرۆکی ئەو شاندە ئامانجم ئەوەیە سەردانی بەغدا بکەم و ئەم شاندە بێنمە کوردستانیش، کە من ئەم پلانەم بە سەرۆك بارزانیش ڕاگەیاندووە کە بە نیازین سەردانی کوردستان و باقی بەشەکانی دیکەی عێراق بکەین. کە من بە ئیمتیازێکی گەورەی دەزانم بێمە کوردستان.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من هیوای خۆشبەختی بۆ خەڵکی کوردستانم دەخوازم. ئێمە لەم ڕۆژانەدا یادی بیست ساڵەی ڕوخانی دیواری بەرلینمان کردەوە کە بووەهۆی هێنانەدی ئازادی بۆ وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات کە ئێستا هەندێ لەو وڵاتانە ئەندامی یەکێتی ئەوروپان، کەواتە لە دوای هەمو گەردەلولێك خۆرهەڵدێت، هەروەها من دڵنیام دوای ئەو هەموو نەهامەتییەی بەسەر خەڵکی عێراقدا هات بەرەبەیانێکی نوێ سەرهەڵدەدات و ئەزمونی کوردستانیش دەبێتە مۆدێلێك بۆ بەشەکانی دیکەی عێراق لە چەسپاندنی ئاشتی و سەقامگیری و لە دوورخستنەوەی توندوتیژی.

**کوردستان و سکۆتلەندا خاڵی هاوبەشیان زۆرە، هیوادارم بانگهێشتەکەمان قبوڵبکات و لە کاتی گونجاودا سەردانی بکات و لەسەر باڵاترین ئاست گفتوگۆبکرێت و من ئومێدەوارم هەندێک لە ئەندام پەرلەمانەکانی کوردستانیش یاوەری بکەن**




سەرۆک بارزانی لە گەڵ ڤیۆرلۆ پرۆڤێرا (جێگری سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا)



ئەم فۆتۆیە لە لایەن ڤیۆرللۆ پرۆڤیرا ( جیگری سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا) بە تایبەتی بۆ گوڵان نێردراوە.

## ڤیۆرللۆ پرۆڤێرا جێگری سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا بۆ گوڵان:




**ڤیۆرللۆ پرۆڤێرا کە ئێستا جێگری سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی ئەوروپایە، ئەندامی گروپی دیموکراتی و ئازادیشە لەیەکێتی ئەوروپا، هەروەها ڕێکخەری کۆڕەکەی سەرۆک مسعود بارزانیش بوو لەناو بارەگای پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپادا، ئێمە وەک گۆڤاری گوڵان حەزمانکرد هەڵسوڕێنەرانی ئەو کۆڕەو ئامادەبووانی هۆڵی پەرلەمانی ئەوروپا لەسەر سەردانە سەرکەتووەکە سەرۆک بارزانی بۆ یەکێتی ئەورپا قسەمان بۆ بکەن، بۆیە پەیوەندیمان بە بەرێز ڤیۆرللۆ پرۆڤێرا جێگری سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپاوە کردو بەرێزی بەمجۆرە سەبارەت بەسەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** کۆبوونەوەی سەرۆک مسعود بارزانی لەگەڵ خافێر سۆلانا نیشانەی ئەوەیە یەکێتی ئەوروپا بایەخ بە عێراق و هەرێمی کوردستان دەدات، ئایا تاچەند سەردانەکەی بارزانی بۆ یەکێتی ئەوروپا سەرکەتوو بوو؟**

- ڕەنگە باشتربێت ئەم پرسیارە لە بارزانی بکرێت، بەڵام من پێم وایە مەبەستی سەردانەکەی بارزانی بۆ یەکێتی ئەوروپا ڕونکردنەوەی بارودۆخی عێراق بوو بەگشتی و کوردستانی عێراق بە تایبەتی بۆ ئێمە، بە تایبەتی بۆ ئەندامانی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا، هەروەها خستنەڕووی ئەو ڕەوش ئارام و سەقامگیرەی لە کوردستاندا هەیە، بەو پێیە من باوەڕم وایە ئەمە سەردانێکی سوودمەند بوو لەلایەن سەرۆک بارزانییەوە بۆ برۆکسل.

*** ئێوە یەکێک بوون لە ئامادەبووانی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا کاتێک سەرۆک بارزانی لەوێدا قسەی کرد، ئایا سەرۆک بارزانی ویستی چی بەئەندامانی ئەو پەرلەمانە بڵێت؟**

- ئەو داوای یارمەتی لەئێمە کرد بۆ باشترکردنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و باری دیموکراسی لەکوردستاندا.

*** ئێمە دەزانین زۆربەی لێدوانەکانی بارزانی تایبەت بوون بە بارودۆخ و ئایندەی کوردستانەوە، بەڵام ئایا تا چ ڕاددەیەک ئەم لێدوانانە جێی بایەخ و گرنگیپێدانی یەکێتی ئەوروپا بوون؟**

- لێدوانەکانی گرنگ بوون لەبەر ئەوەی سەرۆک بارزانی کەسایەتیەکی گرنگە، ئەو بۆ ماوەی چەند دەیەیەکە مێژوی کوردستانی دروستکردووە، هەروەها ئەو کەسێکە لەلایەن لە سەدا ٧٠ خەڵکی کوردستانەوە دەنگی بۆ دراوە، کەواتە مافی خۆیەتی لێدوان بدات لە بارەی ئایندەی کوردستانەوەو هەروەها لە بارەی سیاسەتی داهاتووی وڵاتی عێراقەوە. کەواتە گوێگرتن لێی جێی بایەخی ئێمەبوو. هەروەها قەناعەتی بەزۆرێک لە ئەندامە پەرلەمانەکان هێنا بە حەقیقەتی بارودۆخی عێراق و کوردستانی عێراق.

*** سەرۆک بارزانی لە گوتارەکەیدا و هەروەها پاشتریش لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەیدا، جەختی لەسەر ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان**

> سەردانەکەی بارزانی بۆ یەکێتی ئەوروپا ڕونکردنەوەی بارودۆخی عێراق بوو بەگشتی و کوردستانی عێراق بە تایبەتی بۆ ئەندامانی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا

**و تورکیا کردەوە و هەروەها تەقدیری ئەو سیاسەتی کرانەوەی کرد کە ئێستا حکومەتی تورکیا بۆچارەسەری کێشەی کورد هەڵیگرتووە، ئایا ئێوە چۆن سەیری ئەم باردۆخە تازەیە دەکەن؟**

- بارزانی تەقدیری سیاسەتی نوێی حکومەتی تورکیای بە سەرۆکایەتی ئەردۆغان کرد لەئاست کوردەکانی تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئێستاش تەقدیری دەکات، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە لەبەر ئەوەی ئێوە لەمن باشتر ئاگاداری ئەو نەهامەتیانەن کە لەڕابردودا بەسەر کوردەکانی تورکیادا هاتووە، کەواتە ئەمە بەرەوپێشچونێکە نەك تەنها لە کوردستاندا، بەڵکو لە هەموو عێراقدا پێشوازی لێدەکرێت.

*** ئایا خوێندنەوەی یەکێتی ئەوروپا بۆ هەوڵ و هەڵوێستی کوردەکان چییە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا، لە نێویاندا چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیادا؟**

- لە ڕاستیدا ئەوروپا پێشوازی لە هەموو سیاسەتێك دەکات کە ببێتەهۆی هێنانەدی سەقامگیری و ئاشتی لە ناوچەکەدا.



ئەوروپا پیشوازی لە هەموو سیاسەتێک دەکات کە ببێتەهۆی هێنانەدی سەقامگیری و ئاشتی لە ناوچەکەدا

*** ئێمە وەك هاوڵاتیانی کوردستان پێشبینی ئەوەمان دەکرد یەکێتی ئەوروپا ڕۆڵێکی زیاتر لە عێراق و کوردستاندا ببینێت، بەڵام ئەم ڕۆڵە بەو شێوەیە نییە کە چاوەڕوان دەکرێت، ئایا هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- یەکێتی ئەوروپا خوازیاری دەستێوەردان نییە لە سیاسەتی عێراقدا، لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە ئاڵۆزە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەتوانین هاوکاربین لە باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان پێکهاتەکانی عێراق و چەسپاندنی فیدراڵیزم بە چەشنێك هەموو بەشەکانی عێراق بتوانن پێکەوە کاربکەن بۆ بنیاتنانی ئایندەیەکی باشتر. ئێمە ئۆتۆنۆمیەکی بەهێز دەبینین لە کوردستاندا کە دەبێت ڕێزی لێبگیرێت.

*** ئێمە دەزانین بارزانی داوای یارمەتی زیاتری کرد بۆ پتەوکردنی ئەزموونی دیموکراسی لە کوردستاندا، ئایا یەکێتی ئەوروپا لەم ڕووەوە دەتوانێت چی بکات؟**

- ڕاستە یەکێتی ئەوروپا دەتوانێت لەم ڕووەوە یارمەتیدەربێت لە بەرەوپێشبردنی دیموکراسی لە عێراق و کوردستاندا لەبەر ئەوەی وڵاتانی کیشوەری ئەوروپا بۆ چەندین دەیە یان سەدە ئەزموونی دیموکراسیان هەیە، بەڵام من لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا دەبێت ئەوە ئەرکی ئێوەیە سوود لەو ئەزمونە وەربگرن و بەکاری بهێنن بۆ بنیاتنانی ئایندەی خۆتان.

*** دوا وتەت چییە؟**

- پەیامی من ئەوەیە متمانەتان بە خۆتان هەبێت، بۆ ئایندە بڕوانن، یەکگرتو و بن پێکەوە کار بۆ ئاشتی و سەقامگیری بکەن، ئەوڕاستیەتان لەبەرچاوبێت کە دیموکراسی ڕێگایەکی سەختە، بەڵام تاکە ڕێگایەکە بۆ ئەوەی وڵاتێکی ئێوە بیگرێتبەر.

# ئانا گۆمیز ئەندامی شاندی پەرلەمانی ئەورووپا بۆ عێراق بۆ گوڵان:




**خاتوو ئەنا گۆمیز ئەندامی لیژنەی دەرەوەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی ئەورووپایەو هەروەها ئەندامی شاندی یەکێتی ئەورووپاشە بۆ عێراق و یەکێك بوو لەو ئامادەبووانەی کە لەکۆڕەکەی بارزانی ئامادەبوو لە بارەگای یەکێتی ئەورووپاو هەروەها چەندین پرسیاری گرنگیشی ئاراستەی سەرۆك بارزانی کرد بەتایبەتی سەبارەت بەرەوشی بەرەو پێشەوەچوونی کۆمەڵایەتی لەکوردستان و هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، پێشتریش خاتوو ئانا گۆمیز چەند جارێکی دیکە سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووەو لە نزیکەوە لەسەر پرسەکانی هەرێمی کوردستان شارەزایی پەیداکردوو، خاتوو گۆمیز کە نوێنەرایەتی پورتوگال دەکات لە یەکێتی ئەورووپا، یەکێکە لە چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ و لە یەکێتی ئەورووپاش کار لەسەر دۆسیی عێراق دەکات، بۆ قسەکردن لەسەر سەردانەکەی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ یەکێتی ئەورووپا و کۆبوونەوەی لەگەڵ پەرلەمانتارانی ئەورووپا پەرلەمانتار ئەنا گۆمیز بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** سەرۆك مسعود بارزانی دوای هەڵبژاردنی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی یەکێتی ئەورووپای کرد، بۆیە حەزدەکەین لەبەڕێزت بپرسین ئایا تاچەند ئەم سەردانە سەرکەتوو بوو؟**

- سەردانەکەی بارزانی بۆ بڕۆکسل سەردانێکی ئیجابی بوو، لەم چوارچێوەیەدا پەیوەندی لەگەڵ تێکڕای دامەزراوەکانی یەکێتی ئەورووپادا کرد، بەڕێز بارزانی چاوی بەخافێر سۆلانا کەوت، بەڵام ئەو دانیشتنی لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی ئەورووپاشدا هەبوو، بۆ نموونە ئێمە دانیشتنی لیژنەی کاروباری دەرەوەی پەرلەمانی ئەورووپامان هەبوو لەگەڵ بەڕێز بارزانیدا. ئێمە تەقدیری ئەوە دەکەین کە کاتی خۆی بۆ ئەو گفتوگۆ ڕاشکاوانە تەرخانکرد و وەڵامی چەند پرسیارێکی پەیوەست بەبارودۆخی کوردستان و بارودۆخی عێراق بە گشتی دایەوە. ئێمە ئاماژەی بایەخدانمان بەدی کرد بۆ بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی عێراق بەگشتی و کوردستان بەشێوەیەکی تایبەتی لەگەڵ یەکێتی ئەورووپادا. ئێمە لە یەکێتی ئەورووپا ئەمە بەسەردانێکی گرنگ دەزانین و بیروڕای شەخسی من ئەوەیە دەبێت یەکێتی ئەورووپا زیاتر یارمەتی عێراقییەکان بدات لە دووبارە بنیاتنانەوەی دامەزراوەکان و ئابووری وڵاتەکە و باشترکردنی ڕەوشی ئەمنی، ڕاستە ئەمە ئەرکی عێراقییەکان خۆیانە، بەڵام دەبێت یەکێتی ئەورووپا زیاتر هاوکاریان بکات، لەبەر ئەوە ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا لێی بڕوانین ئەوا سەردانەکەی بەڕێز بارزانی سەردانێکی گرنگ بوو.

*** زۆربەی لێدوانەکانی سەرۆك بارزانی تایبەت بوون بەبارودۆخی عێراق و ئاییندەی کوردستانەوە، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەم لێدوانانە جێی بایەخ و گرنگیپێدانی یەکێتی ئەورووپا بوون؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەو نزیکەی سەعات و نیوێکی تەرخانکرد بۆ گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە لەگەڵ لیژنەی کاروباری دەرەوەی پەرلەمانی ئەورووپادا، لەم دانیشتنەدا چەندین پرسیار وورووژێنران کە بەجیددی وەری گرتن، پرسیارەکانیش پەیوەست بوون بەرەوشی کەمینەکان لەعێراق

سەردانەکەی بارزانی بۆ بڕۆکسل سەردانێکی ئیجابی بوو، لەم چوارچێوەیەدا پەیوەندی لەگەڵ تێکڕای دامەزراوەکانی یەکێتی ئەورووپادا کرد

و هەرێمی کوردستاندا، هەروەها پەیوەست بوون بەبارودۆخی ئافرەتان لەعێراق و بە تایبەتی لەهەرێمی کوردستاندا، من ئەوەم خستەڕوو کەڕێژەی ئافرەتان لەپەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا لە سەدا ٣٠ە.

هەروەها من ئاماژەم بەتاوانی کوشتن لەسەر شەرەف کرد کە نەریتێکە ڕیشەی چەسپاوی هەیە لەو ناوچەیەداو ئەوەشم خستەڕوو هەمیشە حکومەتی ئەو هەرێمە پێداگیری کردووە لەسەر گۆڕینی هزر و بیرکردنەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەمجۆرە تاوانە. هەروەها باس لەپەیوەندی هەرێمی کوردستان کرا بەحکومەتی مەرکەزییەوە کە ئەمەش پەیوەندییەکی گرنگە بۆ ئەوەی بتوانن بگەنە ڕێککەوتن لەسەر یاسای هەڵبژاردن تاوەکو لەکانوونی دووەمی داهاتوودا ئەنجام بدرێت، کە لەم ڕووەوە کێشەی کەرکوک یەکێك بوو لەگرفتەکان و ئێمە لەم ڕووەوە پرسیارمان لێکرد و ئاماژە بەوەکرا کەبێ گەیشتن بەڕێککەوتن لەسەر کێشەی کەرکوک ناتوانرێت ڕێککەوتنێك لەسەر تێپەڕاندنی یاسای هەڵبژاردن بکرێت. هەروەها گفتوگۆ لەبارەی نەبوونی ڕێککەوتنێك کرا لەسەر پەسەندکردنی یاسای نەوت و گاز کە چۆن ئەمە نەبۆتە ڕێگر لەبەردەم هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی گرێبەست لەبارەی نەوت و گازەوە لەگەڵ کۆمپانیاکاندا ئیمزابکات، بەڕێز بارزانی ئەوەی ڕوونکردەوە کە چۆن ئەمە لە بەرژەوەندی یەکێتی ئەورووپایە لەبەر ئەوەی هەمیشە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی گرنگە بە تایبەتی کە دەتوانێت ببێتە ڕێڕەوێك بۆ تێپەڕبوونی هێڵی نابوکو، هەروەها کێڵگە گازییەکانی عێراق ئەوانەی کەوتونەتە هەرێمی کوردستانەوە گرنگن بۆ ئەم هێڵە. کەواتە هەموو جۆرە پرسیارێك ئاڕاستەی بارزانی کرا و ئێمەش تەقدیری ئەوەدەکەین، بارزانی وەڵامی هەموو پرسیارەکانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە دایەوە. هەروەها ئەو کێشەکانی فەرامۆش نەکرد و وێنەیەکی ئیجابی خستەڕوو لە بارەی هەرێمی کوردستانەوە و پەرۆشی دەسەڵاتەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانی پیشاندا بۆ پەرەپێدان و بەرەپێشبردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ یەکێتی ئەورووپادا.

*** ئایا هەڵوێستی یەکێتی ئەورووپا چی لە ئاست بارودۆخی هەرێمی کوردستاندا، بە تایبەتی لە بارەی کێشەی ئافرەتان لەم هەرێمەدا؟**

- چەندین پرسیار وروژێنران لەمبارەیەوە کە گوزارشت بوون لەنیگەرانی ئێمە، هەروەها ئێمە هۆشیارین بەوەی هەرێمی کوردستان توانیویەتی ئاسایش بهێنێتەدی لەهەرێمەکەدا نەك تەنها بۆ کوردەکان بەڵکو بۆ تێکڕای ئەو عێراقییەکان لەو هەرێمەدان. لەهەمان کاتدا ئێمە پرسیارمان ئاڕاستەی بەڕێز بارزانی کرد لە بارەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیادا و ئێمە خۆشحاڵبووین بە لێدوانەکەی کە ئاماژەی بۆ بەرەوپێشچوونی بەرچاو کرد لە گفتوگۆکانیاندا لەگەڵ تورکیا. لە لایەکی دیکەوە پرسیار لە بارەی دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان کرا، نەك تەنها لەلایەن تورکیاوە، بەڵکو لەلایەن ئێران و دەوڵەتە سوننیەکانیشەوە، لە کاروباری ناوخۆیی عێراق و کاریگەری خراپی ئەم دەستێوەردانانە لەسەر ڕەوشی ئەمنی عێراق. ئەم پرسیارانەش گوزارشت بوون لەنیگەرانی و لە هەمان کاتدا لەئاگاداری ئەندام پەرلەمانەکانی یەکێتی ئەورووپا بەبارودۆخەکە. ئێمە خۆشحاڵبووین کە بەڕێز بارزانی خۆی لەوەڵامدانەوەی هیچ پرسیارێك لانەداو ئامادەبوو وەڵامی هەموو پرسیارەکان بداتەوە. ئەوە وێنەیەکی ئیجابی خستەڕوو بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەبەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانەوە هەبوو لەگەڵ تورکیادا و گوزارشتی لەنیگەرانی خۆی کرد لەکاریگەری دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان لەسەر ناسەقامگیرکردن و تێکدانی ڕەوشی ئەمنی لەعێراقدا. ئەو پابەندبوونی خۆی دوپاتکردەوە بەپاراستنی مافی کەمینەکان و مافی ئافرەتان و داوای لەیەکێتی ئەورووپا کرد کە هەر حاڵەتێکی جیاکاری بەدی دەکەن لەهەرێمی کوردستاندا لەدژی کەمینە و لە دژی ئافرەتان ئەوا دەسەڵاتەکانی هەرێم ئاگاداربکەنەوە، چونکە ئێمە ئامادەی قبوڵکردنی ڕەخنە و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان ئەگەرهەبێت و دەستنیشانبکرێت و ئامادەیی خۆشی دەربڕی کە شاندی یەکێتی ئەورووپا سەردانی هەرێمی کوردستان بکات بۆ ئەوەی لەنزیکەوە لە ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانە ئاگاداربن کە پەیوەستن بە مامەڵەکردن لەگەڵ کەمینەکان و ڕێزگرتن لەمافەکانی ئافرەت و مافەکانی مرۆڤەوە. ئەوەی پەیوەندی بەشاری موسڵەوە هەبێت ئاماژەی بەوەکرد کە مەسیحییەکانی ئەو شارە لەکاتێکدا کە ڕووبەڕبوونەوەی هێرشە تیرۆریستیەکان دەبوونەوە ڕوویاندەکردە هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی ئەو ڕاستیەیان لەبەرچاوبوو کە لەهەرێمی کوردستاندا باشتر دەپارێزرێن. ئەوەشی ڕوونکردەوە ئەم هێرشانە تەنها ڕووبەڕووی مەسیحییەکان نەدەبوونەوە بەڵکو چەندین موسڵمانیشیان کردە ئامانج. ئێمە خۆشحاڵبووین بەکرانەوەی بەڕێز بارزانی و بەئامادەبوونی بۆ قبوڵکردنی ڕەخنە لە حکومەتەکەی لەبوارە جیاوازەکاندا.

*** ئێوە پرسیارتان لەبارەی کوشتنی ئافرەتان لەسەر شەرەف کرد لەبەڕێز بارزانی، ئەتوانی ڕوونکردنەوەی زیاترمان پێبدەیت؟**

- من ئاماژەم بەوەکرد کە پێشتر سەردانی کوردستانم کردووەو خۆشحاڵ بووم بەوەی زۆرێك لەئەندامە پەرلەمانەکان ئەم کێشەیەیان بە نیگەرانی و گرفتێکی سەرەکی دەزانی کە ئەویش کێشەی خۆکوشتنە کە لەڕاستیدا ئەمە شاردنەوەی تاوانی کوشتنە لەسەر شەرەف کە دیاردەیەکە مایەی قبوڵکردن نییە و نابێت چاوپۆشی لێبکرێت، بەڵام ئەوەی بۆ من جێی ئاسوودەیی بوو ئەوەبوو پەرلەمانتارەکانی تێکڕای لایەنەکان خۆیان دەستپێشخەریان کرد بۆ زەقکردنەوەی ئەم کێشەیە و من پرسیارم لەبەڕێز بارزانی کرد کە تا چ ڕادەیەك حکومەت ستراتیجەتی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم کێشەیە، ئەو ڕایەگەیاند کە هۆشیارە بەم کێشەیە و حکومەتەکەی هەموو هەوڵێك دەخاتەگەڕ کە لەتوانایدابێت بۆ ڕیشەکێشکردنی ئەم دیاردەیە، بەڵام ئەمە دیاردەیەکە ماوەیەکی زۆری خایاندووە بۆ ئەوەی لەکەلتور و بیرکردنەوەی خەڵکدا

**بارزانی وەڵامی هەموو پرسیارەکانی بە شێوەیەی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە دایەوە و پەرۆشی دەسەڵاتەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانی پیشاندا بۆ پەرەپێدان و بەرەپێشبردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ یەکێتی ئەورووپادا**

**ئێمە خۆشحاڵبووین بەکرانەوەی بەڕێز بارزانی و بەئامادەبوونی بۆ قبوڵکردنی ڕەخنە لە حکومەتەکەی لەبوارە جیاوازەکاندا**

جێگیربێت، لەبەر ئەوە کاتێکی زۆریشی دەوێت بۆ ئەوەی ڕیشەکێشبکرێت، بەڵام ئەو ئامادەیە بۆ پێشوازیکردنی هەر هاوکاری و یارمەتییەك لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە لەم ڕووەوە و باسی ئەوەشی کرد کە چۆن بەرەوپێشچوون ڕوویداوە کە ئێستا لەسەدا ٣٠ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەئافرەت پێکهاتوون.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەبێتە هەنگاوێك بۆ ئەوەی تورکیا لە بەدەستهێنانی ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا نزیك ببێتەوە؟**

- لەم ڕووەوە چەند پرسیارێك لە سەرۆك بارزانی کرا و ئەو وێنەیەکی ئیجابی خستەڕوو لە بارەی بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیادا لەبەر ئەوەی دەست بە پرۆسەی گفتوگۆ کراوە، کە ئێمە لە یەکێتی ئەوروپاو لەپەرلەمانی ئەم یەکێتییە ئەمە بەئیجابی دەنرخێنین و ئێمە پشتگیری هەر کارێك دەکەین کەببێتەهۆی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و ڕێگە لەهەڵکشاندی بارودۆخەکە بگرێت وەك ئەوەی لەڕابردوودا تورکیا هێرشی دەکردە سەر خاکی عێراق. هەروەها ڕایگەیاند کە ئیدانەی هەموو جۆری تیرۆرێك دەکەین، هەروەها پشتگیری هیچ کارێك ناکەن کە لەلایەن پەکەکە ئەنجام بدرێت ئەگەر سروشتێکی تیرۆریستانەی هەبێت. ئەوەشی خستەڕوو کە دەسەڵاتەکان لەعێراق و کوردستاندا بەرگری لەسەروەری و یەکپارچەیی عێراق دەکەن و هێرشکردن قبووڵناکەن.

*** هەرێمی کوردستان ئومێدی زیاتری یەکێتی ئەوروپا هەبوو بەوەی ڕۆڵێکی زیاتر لە کوردستاندا ببینێت، بەڵام ئەم ڕۆڵە بەو شێوەیە نییە کە چاوەڕوان دەکرێت، ئایا هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- نابێت ئێوە کاریگەرییە خراپەکانی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە لەبەرچاونەگرن، کە لەم ڕووەوە لەئەوروپادا هەڵوێستی جیاواز هەبوو، هەندێ وڵات پشتگیریان کردو هەندێکیش بە نایاسایی لە قەڵەمیاندا، واتە هەڵوێستێکی یەکگرتوو لە ئارادانەبوو، بارزانیش ئەوەی دوپاتکردەوە کە داگیرکردنەکە کارێکی باشبوو لەو ڕووەوە کە بووەهۆی ڕزگارکردنی خەڵکی عێراق لەدیکتاتۆرییەتی سەددام، بەڵام دواتر کاروبارەکان بەخراپی بەڕێوەبران و هێزەکانی هاوپەیمانان دامەزراوەکانیان لەناوبرد و بۆشاییەکیان دروست کرد کە هێزە تیرۆریستیەکان سودیان لێوەرگرت. ڕاستە دابەشبوونی هەڵوێستەکان لە ئەوروپادا بووە هۆی دورخستنەوەی یەکێتی ئەوروپا لەعێراق، لە هەمان کاتدا بارودۆخی ئەمنیش یارمەتیدەر نەبوو، بەڵام ئێمە کارمان کردووە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم دابەشبوونانەدا و ڕاپۆرتێکمان لە پەرلەمانی ئەوروپادا تێپەڕاندووە کە من هەستاوم بە نوسینی و گفتوگۆیەکی بەرفراوانی لە بارەوە کراو لە پەرلەماندا، باسی ئەوەی تێداکراوە کە دەبێت ئەم جیاوازیی و دابەشبوونە نەمێنێت لە هەڵوێستەکاندا و یەکێتی ئەروپا وەبەرهێنانی زیاتر بکات لە عێراقدا و زیاتر لەو وڵاتە نزیکببێتەوە. ڕاستە هێشتا ڕاپۆرتەکان لە بارەی باری ئەمنی عێراقەوە هاندەرنین بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لە وڵاتەدا بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، وورده وورده یەکێتی ئەوروپا ئاشنادەبێت بە دەرفەت و هەلی کار و بازرگانی لە هەرێمی کوردستاندا کە ئەمەش کاتی دەوێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بۆچونی ئێمە ئەوەیە کاربکرێت بۆ یارمەتیدانی عێراقییەکان لە بنیاتنانی دامەزراوەکان، لە پتەوکردنی دیموکراسی و بەرەوپێشبردنی پرۆسەی چاکسازی و بوژاندنەوەی ئابووری.

*** ئایا هەڵبژاردنەکانی داهاتوو لە عێراقدا دەبنەهۆی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی ئەم وڵاتە لە نێویاندا کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا؟**

- نەك تەنها هەڵبژاردنەکان بەڵکو هەموو بوارەکانی دیکە بۆ یەکێتی ئەوروپا گرنگن، بۆ نموونە باشتربوونی ڕەوشی ئەمنی، هەرچۆنێك بێت هەڵبژاردنەکان دەرفەتێکی گرنگن بۆ هێنانەدی حکومەتێکی دیموکراتی، هەڵبژاردنەکانیش گرنگ لەبەر ئەوەی دەبنەهۆی دووبارە داڕشتنەوەی پەیوەندییەکان لەنێوان لایەنەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان و بەرەپێشبردنی پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی. چونکە دەبێتە بناغەیەك بۆ عێراقی دیموکراسی کە تێیدا تێکڕای لایەن و گروپەکان نوێنەرایەتیان هەبێت لەم حکومەتەدا و دەرفەتی بەشداری کردنیان هەبێت لە بەڕێوەبردن و هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی عێراقدا. لەگەڵ ئەوەشدا بەرەوپێشچوونی بارودۆخی عێراق و باشتربوونی ڕەوشی ئەمنی و چەسپاندنی سەقامگیری تەنها بەهۆی هەڵبژاردنەوە نایەنەدی، بەڵکو پێویستە هۆکارەکانی دیکەش لەبەرچاوبگرین.


*** دوا وتەت چییە؟**

- ئەوەندەی من ئاگاداربم هەرێمی کوردستان بەشداربووە لە پاراستنی یەکێتی عێراق و ئەم هەرێمە بەشێکە لە چارەسەر نەك لە کێشەکە، پاراستنی یەکێتی عێراقیش نەگونجاو نییە لەگەڵ ئەو ئۆتۆنۆمیەی هەرێمی کوردستان هەیە. هەروەها ئەوەش ڕاستە کە هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی ئارامە بۆ زۆرێك لە عێراقییەکان و من هیوادارم ئەو بارودۆخی ئەمنیەی لە کوردستاندا هەیە بەشەکانی دیکەی عێراقیش بگرێتەوە و، هەموو پێکهاتەکانی عێراقیش هەست بەوە بکەن مافەکانیان پارێزراوە، ئێمە ئومێدەوارین دیموکراسی و فیدراڵی لە عێراقدا بێتەدی، بۆ ئەوەی هەرێمەکان ئۆتۆنۆمیان هەبێت، بەڵام هەمویان بەشداربن لە پاراستنی یەکێتی نیشتیمانی عێراقدا، عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە هەروەك بەڕێز بارزانیش باسی کرد، لەبەر ئەوە سەقامگیری ئەم وڵاتە نەك هەر کاریگەری لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت بەڵکو کاریگەری لەسەر ئاسایشی جیهانیش دەبێت. ئومێدی ئێمە ئەوەیە نەهامەتی و ئاسەوارەکانی سەرکوتکاری و شەڕەکانی ڕابردوو لەسەر خەڵکی عێراق نەمێنێت و عێراقییەکان ئەوەیان لەبەرچاوبێت کە دەتوانن سەرەڕای جیاوازییەکانی پێکەوەبژین ئەگەر ڕێز لە جیاوازییەکانی یەکتری بگرن و زۆرینە مافی کەمینەکان پێشێل نەکات.

دابەشبوونی هەڵوێستەکان لە ئەوروپادا بووە هۆی دورخستنەوەی یەکێتی ئەوروپا لەعێراق، بەڵام دەبێت ئەم جیاوازیی و دابەشبوونە نەمێنێت لە هەڵوێستەکاندا و یەکێتی ئەروپا وەبەرهێنانی زیاتر بکات لە عێراقدا

ئەوەندەی من ئاگاداربم هەرێمی کوردستان بەشێکە لە چارەسەر نەک لە کێشەکە

# تورکمانەکان لەتاکتیک و خۆسازدانیاندا بۆ گەمەی هەڵبژاردن



**فەرید ئەسەسەرد**

**دوو هەفتە جارێک دەینووسێ**

بەدڵنیاییەوە تورکمانەکان لەهیچ هەڵبژاردنێکدا هێز پێك ناهێنن و ژمارەی ئەندامانیان لەئەنجومەنی ئێستای نوێنەراندا ٧ کەسە کەدەکاتە دەوروبەری ٣٪ی سەرجەمی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران. بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کەتورکمان کەمینەیەکی گرنگ نیە.

بەدڵنیاییشەوە تورکمانەکان بە بایەخێکی زۆرەوە دەڕواننە هەڵبژاردنی داهاتوی ئەنجومەنی نوێنەرانء لەئێستاوە کەوتونەتە دانانی نەخشەی گونجاو بۆ بەدەست هێنانی ئەنجامێکی باشتر لەوەی کە لەساڵی ٢٠٠٥دا بەدەستیان هێناوە.

کێشەی تورکمان لەوە دایە کەهەڵبژاردنء سەرژمێری دانیشتوان دەشێ گێچەڵێکی زۆریان بۆ بنێنەوە چونکە لەهەڵبژاردندا قەوارەی سیاسییان ئاشکرا دەبێء لەسەرژمێردا قەوارەی دیموگرافییان. تورکمانەکان بۆ خۆیان دەڵێن ژمارەیان لەعیراقدا خۆی لەسێ ملیۆن کەس دەدا. کاتێك ئەو سێ ملیۆن کەسە لەهەڵبژاردندا تەنها حەوت کەسی پی بگەیەنرێتە ناو ئەنجومەنی نوێنەران، دەبێ مەسەلەکە بەشێوەیەکی تر بیری لێ بکرێتەوە. لەکۆبونەوەی مانگی ئەیلولی رابردوی نێوان نوێنەرانی تورکیاو گروپە تورکمانەکاندا لەئەنکەرە، نوێنەرانی تورکیا هەڕەشەیان کرد کەئەگەر تورکمانەکان لەهەڵبژاردنی داهاتوی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا ١٠٪ی کورسییەکان بەدەست نەهێنن، هاوکاریی ماددییان لێ دەبڕن.

لێرەدا مەسەلە مەسەلەی گوشارو هەڕەشە نیە چونکە سەنگی دیموگرافیی تورکمان لەعیراقدا لێی رانابینرێ بتوانێ سەرکەوتنی بەرچاویان بۆ بەدەست بێنێء لەڕاستیشدا هیچ گروپێکی دانیشتوان ناتوانێ ئەنجامی گەورەتر لەقەوارەی خۆی بەدەست بێنێ.

ئەمە بەم واتایە دێ کەهێزی سیاسیی تورکمان ناتوانێ لەسنوری قەوارەی دیموگرافییان وەك کەمینە بترازێ. رەنگە دیارترین تاکتیکی تورکمانەکان بۆ بەدەست هێنانی زۆرترین دەنگ لەهەڵبژاردنی داهاتوودا، چونە ناو لیستەکانی ترە. ئەگەرچی دەشێ بەرەی تورکمانی بەلیستێکی سەربەخۆ بەشداری لەهەڵبژاردندا بکاو دەنگێکی زۆری تورکمانەکانی کەرکوكء موسلء هەرێم بەدەست بێنێ. بەڵام هیچ گەرەنتییەك نیە کە لەیەك کورسی زیاتر بەدەست بێنێ، وەك ئەوەی کە لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥دا رویدا. گروپەکانی تر بە بەرنامە پەیوەندییان بەلیستەکانی ترەوە کردوەو هەر یەکێکیان چۆتە ناو لیستێکەوەو لەم سەروبەندەدا پارتی تورکمان ئیلی لەلیستی ئیئتیلافی نیشتمانیدا جێی بۆ خۆی کردۆتەوەو یەکێتیی ئیسلامیی شیعیی عەباس بەیاتی لەگەڵ لیستەکەی نوری مالکیدا یەکی گرتۆتەوەو گروپەکەی جەمال شان چۆتە ناو لیستەکەی ئەیاد عەللاویء دواتریش پارتی عەدالەت خۆی لەگەڵ لیستی حزبی ئیسلامیی عیراقدا یەکخست .

ئەزمونی تورکمان لەم هەڵبژاردنەدا لەئەزمونی هەمو پێکهاتەکانی تر جیاوازترە چونکە تورکمانەکان نە لەئەنکەرە، سەرەڕای یارمەتیء هاندانی تورکەکان، لەسەر پێکهێنانی لیستێکی یەکگرتوو رێککەوتن نە لەکۆبونەوەکەی ئوتێلی مەنسوری بەغداو لەهەمان کاتیشدا فرە لیستییەکەشیان بەم مانایە نیە کەهەر گروپێکیان بەلیستێکی جیا دەچێتە هەڵبژاردنەوە، بەڵکو زیاتر بەم مانایە دێ کەهەر گروپێکیان بەپێی لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی خۆی، دەچێتە ناو لیستێکی عەرەبی سوننەو شیعەوە بۆ ئەوەی لەم رێگەیەوە زۆرترین کورسیی ئەنجومەنی نوێنەرانیان چنگ کەوێ. شکستی تورکمان لەپێکهێنانی یەك لیستی یەکگرتو شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کەناوماڵی تورکمان ئەوەندەی لەناوەوە کێشەی هەیە، ئەوەندە لەگەڵ دەرەوە کێشەی نیە.

بچوکترین گومان لەوەدا نیە کەتورکمانەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەیانەوێ سود لەلیستە گەورەکان وەرگرن، بەڵام دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بێ کەلیستە گەورەکانیش بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەیانەوێ سود لەتورکمان وەرگرن. هەر چۆنێك بێ، ئامانجی هەمو تاکتیکەکانی تورکمان بەدەستهێنانی رێژەی ١٠٪یە کەئەنکەرە داوای لێ کردون بەدەستی بێنن. هیچ گومانێکیش لەوەدا نیە کەتورکمانەکان لێبڕاوانە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم رێژەیە دەدەن بەڵام گومان هەیە بتوانن بەدەستی بێنن.

# هەرکەسێک حکومڕانی بەغدا بکات دەبێت داواکارییەکانی کورد جێبەجێ بکات



**پرۆفیسۆر چەیم کۆفمان لەوتارێکی تایبەتیدا بۆ گوڵان:**

* * *

**پرۆفیسۆر کۆفمان کە ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی لیهی (Lehigh University) و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کێشە ئیتنییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتی و کورد بەتایبەتی، پرۆفیسۆر کۆفمان ئەمە جاری یەکەم نییە لەبری دیمانە وتاری تایبەت بۆ گوڵان دەنووسێت، مەرجی لەسەر گوڵانیش بۆ ئەو وتارانەی دەینووسێت ئەوەیە کە بەکوردی لە گۆڤارەکە و بە ئینگلیزی لە ویبسایتی گوڵان بڵاو بکرێتەوە، ئێمە هەموو جارێك لەگەڵ پرۆفیسۆر کۆفمان ئەو بەڵێنەمان لە نێواندا هەبووە و جێبەجێمانکردووە، بۆیە ئەمجارەش دەقی ئەم وتارە بەکوردی لەسەر لاپەرەکانی گوڵان بڵاو دەکەینەوە و بە کوردی و بە ئینگلیزیش لە ویبسایتی گوڵان بڵاویدەکەینەوە،شایەنی باسە ئەم وتارانەی بۆ گوڵانی دەنووسێت پرۆفیسۆر کۆفمان لە (CV) خۆی تۆماری دەکات . ئێمە بۆ باردۆخی ئەمرۆی عێراق و ئاییندەی کورد لە عێراقدا پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر کۆفمان کرد کە وتووێژی لەگەڵ بکەین، بەڵام خۆی پیی باش بوو وتارێك بنووسێت، ئەمەش دەقی وتارەکەی پرۆفیسۆر کۆفمانە بۆ گوڵان.**

* * *

## کورد و هەڵکردن لەگەڵ عێراقی نوێدا

لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٠دا کوردەکانی عێراق لە پێگەیەکی دژواردان. بەپێی تێگەیشتنی من کوردەکانی عێراق چەند داواکارییەکیان هەیە لە هەر کەسێك کە حکومڕانێتی بەغدا بکات:

-یەکەم، دەستێوەردان لەکاروباریاندا نەکرێت واتە بەهێزترین ئۆتۆنۆمی کە مومکین بێت بۆ کوردستانی عێراق دابین بکرێت.

- دووەم، ڕێگە بە سەرهەڵدانەوەی حزبی بەعس یان یان هەرلایەنێکی دیکەی هاوشێوەی بەعس نەدرێت.

-سێیەم، سنووری هەرێمی کوردستان دیاریبکرێت لە نێویاندا ئەو ناوچانەی تا مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ لە لایەن پێشمەرگەوە بەڕێوەدبردران، هەروەها ئەو ناوچانەی کوردەکان پێیان وایە بە سروشتی خۆیان ناوچەگەلێکی کوردین--موسڵ و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی پارێزگای موسڵ، خانەقین و باکوری دیالە و تێکڕای پارێزگای کەرکوك.

-چوارەم، کۆتاییهێنان بەو توندوتیژییەی لە لایەن عەرەبە سوننەکانەوە ئاڕاستەی کوردەکان دەکرێت، لە لایەن کەمینە مەحەلیەکانەوە بە تایبەتی تورکمانەکانەوە.

-پێنجەم، کۆتایهێنان بەو هەڕەشانەی لە توندوتیژی سوپای عێراقییەوە سەرچاوەدەگرن.

-خاڵی کۆتایی،کۆنترۆڵکردنی تێکڕای یان زۆرێك لەداهاتەکانی نەوتی باکوری عێراق، یاخود ڕێککەوتنێك بۆ دابەشکردنی داهاتی بە چەشنێك هەرێمی کوردستان "بەشی عادیلانەی"خۆی پێبدرێت لەسەر بنەمای دانیشتوان.

### ئەگەری ئەوە هەیە کوردەکان بتوانن تەنها یەکەم دوو داواکاری بەدەست بهێنن

لەڕاستیدا پێویست بە نیگەرانی ناکات لە بەعسییەکان. لەبەر ئەوەی حزبی بەعس لەناوچووە و کۆتایی هاتووە. گرنگە ئەوەمان لەیادبێت کە لە سایەی دەسەڵاتی سەددام حوسێندا عێراق دەوڵەتی تاکحزبی بوو کە تێیدا هەر کەسێك خوازیاری ئەوەبوایە لە بوارەکەی خۆیدا بەرەوپێشبچێت دەبوو پەیوەندی بە حزبی بەعسەوە بکردایە. ئەوە ڕاستە کە زۆرێك لە عەرەبە سوننیەکان ئەوانەی ئێستا هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی دەدەن لە پێش ساڵی ٢٠٠٣دا بەعسی بوون،بەڵام هۆکاری بەعسیبوونی زۆرێکیان بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ناچاربوون ببنە بەعسی. بەهێزترین پارتە سوننیەکانی ئێستا پارتە ئیسلامیەکانن. ئەوەش ڕاستە کە لیستی ئەلحەدبا لە نەینەوا زۆرێك لە کۆنە بەعسیەکانی لەخۆگرتووە، بەڵام ئەوەی ئەوان هەوڵی بۆ دەدەن بەدەستێهنانی دەسەڵاتە بۆ عەرەبەکان، نەك گەڕاندنەوەی ڕژێمە کۆنەکە. ئەو گرفتە سیاسیانەی کوردەکان لە عێراقدا ڕوبەڕووی دەبنەوە کێشەگەلێکی جیددین بەڵام کێشەی ئایدۆلۆجی یان تەنانەت ئاینی نین.

ولاتە عەرەبیەکان، بە تایبەتی سعودیە پشتگیری پارتە عەرەبیە سوننیەکان یان یاخیبوونی سوننی دەکەن، بەڵام پاڵنەری ئەم کارەیان پەیوەندی بە ئایدۆلۆجیاوە نییە. سعودییەکان نیگەرانن لە کەمینەی شیعەی وڵاتەکەی خۆیان و هەوڵی ئەوە دەدەن شیعەکانی عێراق کە زۆرینەن سەرقاڵ بکەن لە ڕێی بەهێزکردنی عەرەبە سوننەکانەوە. لەم کارەشیاندا گرنگی بەوە نادەن ئەم سیاسەتە چ کاریگەریەکی دەبێت لەسەر کوردەکان.

ئەوەی مایەی تێگەیشتنە ئەوەیە کوردەکان خۆشحاڵنین کە حکومەت—کە دەتوانین بڵێین پارتە شیعە سەرەکیەکان—ئامادەنیە بڕگەکانی دەستوری ٢٠٠٥ جێبەجێ بکاتن کە ڕێگە بە دروستبوونی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی لە باکووردا دەدات کە لە چوار پارێزگا پێکهاتبێت، کەرکوك پارێزگای چوارەم دەبێت. لێرەدا دو مەسەلە لە ئارادایە: یەکەم، کوردەکان دەیانەوێت لە دولاوە سوودمەندبن، بڕگەیەك نیە لە دەستوردا ڕێگە بدات هەرێمی باکور ناوچەکانی دیکە بکاتە بەشێك لەخۆی—کە بریتین لە موسڵ و خانەقین. هەرچەندە هێزە کوردیەکان کۆنترۆڵی تێکڕای ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانیان کردووە، بەڵام ئەمە بەس نییە بۆ ئەوەی بتوانن کۆنترۆڵی

> **ئەو گرفتە سیاسیانەی کوردەکان لە عێراقدا ڕووبەڕووی دەبنەوە کێشەگەلێکی جیددین بەڵام کێشەی ئایدۆلۆجی یان تەنانەت ئاینی نین**

سیاسی سنوورەکانی نێوان کورد و عەرەبەکان بکەن. کوردەکان کەمینەیەکی بچووکن هەم لە نەینەوا و هەم لە دیالەشدا، هەڵبژاردنی ڕابردوی مانگی کانوونی دووەم دەسەڵاتی سیاسی لێ داماڵین. تا ئەو کاتەی هێزە کوردییەکان لەم پارێزگایانەدا بمێننەوە، ئەوا سیاسەتی پێکهاتەکانی دیکە زیاتر دەبنە سیاسەتێکی دژەکورد. دووەم، پارتە شیعە سەرەکییەکان لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٥دا ڕازیبون لەسەر ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر کەرکوک، نەك لەبەر ئەوەی ئەوان پێشوازیان لەم هەنگاوە دەکرد بەڵکو لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا، زۆر نیگەران بوون لەوەی یاخیبونی سوننە سەرکێشی بکات بە دروستکردنی ناکۆکییەوە لەگەڵ کوردەکانیشدا. لە کاتێکدا لە ئێستادا زیاتر متمانەیان بەخۆیان هەیە ئەوا ڕێگانادەن هەرێمی ئۆتۆنۆمی باکور کە کەرکوکیش لەخۆبگرێت بە شێوەیەکی یاسایی خۆی ڕێکبخات، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە نەتوانرێت بە پشتبەستن بە باری یاسای کەرکوك کۆنترۆڵی ڕەوشی ئەو پارێزگایە بکرێت، کوردەکان لە کەرکوکدا لە پێگەیەکی بەهێزتردان بە بەراورد بە پارێزگای دیالە و نەینەوا، بەڵام ئەوانەی وەك ئێوە کە لە ناو واقعەکەدان باشتر ئاگادارن وەك لە من.

توندوتیژی لە سنوورە کوردییەکاندا کۆتایی نایەت تاوەکو کۆنترۆڵی سیاسی لەو ناوچانەدا هاوشان نەبێت بە باری نیشتەجێبون و دانیشتوانی ناوچەکە. لە ڕووی عەمەلیەوە ئەمە بەو مانایەدێت کە تیرۆریزم لە ڕۆژهەلاتی نەینەوادا کۆتایی نایەت تاوەکو پێشمەرگە نەکشێتەوە. لەوەش زیاتر، تاوەکو شەڕەکە زیاتر درێژەبکێشێت، ئەوا زیاتر عەرەبەکان ڕقئەستوورتردەبن، کە ئەمەش دەرئەنجامی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە بۆ ئەو خەڵکە مەدەنییە کوردەکەی بەجێدەمێنن. لە باکوری دیالە مەترسی سەرەکی ئەوەیە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سوپای عێراقیدا لە شەڕی لێدوانەوە بگۆڕێت بۆ شەڕی ڕاستەقینە. حکومەتی بەغدا بەم زوانە پەنا بۆ ئەم کارە نابات و ئەگەر ئەم کارەش بکات لەسەر ئاستێکی بچوك نایکات. ئەوان ئەو ڕاستیە دەزانن کە پێشمەرگە بەهێزە، هەرچەندە وەك هەمیشە لە مێژوودا وابووە—ئەوەندە بەهێزنین بتوانن بەرە بە پێشڕەوی حکومەتی عێراقی بگرن کاتێك حکومەت تێکڕای تواناکانی خۆی بەکاردەهێنێت لە دژیان. هەروەها شیعەکان ئەوەیان لەبەرچاوە کە پێش ئەوەی ڕووبەڕووی کورد ببنەوە دەبێت سەرەتا لەگەڵ سوننەکان بگەنە ڕێککەوتن و پارتە سەرەکییەکانی شیعەش ئامادەنین داواکاری سوننەکان بهێننەدی—کە بریتیە لە دەسەڵاتی سیاسی ڕاستەقینە. من ناتوانم پێشبینی دەرئەنجامەکە بکەم لە کەرکوکدا.

لە داهاتویەکی نزیکدا ئەگەری ئەوە هەیە هەڵبژاردنەکان ببنەهۆی هەڵکشانی توندوتیژی--بە تایبەتی لە سنوورە کوردیەکاندا.لەسەر ئاستی وڵاتەکە ئەگەر گرەوی مالیکی بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتیەکە کە تێکڕای پێکهاتەکان لەخۆبگرێت سەرکەوتووبێت، ئەوا ڕەنگە ئەمە سەربکێشێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیە سەرەکیەکانی نێوان شیعە و سوونەکان. ئەمەش هەواڵێکی زۆر ناخۆش دەبێت بۆ کوردەکان. بەڵام هیچ شتێك لە مێژووی ئەم دواییەی عێراقدا نییە ئەوە بخاتەڕوو کە مالیکی یان هەر کەسێکی دیکە بتوانێت خۆی لە دووبارەبونەوەی ئەو نەریتە لابدات کە دەنگدان لەسەر بنەمای ئیتنی و تائیفی دەبێت. هەروەها من باوەڕم وانییە مالیکی جیددی بێت لەهەوڵەکانیدا بۆ هێنانەدی ئاشتەواییەکی ڕاستەقینە. پاڵنەری سەرەکی مالیکی نائۆمێدبوونیەتی دوای ئەوەی ڕەوتی سەدر و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق ڕایانگەیاند کە باجی ئەوان بۆ بەردەوامیدان بە هاوپەیمانێتی پارتە ئاینیە شیعەکان بریتیە لە خودی مالیکی خۆی.

هەروەها کوردەکان خۆشحاڵنین کە بڕگەکانی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ی پەیوەست بە داهاتی نەوتەوە، کە نزیکەی کۆنترۆڵی تەواو دەدات بە هەرێمەکان، ڕێزیان لێنەگیراوە. لە بری ئەوە حکومەتی ناوەندی ئەوەندەی لە توانایدا بێت کۆنترۆڵی ئەم داهاتەی کردووە. ئەمەش دووبارەبوونەوەی هەمان حاڵەتە کە بەسەر ئەو ئەگەرەدا هات کە کەرکوك ببێتە بەشێك لە هەرێمی ئۆتۆنۆمی باکور. لە هاوینی ٢٠٠٥دا شیعەکان لە ئەنجامی ترسیان لە سوننەکانەوە سازشیان بۆ کوردەکان کرد. لەبەر ئەوەی ئێستا تا ڕاددەیەکی گەورە یاخیبونی سوننی شکستی پێهێنراوە—ئەوەی ماوەتەوە ئاڕاستەی کوردەکان کراوە، نەك شیعە—ئەوانیش ترس دایاننا گرێت و دەست لە هیچ دەسەڵاتێك هەڵناگرن ئەگەر ناچارنەکرێن. هەروەها نە کورد و نە هیچ لایەنێکی دیکە ناتوانن بەغدا ناچار بە گۆڕینی سیاسەتەکانی بکات لە ئاست ئەم پرسەدا.

ئەوەی بۆ کوردەکان زۆر سودمەندە کە بتوانن لە بارەی نەوتەوە بیکەن ئەوەیە پەیوەندی لەگەڵ تورکیادا گرێبدەن. تاوەکو زیاتر نەوت لە باکورەوە بڕوات، یاخود ئەگەری ئەوەی هەبێت لە باکورەوە بڕوات، ئەوا پێگەی گفتوگۆکردنی کوردەکان بەهێزتر دەبێت.

دوایین شت ئەوەیە ئایا ئەمەریکا دەتوانێت یان ئامادەیە هیچ کارێك بکات لەم ڕووەوە. وەڵامەکە بریتیە لە نەخێر نەخێر. یەکەم، ئیدارەی نوێی ئەمەریکا خوازیاری جێهێشتنی عێراقە. ئومێدی ئەوەیە ئاستی ئێستای توندوتیژی—نزیکەی ٤٠٠-٥٠٠ کوژراوی مەدەنی لە مانگێکدا--ئاڵۆزترنەبێت لە کاتێکدا کە دەکشێینەوە. بەڵام ئێمە هەر دەکشێینەوە گرنگ نیە چی ڕوودەدات. دووەم، حاڵی حازر هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا توانایەکی سنووردواریان هەیە. بە پێی ڕێککەوتنەکەی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٨ هێزەکانی ئەمەریکا ناتوانن بنکەکانیان جێبهێڵن بە بێ مۆڵەتی حکومەتی عێراقی. دوایین خاڵ کە لە هەمووی گرنگترە ئەوەیە ئەمەریکا چیتر شەرعیەتی نەماوە لە عێراقدا. لە ڕووی عەمەلیەوە تێکڕای عەرەبەکانی عێراق، سوننە و شیعەکان—تەنانەت ئەوانەی لە ڕابردوودا بوونی ئێمەیان بە سوودبەخش دەبینی و ئەوانەی ئێستاش مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بە باش دەزانن-- خۆشحاڵنین بە بوونی ئەمەریکا یاخود ڕقیان لە ئەمەریکایە لەبەر ئەو غرورەی لە ئەمەریکیەکاندا هەیە و لەبەر ئەوەی ئێمە پشێویمان لەو وڵاتەدا خوڵقاندووە. تەنانەت لەوەش گرنگتر، هەمو سیاسیە عەرەبەکان داواکاری نەتەوەیی بەرزدەکەنەوە و لەسەر ئەو بنەما و بانگەشەیە ململانێی یەکتر دەکەن کە ڕۆڵیان هەبووە لە دەرپەڕاندنی ئەمەریکا لە عێراقدا. بەلای کەمەوە لە ماوەی دەیەکانی داهاتوودا ئەمە دەبێتە خیتابێکی ستاندار لە ژیانی سیاسی عێراقدا. ( هەمان شت لە ئەمەریکادا ڕوویدا دوای شۆڕشەکەمان دژی بەریتانییەکان و لە هەموو وڵاتێکیشدا دووبارە دەبێتەوە کە خۆی بە "ڕزگاربوو" وەسف بکات لە کۆنترۆڵی هێزی دەرەکی.) تەنها پێکهاتەیەکی عێراق کە حەز بە مانەوەی ئەمەریکا دەکەن کوردەکانن—ئەوانیش لە ماوەیەکی نزیکدا هەستدەکەن خیانەتیان لێکراوە، ئەمە ئەگەر ئێستا ئەو هەستەیان لەلادروست نەبووبێت.

**پێشمەرگە بەهێزە، هەرچەندە—وەك هەمیشە لە مێژوودا وابووە—ئەوەندە بەهێزنین بتوانن بەرە بە پێشڕەوی حکومەتی عێراقی بگرن کاتێك حکومەت تێکڕای تواناکانی خۆی بەکاردەهێنێت لە دژیان**

**من ناتوانم پێشبینی دەرئەنجامەکە بکەم لە کەرکوکدا**



# بونیادی کولتووری کۆمەڵگای ئازاد
# لە رووخانی دیواری بەرلین قورسترە



سیاسی
گولان
ژماره (٧٥٧)
٢٠٠٩/١١/١٦

## هنتگتن رووخانی دیواری بەرلینی ناونا (( شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی)) و فۆکۆیاما رووخانی دیواری بەرلینی ناونا کۆتایی مێژوو

رۆژی ٩ی ئەم مانگە ٢٠ ساڵ بەسەر رووخانی دیواری بەرلین تێپەری، ئەو دیوارەی کە ببووە سنووربەندی نێوان بلۆکی سۆشیالیستی و بلۆکی رۆژئاوای دیموکراتی، کە ئەم دیوارە رووخا هەموو جیهان مەزندەی دەکرد ئیدی بۆ هەتا هەتایە کۆمەڵگەی داخراو کۆتایی دێت و ئیدی رۆژ لەدوای رۆژ جیهان بەرەو کۆمەڵگەی ئازاد و کراوە هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام ئەوە ٢٠ ساڵ بەسەر ئەو رووداوە مێژووییە تێدەپەرێت بەڵام هێشتا لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان کۆمەڵگە داخراوەکان زۆرترن و هەوڵەکانیان کۆمەڵگەی ئازاد بەرهەمناهێنێت.کەواتە پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا بۆچی هەوڵەکان بۆ بونیادی کۆمەڵگەی ئازاد لە وڵاتانی بلۆکی سۆشیالیستی و دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو بە ئاراستەی کۆمەڵگەی کراوە و ئازاد رێچکەی خۆیان ناگرن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە کە دەبێتە دەروازە بۆ ئەم راپۆرتە، دەستنیشانکردنی کۆمەڵێك فاکتەرە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە دوای رووخانی دیواری بەرلینەوە فێری بووە، رووداوی رووخانی دیواری بەرلین، رووداوێکی هێندە سەر سورهێن بوو بۆ کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم چەندین چەمکی سیاسیی جۆراو جۆری بەدوای خۆیدا هێنا، بیرمەندانی جیهانی هەریەك لای خۆیەوە بە جۆرێك تێروانینی خۆی تیا دەربری، هەر بۆ نموونە ساموئیل هنتگتن رووخانی دیواری بەرلینی ناونا (( شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی )) ئەمەش واتە شەپۆلی یەکەم ئەو دەوڵەتانە بوون کە دوای تەواوبوونی جەنگی جیهانی دووەم تەواو تەواو بوون بە لیبرال دیموکراتی و شەپۆلی دووەمیش لە مردنی دیکتاتۆر فرانکۆی ئیسپانی ودیکتاتۆر سلازاری پورتوگالی و کۆتایهێنان بە کودەتای سەربازی لە یۆنانەوە دەستپێدەکات، شەپۆلی سێەمیش ئەو شەپۆلەیە کە دوای رووخانی دیواری بەرلین جاری سەرکەوتنی دیموکراتی بەسەر سۆشیالیستیدەدا، هەروەها فرانسیس فۆکۆیاما رووخانی دیواری بەرلینی ناونا کۆتایی مێژوو، ئەم کۆتایی مێژووەی فۆکۆیاماش کە لەچەند روویەکەوە هەمان مانای شەپۆلی سێیەمی هنتتگتنی هەبوو، بەڵام فۆکۆیاما لە لایەکی دیکەوە مەبەستی ئەوەبوو، تەنها سیستەمێك

کە بتوانێت ئاواتەکانی مرۆڤایەتی لە خۆی بگرێت و لەبەریەکهەڵنەوەشێتەوە ئەوە سیستەمی لیبرالیزمە کە بونیادی دیموکراتی لەسەر دادەنرێت، ئەو رای وابوو تەواو مرۆڤایەتی گەیشتە قەناعەت کە دوایین رێگە، دوایین سیستەم بۆ حکومڕانی کە بتوانێت ئازادیەکان بپارێزێت تەنها سیستمی لیبرال دیموکراتیە.

گەیشتن بەو قەناعەتەی تەنها لیبرالیزم دەتوانێت زەمینەی ئەوە برەخسێنێت مەسەلەیەکە و پیادەکردنی لیبرالیزم مەسەلەیەکی دیکەیە،گومان لەوەدا نیە کە زۆربەی نەتەوەکانی جیهان گەیشتوونە قەناعەت کە لیبرالیزم واتە(( سەروەریی یاسا، مافی خاوەنداریەتی تاك، ئازادی رادەبرین و ئازادی چالاکی سیاسیی ..هتد)) بنەمای سەرکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەکن بۆ ئەوەی دواین ئامانجی بێتە ئازادی، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم چەمکانە و دارشتنیان لە چوارچێوەی دەوڵەت و رێزگرتنی لەلایەن پارتە سیاسیەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی هاوڵاتیانەوە،ئەمەیان کارێکی زەحمەتە .

هاوکات لەگەڵ رووخانی دیواری بەرلین،رۆژئاوا حسابی بۆ ئەوە نەکردبوو کە سەرکەوتنی دیموکراتیەت تەنها رووخانی دیواری بەرلین نیە، بەڵکو سەرکەوتنی دیموکراتی بونیادی بنەماکانی کۆمەڵگەی ئازاد و کراوەیە لەو کۆمەڵگایانەی کە هەتا رووخانی دیواری بەرلین لە ناو تەلەبەندی تۆتالیتاریزمدا بوون.

### دروستبوونی لیبرالیزمی نەخۆش و دیموکراتی بێ بوونی ئازادی

دوای رووخانی دیواری بەرلین گۆڕانکاری گەورە بەسەر نەخشەی سیاسیی جیهاندا هات، لە هەموویان گرنگتر لەبەر یەکهەلوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پیشان بوو،رۆژئاواو ئەمریکا هێندەی سەرمەستی ئەوە بوون بەیداخی سەرکەوتن لە وارشۆ بشەکێننەوە هێندە بایەخیان بەوە نەدا چۆن لەوڵاتانی سەر بە وارشۆ دیموکراتی بونیاد دەنرێت، هەروەك لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەمریکا هێندەی سەرمەستی ئەوەبوو ئاڵای ئەمریکا لە گۆرەپانی فیردۆس لە بەغدا بشەکێتەوە هێندە بایەخی بەوە نەدا چۆن عێراقی دوای رژێمی دیکتاتۆری بەعس بونیاد بنێتەوە، ئێستاش دەیبینین چۆن دوای حەوت ساڵ تێپەربوون بەسەر رووخانی رژێمی

دیکتاتۆری سەدام حوسێن هێشتا پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا سنوری چوارگۆشەی یەکەمی نەبەزاندووە.

لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و هەڵوەشانەوەی پەیمانی وارشۆ بارودۆخێکی وای هێنایە پێشەوە کە پێشتر ئەمریکا و رۆژئاوا زۆر حسابی وردی لەسەر نەکردبوو، بۆیە رووبەرووی کۆمەڵێك کێشە بوونەوە کە هەمووجیهان ئومێد بۆ سەردەمی دووجەمسەری دوو بلۆکی جیهان بخوازێت، وەك شەڕەکانی بۆسنە و هەرسنك وسربەکان وکۆسۆڤۆ و چیچان و جۆرجیا ..پاش ئەمانیش کە رێککەوتنی دایتۆن و رابۆمبۆیی بۆ کێشەی بۆسنە و هەرسنك و کۆسۆڤۆ رێکخران، بەڵام دیسان ئەم رێکەوتنانەش نەبوونە هۆکاری ئەوەی زەمینەیەکی ئەوتۆ برخسێت، کە دانانی سندوقی هەڵبژاردن ئازادی و دیموکراتی بەرهەمبهێنێت، ریچارد هۆڵبرۆك نێردراوی ئەمریکا بۆ ناتۆ لە ساڵی ١٩٩٦ کاتێك ئاکامی هەڵبژاردنەکانی بۆسنە و هەرسنکی بینی کۆنترۆڵی خۆی لەدەستداو گووتی: ئەوەی مەزندەمان دەکرد لەم هەڵبژاردنە بەرهەمبێت پێچەوانەکەی دەدوورینەوە، ئێمە هەڵبژاردنمان کرد بۆ ئەوەی پێکەوە ژیان و لێبوردەیی بەرهەم بێت، بەڵام دەبینین توندوتیژی و جیابوونەوە بەهەمدەهێنێت))

ئەم رووداوە وای لە بیرمەندی لاو فەرید زەکەریا کرد کە لە ساڵی ١٩٩٧ وتارێك لە گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بەناونیشانی (( لیبرال دیموکراتی و ئیللیبرال دیموکراتی )) ئەم وتارە کە هەموو جیهانی هەژان وبوو بە ناوەرۆکی کتێبی ئایندەی ئازادی کە لەساڵی ٢٠٠٣ بڵاویکردەوە، بەئاشکرا ئەوەی خستە روو،کە بونیادی دیموکراتی بە بێ بوونی زەمینەی رەخساوی لیبرالیزم،لیرالیزمی نەخۆش بەرهەمدەهێنێت و خودی پرۆسە دیموکراتیەکە دەبێتە هەرەشە بۆسەر بونیادی دیموکراتی لەو وڵاتانەی کە بنەمایەکیان بۆ لیبرالیزم تێدانیە و کولتوورێك بوونی نیە کە بتوانرێت لیبرالیزم بونیاد بنرێت و مامەڵەی لە گەڵ لیبرالیزم پێبکرێت.

ئەم مەترسیە، مەترسی نەبوونی کولتورێك کە لیبرالیزمی لەسەر بونیاد بنرێت و کولتورێك بۆ ئەوەی مامەڵەی لەگەڵ لیبرالیزم پێبکرێت، زەکەریای گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە کودەتاکەی پەروێز موشەرەف

لە گەڕانەوەی نەواز شەریف و ژیانی پەرلەمانی پاکستان باشترە، ئەمەش لەو روانگەیەوەیە زەکەریا ترسی ئەوەی هەبوو ئەگەر پەروێز موشەرەف لەم کاتەدا (( سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ )) ئەوە ئاژاوەیەکی سیاسی لە پاکستان دروستدەبێت و هیچ دوورنیە ئیسلامیە توندرۆکان کۆنترۆڵی پاکستان بکەن، بۆیە حکومرانیەکی عەسکەرتاری لا باشتربوو لەوەی سندوقی هەڵبژاردن لەناو ئەو ئاژاوەیەدا دابنرێت.

لەلایەکی دیکەوە سەرکەوتنی دەوڵەتانی پڵنەگاکانی ئاسیا(( کۆریای باشور، سەنگافورە،تایوان،ژاپۆن، مالیزیا)) بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە ئەو دەوڵەتانە هەنگاویان بۆ چەسپاندنی بنەماکانی لیبرالیزم ناوە بە هاوشێوەی دەوڵەتانی ئەورپای رۆژئاوا لەسەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و ئەو دەوڵەتانە بە دەوڵەتی لیبرالی ناو دەبات نەك دیموکراتی، بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە، کە ئەو دەوڵەتانەی ئاسیا زەمینەیەکی لەباریان خوڵقاندووە بۆ بونیادی دیموکراتی راستەقینە کە ئەویش بونیادی دیموکراتیە.

زەکەریا بوێرانەتر پێ لەسەر ئەم مەسەلەیە دادەگرێت و هاوکێشەیەك دروست دەکات، کە لە کتێبەکەیدا وەك نەگۆڕێك دەیخاتە روو دەڵێت: (( ئێمە دەتوانین لە لیبرالیزمەوە هەنگاو بۆ دیموکراسی هەڵبگرین، بەڵام ناتوانین لە دیموکراسەوە هەنگاو بۆ لیبرالیزم هەڵبگرین)) ئەم هاوکێشەیە کە لەرووی تیۆرییەوە مشتومڕی زۆر هەڵدەگرێت و چەندین گریمانە دێنێتە گۆڕێ، بەڵام لە بواری پراکتیکدا، واقیعێکی ئەوتۆ دێتە پێشێ کە هیچ بەڵگەیکی ئەمپیری پێچەوانەی ناکاتەوە و مێژووی بونیادی نەتەوە یان بونیادی دیموکراتی ئەزموونێکی نیە وەك بەڵگە پیشانی مرۆڤایەتی بدات، کە سندوقی دەنگدان دەتوانێت کولتوری لیبرالیزم لە کۆمەڵگەدا دروستبکات، بەڵام ئەمە وەك پراکتیك و ئەزموون لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بەڵام وەك لایەنی تیۆری ئەوەیان دەکرێت وتوێژی دووروودرێژی لەسەر بکرێت و بەدەیان گریمانەی سیاسیی لەسەر دروستبکرێت، بەڵام هەموو ئەو گریمانانەی کە بە شێوەیەکی تیۆری بۆ ئەم مەسەلە گرنگە دەکرێت، ئاکامەکەی هەر ئەو ئاکامە دەبێت کە بەچەند نموونەیەك باسی دەکەین:

١- ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئێرانی دەبێت،هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەستپێکی کۆماری ئیسلامیەوە لە ئێران هەتا ئێستا،لە ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەراست پاکترین و بێگەردترین هەڵبژاردن بووە، هیچ وڵاتێك لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا وەك ئیران هەڵبژاردنی بە پاکو بێگەردی ئەنجامنەداوە بە و ئاژاوەیەی ئەمساڵی رابردووش کە لە هەڵبژاردنەکانی نێوان نەژاد و کەروبی و مووسەوی روویدا، بەڵام ماوەی ٣٠ ساڵە هەڵبژاردن لەو وڵاتە ئەنجامدەرێت ئێستا لەو وڵاتە دیموکراتی بوونی نیە.

٢- هەڵبژاردنەوەی میلۆسۆڤیچ لە دوای ساڵی ١٩٩١ و پاشان هەموو بینمان چۆن ئەم سەرۆکە هەڵبژێراوە رووبەرووی دادگای تاوانەکانی جەنگ لە لاهایی کرایەوە.

٣- هەڵبژاردنەکانی دەوڵەتانی ئەورپای رۆژهەڵات ودەوڵەتانی ئاسیای یەکێتی سۆڤیەتی پێشان، هیچ کام لەو هەڵبژاردنانە نەبوونە هۆکاری دروست بوونی کۆمەڵگەی ئازاد وکراوە لەو کۆمەڵگایانە.

٤- هەموو دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی کە ١٩ دەوڵەتن تەنها دەتوانرێت لە ٢ دەوڵەت بەرازیل و مەکسیك چەند هەنگاوێك هەڵگیراوە کۆستاریکاو چیلی زیاتر بەرهەمی دیکتاتۆری بوون، دەوڵەتانی دەریای کاریبی ئەوا هیچ کوبا تائێستاش هەر دەوڵەتێکی داخراوی کۆمونیستە، بەڵام پیرۆ و فەنزویلا کە هەڵبژاردنی تیا دەکرێت بەرهەمی هەڵبژاردنە پۆپۆلیزم و نەمانی ئازادیە.

خستنە رووی ئەم نموونانە کە گەلێك جار چاودێرانی سیاسیی تووشی شۆك دەکات، بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ئەگەر چاودێری سیاسیی ئاگاداری کولتووری ئەو وڵاتە نەبێت ئەوا نازانێت بۆچی ئەو هەنگاوانەی لە ئەورپای رۆژئاواو ئەمریکای باکور هەڵدەگیرین کۆمەڵگەی ئازاد و کراوەی پێکهێناوە، بەڵام لە ئەمریکای لاتینی و ئەفریقیا و رۆژئاوای ئاسیا و ئاسیای ناوەراست و ئەورپای رۆژهەڵات کۆمەڵگەی دیموکراتی و ئازاد بەرهەم ناهێنێت.

## بونیادی کولتووری کۆمەڵگەی ئازاد و کراوە

سەرچاوەی بونیادی کولتوور بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگەی دیموکراسی و دامەزراوەکانی دەوڵەتی دیموکراسی و بڕینی هەنگاوەکانی قۆناخی راگواستن بە شێوەیەکی راست، ئەو دامەزراوانەن کە دەبنە سەرچاوەی زانیاری بۆ هاوڵاتیان ئەو هۆشیاریە دروستدەکەن کە دەبنە بنەما بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەتی دیموکراسی.

پسپۆرانی سیاسیی سەرچاوەکانی بونیادی ئەم کولتوورە دەگێڕنەوە بۆ چەند سەرچاوەیەك لەوانە:

١-حزبە سیاسیەکان.

٢-رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

٣- پیاوانی کار و خاوەن کۆمپانیاکان

٤- دامەزراوەکانی حکومەت.

ئەم سەرچاوانە لەو وڵاتانەی کە کولتووری لیبرالیزمیان نیە، زانیاری هەڵە دەدەن بە هاوڵاتیان، هەر بۆ نموونە پارتە سیاسیەکان کە یاریزانی کۆمەڵگەی دیموکراتین، هەموو کات بەو شێوەیە زانیاری بە هاوڵاتیان دەدەن کە لەبەرژەوەندی حزبی خۆیاندایە، بۆیە لەو کۆمەڵگایەنەدا حزبە سیاسیەکان هەوڵدەدەن، ئاراستەی بەرەو پێشەوە چوونەکانی کۆمەڵگە بۆ بەرژەوەندی حزبی خۆیان بە جۆرێك بەکاربهێنن کە بوارەکانی دیکەی،وەك رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دامەزراوەکانی حکومەتیش بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، بۆیە دەبینین سەرچاوەی ئەو زانیاریانەی کە دەگەنە هاوڵاتی بۆ ئەوەی بزانن لەگەڵ دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی مامەڵە بکەن کولتوورێك دروستدەکەن کە مامەڵەیەکی هەڵە لەگەڵ ئەو دامەزراوانە دروستدەکات، ئەمە وادەکات رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە رێکخراوی بەرهەمهێنەری گوشارەوە بگۆڕێن بۆ رێکخراوی رەوینەی گوشار، پیاوانی کار و خاوەن کۆمپانیاکانیش لەبەر ئەوەی خۆیان بەشێك دەبن لە پارتە سیاسیەکان یان بەرژەوەندیەکانیان دەکەوێتە لای پارتە سیاسیەکان، ئاراستەی ئابوری لە ئابوری بازاڕەوە دەگۆڕێ بۆ ئاراستەی بازار بۆ بەرژەوەندی حزبە سیاسیەکان و لەم حالەتەشدا و لەباری رووکاردا دەبینن هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی ئازاد لە کۆمەڵگە بوونی هەیە بەڵام خودی کۆمەڵگەکە داخراوە و ئازاد نیە یان لە باشترین حاڵەتدا کۆمەڵگەیەکی ئاژاوە و ناسەقامگیرە، نەکۆمەڵگەیەکی هاوسەنگ و سەقامگیر و دیموکراتی.

**رۆژئاواو ئەمریکا هێندەی سەرمەستی ئەوە بوون بەیداخی سەرکەوتن لە وارشۆ بشەکێننەوە هێندە بایەخیان بەوە نەدا چۆن لەوڵاتانی سەر بە وارشۆ دیموکراتی بونیاد دەنرێت**

پرۆفیسۆر تۆم هۆفمان ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی ئیندیانا و پسپۆرو تایبەتمەندە و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر لیبرالیزم و چەسپاندنی ئازادی و مافە مەدەنییەکان لەکۆمەڵگەدا، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم پرسە گرنگە و قسەکردن لەسەر کۆڵەگەکانی کۆمەڵگەی ئازاد پرۆفیسۆر هۆفمان بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستە روو.

تۆم هۆفمان بۆ گوڵان:

# رووخانی دیواری بەرلین سەردەمێکی دروستکرد بە گەشبینییەوە بۆ ئاییندە بڕوانین

*** کۆمەڵگەی ئازاد چییە لەتێڕوانینی ئێوەدا؟**

- پێناسەی من بۆ کۆمەڵگەی ئازاد ئەوەیە گفتوگۆیەکی بەرفراوانی بیروبۆچونە جیاوازەکان بکرێت، لێرەدا ئەمە مەسەلەی ئاست و رادەیە، بۆ نموونە، دەکرێت بڵێین کۆمەڵگەیەکی ئازاد و کۆمەڵگەیەکی ئازادترمان هەیە، بەهەرحاڵ، گرنگ ئەوەیە گفتوگۆیەکی رەخنەگرانە بکرێن لەبارەی مەسەلە جیاوازەکانەوە.

*** ئایا بنەماکانی کۆمەڵگەی ئازاد چین؟ واتە ئەو بنەمایانە چین کە لەکاتی بونیادا دەتوانرێت بەو کۆمەڵگەیە بووترێت کۆمەڵگەیەکی ئازاد؟**

- بنەماکان بریتین لەبوونی ئازادی رۆژنامەگەری، ئازادی رادەربرین و ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی هاوڵاتیان بتوانن نوێنەری خۆیان دیاری بکەن، هەروەها دەبێت پەرە بە گیانی لێبوردەیی بدرێت، بەچەشنێك بیروبۆچونە جیاوازەکان قبوڵبکرێن. بەهەمان شێوە دەبێت هانی لێکۆڵینەوەی زانستیش بدرێت.

*** لە دوای روخانی دیواری بەرلینەوە تێکڕای جیهان ئومێدیان وابوو کە هەوڵەکانی مرۆڤایەتی لە پێناو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاددا بێت، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی دوای بیست ساڵ لە روخانی ئەو دیوارە هێشتا ئەم ئۆمێدە نەهاتۆتەدی؟**

- ئەوە پرۆسەیەکە و تا ئەم ساتەوەختەش لە هەندێ شوێندا بەردەوامە، بۆ نموونە لە هەندێ لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپادا، کە هەندێ جار بە رەوتێکی خێرا بەرەوپێشدەچێت بە پێچەوانەی هەندێ شوێنی دیکەوە. مەبەستم ئەوەیە هێشتا لە هەندێ شوێندا نیگەرانی سەرەکی خەڵك پاراستن و رزگارکردنی ژیانیانە، لە کاتێکدا لە هەندێ ناوچەی دیکە خەڵکی توانیویانە پێکەوە کاربکەن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد . هەرچۆنێك بێت رووخانی دیواری بەرلین ئەو راستییەی چەسپاند کە ناتوانرێت پێشتر رەوت و رەوشی بارودۆخەکە دیاری بکرێت، بەڵکو ئەمە دەرئەنجامی بڕیارێکی هۆشیارانەی خەڵك و سەرکردەکانە کە دەتوانن ئەو رەوت و رەوشە بگۆڕن. هەر بۆیە گەورەترین دوژمنی کۆمەڵگەی ئازاد بریتییە لە نائارامی و ترس، لەبەر ئەوەی زۆرجار ترس لە هەوڵدان بۆ باڵادەستبوون بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا گوزارشت لە خۆی دەکات، هەندێ جاریش لە شێوەی نالیبوردەییدا گوزارشت لە خۆی دەکات، لە کاتێکدا لە هەندێ حاڵەتدا ترس و نیگەرانی وات لێدەکات ئامادەبیت دەست لە ئازادی خۆت هەڵگریت، لەپێناوی ئەوەی بتوانیت درێژە بە ژیانی خۆت بدەیت، چونکە بەدیهێنانی کۆمەڵگەی ئازاد باجی گرانی دەوێت، هەروەها پێویستە بەوە دەکات کات و کۆششی خۆتی بۆ تەرخان بکەیت، لە



کاتێکدا هەڕەشە لەسەر ژیان و ماڵت هەبوو مومکین نییە بتوانیت ئەم کارە بکەیت.

*** زۆرێك لە پرۆفیسۆرەکانی زانستی سیاسەت بیروبۆچونی جیاوازیان هەیە دەربارەی گۆڕانی کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەی داخراوەوە بەرەو کۆمەڵگەی کراوە، پرسیارەکە ئەوەیە پێوەرەکانی بڕینی ئەم قۆناغە چین؟**

- لە راستیدا زۆرجار ئاماژە بەوە دەکرێت کە دەبێت ئاستێکی دیاریکراوی گەشەکردنی ئابووری لە وڵاتەکەدا لە ئارادابێت، بەڵام من پێم وایە دەکرێت پێوەرەکان بەو شێوەیە کورتبکرێنەوە، وەك ئەنجامدانی هەڵبژاردنی کراوە و دووبارەکردنەوەی ئەم هەڵبژاردنانە بە مەرجێك بوار بۆ ململانێ و رکابەری برەخسێنرێت، هەروەها دەبێت ئازادی رۆژنامەگەری و راگەیاندن بوونی هەبێت، لەگەڵ بوونی مافی موڵکدارێتی و دابەشکردنی دەسەڵات و داهاتەکان، بۆ ئەوەی دەسەڵات و سەروەت و سامانێکی زۆر لە دەستی کەسانێکی کەمدا کۆنەبنەوە، واتە دەسەڵات بە نامەرکەزی بکرێت و داهات و ئابووری وڵاتەکەش لە لایەن کەسانێکی کەمەوە کۆنترۆڵ نەکرابێتن.

*** بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی کراوە پێویستی بە کەلتورێکە بتوانێت مامەڵە لەگەڵ بەهاکانی ئازادی، مافە تاکەکەسەکان، سەروەری یاسا و ئابووری بازاڕدا بکات، ئایا چۆن دەتوانرێت ئەم کەلتورە بنیاتبنرێت؟**

- ئەمە پرۆسەیەکی قۆناغ بە قۆناغە، بۆ نموونە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە وڵاتی مەکسیك بکەین کە لە هەندێ رووەوە دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەیەکی کراوە و ئازادە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ تاکەحزبێك باڵادەست بوو بەسەر ئەم وڵاتەدا، ئەگەرچی ئەم باڵادەستی رووبەڕووی تەحەدی بۆوە و



ئێستا ئازادی و کرانەوەیەکی زیاتر هەیە. گرنگە ئەوەیە لەم پرۆسەیەدا دەسەڵات و پێگەی تاکەکەس زیاتر بکرێت، هەرئەمەش هۆکاری ئەوەبوو کە پێشتر ئاماژەم بە گرنگی مافی موڵکداریێتی کرد، هەروەها گرنگە دەستوری وڵاتەکە مافگەلێکی دیاری کراو بۆ هاوڵاتیان لەخۆبگرێت کە پێشێلکردنیان ئاسان نەبێت.

*** ئایا تا چ رادەیەك هەوڵەکانی مرۆڤایەتی لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە؟ واتە لە دوای رووخانی دیواری بەرلینەوە؟**

- لە راستیدا لەماوەی ئەو بیست ساڵەدا دەستکەوتی زۆر بەدەستهاتوون، بۆ نموونە هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤییەت هەنگاوێکی گرنگ بوو بەرەو هێنانەدی کۆمەڵگەی کراوە و لەو ماوەیەشدا وڵاتانێکی زیاتر هەوڵی پیادەکردنی دیموکراسیاندا، کە بەلای کەمەوە ئەمە بە مانای ئەوە دێت دەرفەتی بنیاتنانی ئەم کۆمەڵگەیە لە ئارادایە، رەنگە رەوتی بەرەوپێشچوونەکان لە هەندێ وڵاتدا بەو شێوەیە نەبوبێت کە پێشبینی دەکران، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەوە سەردەمێك بوو کە مایەی گەشبینی بوو. ئەگەرچی هێشتا ئەم کۆمەڵگەیانە رێگایەکی دوورودرێژیان لە پێشە بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- لە راستیدا یەکێك لەو فاکتەرانەی زۆرجار فەرامۆش کراوە بنیاتنانی متمانەیە لە کۆمەڵگەدا، مەبەستم ئامادەی خەڵکە بۆ ئەوەی بتوانن خۆبەخشانە هاوکاری یەك بکەن و پێکەوە کاربکەن، نەبوونی ئەم متمانەیە دەبێت نیگەرانمان بکات و وامان لێبکات کار بۆ بنیاتنان و هێنانەدی بکەین.

سوزان بیکفۆرد ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی نۆرسە کارۆلینا و پسپۆرو تایبەتمەندە لەفەلسەفەی سیاسەت و تیۆری کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەری دیراساتی ئەڵمانیاشە لەزانکۆی ناوبراو بۆ قسەکردن سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی جیهان دوای رووخانی دیواری بەرلین و هەوڵەکان بۆ بونیادی کۆمەڵگەی ئازاد خاتوو سوزان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

سوزان بیکفورد بۆ گوڵان:

# ئەوەی بڕوای بەتوندوتیژی بێت دوژمنی کۆمەڵگەی ئازاد و کراوەیە

***لە دوای ڕووخانی دیواری بەرلینەوە تێکڕای جیهان ئومێدیان وابوو کە هەوڵەکانی مرۆڤایەتی لەپێناو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاددا بێت، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی دوای بیست ساڵ لەڕووخانی ئەو دیوارە هێشتا ئەم ئۆمێدە نەهاتۆتەدی؟**

- ڕەنگە نەتوانین هەموو مەسەلەکە لەتەنها هۆکارێکی سەرەکیدا کورتبکەینەوە، بەڵام بەتێڕوانینی من یەکێك لەهۆکارەکان بریتی بوو لە ئاستی نەتەوەخوازی بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەبووە کە هەندێ جار بە شێوەیەك کاری بۆ کراوە کە دەرئەنجامەکەی دژ و پێچەوانەبێتەوە لەگەڵ هەوڵەکانی هێنانی ئازادیدا. هۆکاری دووەم لەگۆشەنیگای منەوە بریتییە لەدەسەڵاتی ڕەگداکوتاوی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، مەبەستم ئەوەیە ئەو کەسانەی کۆنترۆڵی سەروەت و سامانەکانیان کردووە هەوڵی دامەزراندنی ئەو دەزگایانە دەدەن کە لە کۆتاییدا بنەهۆی پاراستن و پەرەپێدانی سەروەتەکانیان لە بری ئەوەی کار بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییە گشتییەکان بکەن.

***ئایا بەشێوەیەکی گشتی هەنگاو و هەوڵەکانی هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی ئازاد چین؟**

- من پێم وایە دەبێت بە دوو ئاڕاستەدا کاربکرێت، یەکەمیان پێویستە گۆڕانکاری لەسەر ئاستە باڵاکانی دەسەڵاتدا ڕووبدات، بۆ نموونە لە دەسەڵات و دامەزراوە ئابوورییەکاندا، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد. ئاڕاستەی دووەم ئەوەیە دەبێت خەڵکی ئاسایی لەگەڵ یەکدا گفتوگۆ و ڕاوێژ بکەن لەسەر پرس و مەسەلە جیاوازەکان، واتە مشتومڕ لە بارەی کێشە و نیگەرانییەکانی خۆیان بکەن لەسەر ئاستی مەحەلی.

***دوژمنەکانی کۆمەڵگەی ئازاد کێن، ئایا بۆچی هێشتا ئەم کۆمەڵگەیە دژومنی هەیە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆرباشە، لەبەر ئەوەی هەموو کەس بانگەشەی ئەوەدەکات پشتیوانی لەئازادی دەکات، کەواتە کێ دوژمنی کۆمەڵگەی ئازادە؟ وا دەردەکەوێت خواستی کۆنترۆڵکردن و دەسەڵات خواستێکی دژە دیموکراسی بێت، بەڵام من دەڵێم ئەوانەی پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، گرنگ نییە لە لایەن دەوڵەتەوە بێت یان ڕێکخراو و گروپەکانی دیکە، ئەوا هەلومەرجی هێنانەدی ئازادی لاواز دەکەن.

***زۆرێك لە پرۆفیسۆرەکانی زانستی سیاسەت بیروبۆچونی جیاوازیان هەیە دەربارەی گۆڕانی کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەی داخراوەوە بەرەو کۆمەڵگەی کراوە، پرسیارەکە ئەوەیە پێوەرەکانی بڕینی ئەم قۆناغە چین؟**

- من پێم وانیە بتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، بەڵام دەکرێت ئاماژە بە ڕەخساندنی ئازادی ڕادەبڕین، ڕۆژنامەگەری و هەڵبژاردنی ئازاد بکەین، وەك هەنگاوێك بەرەو هێنانەدی کۆمەڵگەی کراوە.



***بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی کراوە پێویستی بە کەلتورێکە بتوانێت مامەڵە لەگەڵ بەهاکانی ئازادی، مافە تاکەکەسەکان، سەروەری یاسا و ئابووری بازاڕدا بکات، ئایا چۆن دەتوانرێت ئەم کەلتورە بنیاتبنرێت؟**

- لە ڕاستیدا هیچ ڕێگاچارەیەکی سیحری نیە بیگرینبەر و ئەم دەرئەنجامەمان بۆ بەدەست بهێنێت. من تەنها ئەوەندە دەڵێم دەبێت خۆمان بەو ڕاستیە ئاشنابکەین کە سەرەڕای جیاوازیەکانمان دەبێت مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەین و نابێت نیەت و ئامانجیشمان لەم کارەدا زاڵبوون و باڵادەستبوون بێت بەسەر ئەوانی دیکەدا.

***کەلتوری کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چەشنێکە دیموکراسی قبوڵناکەن، هەروەها بۆ ئەوەی ئەم کۆمەڵگەیانە ببنە بەشێك لە جیهانی هاوچەرخ دەبێت کار بۆ گۆڕینی کەلتورەکەیان بکەن، لەم ڕووەوە دەبێت بایەخ بە پەرەپێدانی پرۆسەی پەروەردە بدەن، تێڕوانینی ئێوە چیە لەم ڕووەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە من هاوڕام لەگەڵ ئەمەدا، نەك تەنها ئاستی پەروەردە بەڵکو دەبێت سەرەتا ڕووبەڕوی کێشەی نەخوێندەواری ببینەوە لەم وڵاتانەدا.

***ئایا تا چ ڕادەیەك هەوڵەکانی مرۆڤایەتی بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی کراوە لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردودا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە؟**

- ڕەنگە نەتوانین هەڵسەنگاندنێکی گشتی بۆ تێکڕای وڵات و ناوچە جیاوازەکان بکەین، لەبەر ئەوەی هەلومەرجەکە لە هەموو وڵاتاندا وەك یەك نییە، لە هەندێ شوێن گەشەی کردووە، لە هەندێ شوێنی دیکە بەپێچەوانەوە، هەروەها دەتوانین لەم ڕووەوە ئاماژە بەڕوسیا بکەین کە لەسەرەتادا گەشبینیەك لەئارادابوو کە ئەم وڵاتە بەرەو دیموکراسی و کرانەوە هەنگاو دەنێت، بەڵام دواتر هەوڵەکانی گەڕانەوەی ئەم وڵاتەمان بەدی کرد بەرەو شمولییەت.

ئەو کەسانەی کۆنترۆڵی سەروەت و سامانەکانیان کردووە هەوڵی دامەزراندنی ئەو دەزگایانە دەدەن کە لە کۆتاییدا بنەهۆی پاراستن و پەرەپێدانی سەروەتەکانیان لە بری ئەوەی کار بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییە گشتییەکان بکەن

دەبێت خەڵکی ئاسایی لەگەڵ یەکدا گفتوگۆ و ڕاوێژ بکەن لەسەر پرس و مەسەلە جیاوازەکان، واتە مشتومڕ لە بارەی کێشە و نیگەرانییەکانی خۆیان بکەن لەسەر ئاستی مەحەلی

**پرۆفیسۆر جیۆفیری پلاچ ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی (Louisiana State University) پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر بونیادی دیموکراتی و دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو لە قۆناخی راگواستن لەکۆمەڵگەی داخراوە بۆ کۆمەڵگەی کراوە، بۆ قسەکردن سەبارەت بەم قۆناخە ناسکەی کۆمەڵگاو هەوڵەکان بۆ تێپەڕاندی ئەم قۆناخە بەسەرکەتوویی، پرۆفیسۆر پلاچ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

جیۆفری پلاچ بۆ گوڵان:

# کۆمەڵگای ئازاد واتە حکومەت دەسەڵاتی سنورداربێت و ماف و ئازادییەکان پارێزراو بن

*** ئایا بە شێوەیەکی گشتی هەنگاو و هەوڵەکانی هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی ئازاد چین؟**

- بوونی مافی مۆڵکداریێتی تایبەت، بوونی حکومەتێك کە خاوەنی دەسەڵاتێکی سنوردار بێت، لەگەڵ پاراستنی ماف و ئازادیە مەدەنییەکاندا کۆمەڵگایەکی ئازاد بەرهەم دەهێنن.

*** بەڵام دوای ڕوخانی دیواری بەرلینەوە تێکرای جیهان ئومێدیان وابوو کە هەوڵەکانی مرۆڤایەتی لەپێناو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاددا بێت، بەڵام دوای ٢٠ساڵ هێشتا هەر ئومێدە؟**

- بەشێکی هۆکارەکە بریتییە لەکۆنترۆڵکردنی ژیانی ئابووری وڵاتەکە لەلایەن دەسەڵاتەوە، کە لەم چوارچێوەیەدا حکومەت دەستێوەردان لە ژیان و لە ئابووری هاوڵاتیاندا دەکات، بۆ نموونە دەتوانین ئەمانە بە ئاستەنگ و بەربەستی بەردەم کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابنێین لە گەیشتنیان بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد.

*** ئایا بۆچی هێشتا کۆمەڵگەی ئازاد دژومنی هەیە؟**

- دەتوانین ئەو کەسانە بە دوژمنی سەرەکی ئەم کۆمەڵگەیە دابنێین کە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ژیانی ئەوانی دیکە دەدەن، وەك سیاسییەکان و ئەو خاوەن بەرژەوەندییە ئابوورییانەی هاوپەیمانن لەگەڵیاندا. هەروەها ئەوانەی هەوڵی سەپاندنی بیروبۆچونی خۆیان دەدەن بەسەر ئەوانی دیکەدا.

*** زۆرێك لەپرۆفیسۆرەکانی زانستی سیاسەت بیروبۆچونی جیاوازیان هەیە دەربارەی گۆڕانی کۆمەڵگەیەك لەکۆمەڵگەی داخراوەوە بەرەو کۆمەڵگەی کراوە، پرسیارەکە ئەوەیە پێوەرەکانی بڕینی ئەم قۆناغە چین؟**

- من دیراسەتم لەسەر ئەم مەسەلەیە نەکردووە، بەڵام دەتوانین ئەوە بکەینە پێوەر کە تا چ ڕاددەیەك حکومەت کۆنترۆڵی ئابووری کردووە، تا چ ئاستێك ئازادییە مەدەنییەکان ڕەخسێنراون و هەتا چەند وڵاتەکە لە شەڕی دەرەکییەوە تێوەگلاوە.

*** ئایا جیاوازییەکانی کۆمەڵگەی کراوە و داخراو چین؟**

- کۆمەڵگەی کراوە ئەو کۆمەڵگەیەیە کە خەڵکی دەتوانن ئازادانە بازرگانی خۆیان بکەن، ئازادانە کڕین و فرۆشتنی خۆیان بکەن بێ ئەوەی حکومەت دەستێوەردان بکات، بەڵام دەبێت زیان بە بەرژەوەندی کەسانی دیکە نەگەیەنن، هەروەها بتوانن ئازادانە مومارەسەی ئاینی خۆیان بکەن، بێ ئەوەی ڕوبەڕووی ڕێگری ببنەوە، بە هەمان شێوە بتوانن ئازادانە گوزارشت لە بیروبۆچونی خۆیان بکەن لە نێویاندا ڕەخنەگرتن لە حکومەت، بێ ئەوەی دووچاری سەرکوتکردن ببنەوە. لە کاتێکدا لە کۆمەڵگەی داخراودا ڕێگە بە هیچ یەکێك لەم ئازادیانە نادرێت.

*** بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی کراوە پێویستی بە کەلتورێکە، ئایا چۆن دەتوانرێت ئەم کەلتورە بنیاتبنرێت؟**



- ئەمە پرۆسەیەکە لە شەو و ڕۆژێکدا نایەتەدی، هەروەها ناتوانرێت بە زۆر بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنرێت، بەڵکو دەبێت لەڕێی قەناعەتپێهێنان و ڕوونکردنەوەی لایەنە باشەکانی هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی کراوە کار بۆ ئەوە بکرێت وردە وردە ئەو تێگەیشتنە لای خەڵك بچەسپێنرێت کە هێنانەدی ئەم کۆمەڵگەیە خزمەت بە بەرژەوەندی و ئازادییەکانیان دەکات.من پێم وایە تەنانەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدا هەندێ جار ئازادی لە پاشەکشەدا دەبێت، واتە ڕەوت و ڕەوڕەوەی بەرەوپێشچونی ئازادی پاشەکشە دەکات.

*** ئایا لە تیڕوانینی ئێوەدا قۆناغی ئینتیقالی لە کۆمەڵگەی داخراوەوە بەرەو کۆمەڵگەی کراوە چییە، یاخود خوێندنەوەت بۆ ئەم قۆناغە چییە؟**

- ئێوە دەتوانن لەم ڕووەوە سوود لە ئەزموونە سەرکەتووەکانی وەربگرن، وەك ئەزموونی هیندستان و چین کە لەم دوو وڵاتەدا کار بۆ کرانەوەی ئابووری و پرۆسەی بە تایبەتکردن کرا، بە چەشنێك ئازادییەکی ئابووری زیاتر ڕەخسێنرا، هەروەها کاری زیاتر کرا بۆ چەسپاندنی مافی مولکداریێتی. بە هەمان شێوە دەتوانن سوود لە ئەزموونە سەرنەکەوتووەکانیش وەربگرن لەو ڕووەوە کە هەوڵبدەن خۆتان لە دووبارەکردنەوەی هەڵەکانیان بە دووربگرن. بۆ نموونە ئەزموونی ڕوسیا.

*** چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق و کوردستان دەبینیت؟**

- بارودۆخەکە بەرەوپێشچووە بە بەراورد بە دوو ساڵ پێش ئێستا، بەڵام گرنگە ئەوەیە ئەو بەرەوپێشچونە بەردەوام بێت دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و دەستبکرێت بە پرۆسەی بە تایبەتکردنی پرۆژەکان و کەرتی تایبەت ڕۆڵێکی زیاتر ببینێت.

**بوونی حکومەتێک کە خاوەنی دەسەڵاتێکی سنوردار بێت، لەگەڵ پاراستنی ماف و ئازادیە مەدەنییەکاندا کۆمەڵگایەکی ئازاد بەرهەم دەهێنن**

**تەنانەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدا هەندێ جار ئازادی لە پاشەکشەدا دەبێت، واتە ڕەوت و ڕەوڕەوەی بەرەوپێشچونی ئازادی پاشەکشە دەکات**

**پرۆفیسۆر مارك ناتان جینسن ئوستادی مێژووی فەلسەفە و فەلسەفەی سیاسەتە لەزانكۆی لە زانكۆی كالڤین و تایبەتمەندیشە لەفەلسەفەی یاسا، بۆ قسەكردن لەسەر كۆمەڵگەی ئازاد و پیادەكردنی سەروەری یاسا پرۆفیسۆر جینسن بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

**مارك ناتان جینسن بۆ گوڵان:**

# لەم ١٠ ساڵەی دوایی هەوڵەكانی جیهان بۆ بونیادی كۆمەڵگەی ئازاد لەپاشەكشەدایە

*** ئایا بنەماكانی كۆمەڵگەی ئازاد چین؟**

- دەبێت سیستمێكی سیاسی هەبێت رێز لەسەروەری میللەت بكرێت، دەبێت شەفافییەت هەبێت ئەمەش پێویستی بە بوونی رۆژنامەگەری و راگەیاندنێكی بەهێزە، هەروەها پێویستە كەلتور و گیانی رێزگرتن و یەكترقبوڵكردن و لێبوردەیی لەناو خەڵكدا بچەسپێنرێت و ئامادەییان تێدابێت بۆ سازشكردن بۆ ئەوەی بتوانن زەمینەیەكی هاوبەش لە نێو خۆیاندا بدۆزنەوە. هەروەها دەبێت حكومەت كار بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی و چاكەی گشتی بكات.كۆمەڵگەی ئازاد ئەو كۆمەڵگەیەیە كە دەرفەتی بەشداریكردن لە دروستكردنی بڕیارەكاندا بۆ هاوڵاتیان دەڕەخسێنێت، ئەویش یان لەڕێگای هەڵبژاردنی نوێنەرەكانیانەوە یان بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ، واتە سەروەری لە دەستی هاوڵاتیاندایە. ئەمەش دیموكراسییە، واتە یان ڕاستەوخۆ هاوڵاتیان بڕیار لەسەر دەستور و یاساكان دەدەن یان نوێنەرەكانیان لە بری ئەوان ئەم كارە دەكەن. هەچۆنێك بێت لە كۆمەڵگەی ئازاددا هەموو بەشەكانی حكومەت لەبەردەم هاوڵاتیاندا بەرپرسیارن.

كۆمەڵگەی ئازاد ئەو كۆمەڵگەیەیە كە دەرفەتی بەشداریكردن لە دروستكردنی بڕیارەكاندا بۆ هاوڵاتیان دەڕەخسێنێت

*** كە دیواری بەرلین رووخا جیهان وا مەزندەی دەكرد ئیدی ئاستەنگەكانی بەردەم كۆمەڵگەی ئازاد رامالڕان و نەمان،بەڵام ئەوە ٢٠ساڵ تێدەپەرێت هێشتا ئەو ئاستەگانە بونیان هەیە؟**

- لەڕاستیدا بنیاتنانی كۆمەڵگەیەكی ئازاد ماوەیەكی درێژخایەنی دەوێت، تەنها ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نابێتەهۆی بنیاتنانی كۆمەڵگەی ئازاد، بەڵكو دەبێت گیانی لێبوردەیی و ڕێزگرتن لە جیاوازییەكان بچەسپێنرێت ئەمەش كاتێكی زۆری دەوێت، زیاتر لە بیست ساڵ و بگرە زیاتر لە چل ساڵیش، بۆ نموونە لە ئەمەریكادا لە دوای دروستبوونی ئەم وڵاتە ٩٠ ساڵ دوای ئەوە شەڕی ناوخۆ دروستبوو.

*** كەواتە بەرای تۆ لەهەموو كۆمەڵگەیدا خەڵكانێك هەن بەربەست بۆ كۆمەڵگەی ئازاد دروست دەكەن، ئایا بۆچی هەموو كات خەڵكانێك دروست دەبن دژ بە كۆمەڵگەی ئازاد رادەوەستنەوە؟**

- لەڕاستیدا هەموو كەسێك تەفزیلی جۆرێكی دیاریكراو لەكۆمەڵگە دەكات، بۆ نموونە كاتێك باس لەوەدەكرێت كە دەبێت سەروەری لە دەستی هاوڵاتیاندا بێت و ئەوان خۆیان خاوەن بڕیاربن، ئەوا ڕەنگە كەسانێك هەبن متمانە بە توانای هاوڵاتیان ناكەن بۆ ئەوەی ئەم ئەركە ئەدابكەن. ئەگەر دروست بێت پێیان بڵێین دوژمنەكانی كۆمەڵگەی ئازاد ئەوا ئەو كەسانەن كە تێڕوانینێكی دیاریكراویان هەیە بۆ كۆمەڵگە و پێیان وایە ئەوە ڕاستی ڕەهایە و هەوڵی سەپاندنی دەدەن، ئەمە لە كاتێكدا یەكێك لە ڕواڵەتەكانی كۆمەڵگەی ئازاد قبوڵكردنی جیاوازی و ڕێزگرتنە لە بیروبۆچونە جیاوازەكان.



*** زۆرێك لە پرۆفیسۆرەكانی زانستی سیاسەت بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە دەربارەی گۆڕانی كۆمەڵگەیەك لەكۆمەڵگەی داخراوەوە بەرەو كۆمەڵگەی كراوە، پرسیارەكە ئەوەیە پێوەرەكانی بڕینی ئەم قۆناغە چین؟**

- بەپێی ئەو لێكۆڵینەوانەی ئەنجامم داون ناتوانین تەنها ڕێگایەك دەستنیشان بكەین و بانگەشەی ئەوە بكەین كە تێكرای كۆمەڵگە و وڵاتەكان ئەم ڕێگایەیان گرتۆتەبەر بۆ تێپەڕاندنی قۆناغی ئینتیقالی لە كۆمەڵگەی داخراوەوە بۆ كۆمەڵگەی كراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێت ئاماژە بە چەند نیشانەیەك بكەین، وەك پیادەكردنی هەڵبژاردنی ئازاد و دیموكراتی، جێگیركردنی سیستمێكی پەروەردە و بەكارهێنانی مەنهەجێكی خوێندن كە پەرە بە بەها و بنەماكانی كۆمەڵگەی كراوە بدەن، وەك ڕێزگرتن لە بیروبۆچونی جیاواز، لێبوردەیی و بەشداری هاوڵاتیان لە بڕیارەكاندا، بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگرین كە سروشت و سیاق و كەلتور و هەلومەرجی هەر كۆمەڵگەیەك جیاوازە بە بەراورد بە كۆمەڵگەكانی دیكە و دەبێت لە كاتی كاركردنماندا بۆ هێنانەدی ئەم كۆمەڵگەیە ئەم جیاوازییە ڕەچاو بكەین.



**لە(دە) ساڵی یەکەمدا بەرەوپێشچونی گەورەمان بینی، زۆرێک لە کۆمەڵگە داخراوەکان بەرەو کرانەوەچوون و لەم ڕووەوە گەشەکردنێکی گەورە ڕوویدا، بەڵام لەساڵی ١٩٩٩ەوە تاوەکو ئێستا هەمان ڕەوتی بەرەوپێشچوون بەدی ناکەین**

*** بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی کراوە پێویستی بەکەلتورێکە بتوانێت مامەڵە لەگەڵ بەهاکانی ئازادی، مافە تاکەکەسەکان، سەروەری یاسا و ئابووری بازاڕدا بکات، ئایا چۆن دەتوانرێت ئەم کەلتورە بنیاتبنرێت؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد بنیاتنانی ئەم کەلتورە پێویستی بە ڕەچاوکردنی هەلومەرجی کۆمەڵگەکە هەیە، بۆ نموونە لەئەڵمانیای بیست ساڵ پێش ئێستادا پاڵنەر و پەرۆشییەك هەبوو بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکگرتوو و کراوە، لەبەر ئەوەی نەتەوەیەك هەبوو کە دابەش ببووە دوو گروپی جیوپۆلەتیکی جیاواز، لەم ڕوانگەیەوە بنیاتنانی ئەم کۆمەڵگەیە لەو کاتەدا ئەرکێکی ئاسان بوو لەبەر ئەوەی ڕایەڵ و پەیوەندی کەلتوری لە نێوان هەردوو بەشەکەدا هەبوو، بەڵام ئەم ئەرکە ئاسان نییە لەکۆمەڵگەیەکدا کە جیاوازیگەلێکی ئیتنی، کەلتوری و ئاینی گەورەی تێدایە. زاڵبوون بەسەر ئەم جیاوازیانەدا کارێکی دژوارە.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك هەوڵەکانی مرۆڤایەتی بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی کراوە لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە؟ واتە لەدوای ڕوخانی دیواری بەرلینەوە؟**

- لە ڕاستیدا لە(دە) ساڵی یەکەمدا لە ١٩٨٩وە بۆ ١٩٩٩ بەرەوپێشچونی گەورەمان بینی، زۆرێك لە کۆمەڵگە داخراوەکان بەرەو کرانەوەچوون و لەم ڕووەوە گەشەکردنێکی گەورە ڕوویدا، بەڵام لە دە ساڵی دووەمدا واتە لەساڵی ١٩٩٩ەوە تاوەکو ئێستا هەمان ڕەوتی بەرەوپێشچوون بەدی ناکەین، بەڵکو پێدەچێت جیاوازییەکان قوڵتر و گەورەتربن.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من گەشبینم بەوەی بتوانرێت بەسەرکەوتویی قۆناغی ئینتیقاڵی لە کۆمەڵگەی داخراوەوە بەرەو کۆمەڵگەی کراوە تەواوبکرێت، بەڵام ئەمە کاری سەخت و کاتێکی درێژخایەنی دەوێت.



ئەوەی ڕوویدا سەرەتایەکی باش بوو، بەڵام زۆر دوور بوو لە هێنانەدی ئەو جیهانە میسالییەی کە ناکۆکی تێیدا ڕوونادات

**پرۆفیسۆر بین هیرزۆگ ئوستادی سیسیۆلۆژییە لە زانکۆی دۆرتمۆس و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر پێشکەوتنە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە و هەروەها مافی هاوڵاتیبوون لە کۆمەڵگەدا، سەبارەت بە گۆڕانکاری و بەرەو پێشەوە چوونەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە ٢٠ساڵی دوای رووخانی دیواری بەرلین پرۆفیسۆر هیرزۆگ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**بین هیرزۆگ بۆ گوڵان:**

# کولتووری کۆمەڵگەی ئازاد هاوردە ناکرێت و لەناو کۆمەڵگە بونیاد دەنرێت

*** وا مەزندە دەکرا لەگەڵ دەسپێکی سیستمی نوێی جیهان و سەرهەڵدانی جیهانگیری کە ئیدی کێشە ئیتنی نەتەوەییەکان لە جیهاندا کۆتایی بێت، بەڵام ئەمە نەهاتەدی؟**

- تەنانەت دوای کۆتایهاتنی شەڕی سارد و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت خەباتی نەتەوەیی بەردەوام بوو، هەرچەندە ئەوەی ڕوویدا سەرەتایەکی باش بوو، بەڵام زۆر دوور بوو لە هێنانەدی ئەو جیهانە میسالییەی کە ناکۆکی تێیدا ڕوونادات، لەبەر ئەوەی هێشتا دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئارادایە کە لە ناکۆکیدان لەگەڵ یەکدا. لەم چوارچێوەیەشدا هەندێ دەوڵەت ئامرازی نادیموکراتی بەکاردەهێنن بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەیارەکانیان.

*** کەواتە هێشتا ناتوانین هەنگاو هەڵگرتن بۆ کۆمەڵگەی ئازاد بە کارێکی ئاسان بزانین؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە، لە ڕاستیدا ناتوانرێت لە دەرەوەدا دیموکراسی و کۆمەڵگەیەکی ئازاد بەسەر کۆمەڵگەکانی دیکەدا بسەپێنرێت، بەڵکو دەبێت هەڵقوڵاوی هەناوی کۆمەڵگەکە بێت. هەرچەندە وڵاتانی دیکە، بە چەشنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانن هاوکاری ئەو وڵات و کۆمەڵگەیانە



**ناتوانریێت له دەرەوەدا دیموکراسی و کۆمەڵگەیەکی ئازاد بەسەر کۆمەڵگەکانی دیکەدا بسەپێنریێت**

بکەن کە خوازیاری هێنانەدی دیموکراتی و کۆمەڵگەیەکی ئازادن.

*** دوژمنەکانی کۆمەڵگەی ئازاد کێن، ئایا بۆچی هێشتا ئەم کۆمەڵگەیە دژومنی هەیە؟**

- ئەمە پرسیارێکی سەختە. ناتوانرێت ئاماژە بە وڵات و کۆمەڵگەیەك دیاریکراو بکرێت وەك دوژمنی کۆمەڵگەی ئازاد، لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە ئەو کەسانە دژی ئەم کۆمەڵگەیەن کە هۆکار و ئامرازی نادیموکراتی دەگرنەبەر بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و بەدەستهێنانی، کە لە هەموو کۆمەڵگە و وڵاتێکدا کەسانێك هەن هەوڵی ئیستیغلالکردنی بارودۆخەکە دەدەن لە بەرژەوەندی خۆیان. ئێمە دەتوانین ئاماژە بە چەند هەنگاو و پێوەرێك بکەین، وەك ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد و دیموکراتی و هێنانەدی و دابینکردنی مافە مەدەنییەکان.

*** بەپێی قسەکانی تۆ، واتە ئێمە پێویستە کلتوری کۆمەڵگەی ئازاد لە کۆمەڵگەی خۆمان بونیاد بنێین، ئایاچۆن ئەو کلتورە بونیاد دەنێین؟**



- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ناتوانرێت ئەم کەلتورە لە لایەن هێزەکانی دەرەوە بسەپێنرێت، بە داخەوە هەندێ جار کەسانێکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵگەکە بەرهەڵستی دروستبوون و گەشەکردنی کەلتورێکی لەم چەشنە دەکەن، بۆ نموونە ئەو پیاوانەی کۆنترۆڵی ژیان و چارەنوسی ژنان دەکەن، ئەو دەوڵەمەندانەی کۆنترۆڵی هەژاران دەکەن دژایەتی ئەم گۆڕانکارییە دەکەن. پێموایە ناتوانرێت کاتێکی دیاری کراو بۆ ئەم گۆڕان و قۆناغە ئینتیقالییە دیاری بکەین، ڕەنگە ئەمە زیاتر لەو بیست ساڵەی خایاندبێت کە ئێوە ئاماژەی بۆ دەکەن.

# توركیاو كوردو عوسمانیزم



سامی شۆڕش

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

تا ئێستا ئەوەی بە رووكەشی رووداوەكانی ناو توركیاوە دیارە، ئەوەیە كە حزبی دادپەروەری و بوژانەوەی فەرمانڕەوا، خەریكی سەر لە نوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی توركیایە لەسەر بنەمای بیرۆكەی عوسمانیزم بە تایبەتی لە بواری دەستوورو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكاندا، بەڵام ئەوەی تا ئێستا تەمومژاویە و بە زەحمەت پەی پێ دەبرێت ئەوەیە كە ئایا ئەو عوسمانیزمەی لە توركیا باسی لێوە دەكرێت چ عوسمانیزمێكە؟

ئایا هەمان ئەو عوسمانیزمەیە كە كاتی خۆی سوڵتانەكانی باب ئەلعالی دایانمەزراندو پاشانیش لە دوای شەڕی جیهانیی یەكەم لە سەر دەستی مستەفا كەمال ئەتاتورك رووخێنراو كۆماری هاوچەرخی توركیا لە سەر داروپەردووەكەی دامەزرێنرا؟ یان چەمكێكی تازەو مەودایەكی شارستانی و سیاسیی ئەوتۆیە كە چ بڕ پەیوەندیی بە مێژووەوە نییە؟ بە كورتی، تا ئێستا بە دیققەت روون نەبۆتەوە **ئایا توركیای ئەمڕۆ دەیەوێت لە ڕێگەی عوسمانیزمەوە مێژوو تازە بكاتەوە یان داهاتوو دروست بكات؟**

بە هەر حاڵ، جێگەی خۆیەتی، لێرەدا، ئیشارەت بەوە بكرێت كە توركیا هەڵەیەكی كوشندەو گەورەو جەرگبڕ دەكات ئەگەر مەبەستی لە هەوڵەكانی ئەمڕۆی، دامەزراندنەوەی هەمان عوسمانیزمی كۆن بێت. لە بەرامبەردا قازانجێكی زۆر بە خۆی و بە دەورووپشتە ناوچەیی و جیهانییە موسوڵمانەكەی دەگەیەنێت ئەگەر ناوەڕۆكە كۆنەكە فڕێ بدات و لە تەوژمەكانی دیموكراسیی جیهانی ئەمڕۆوە، سەرچاوەی بیرۆكەی عوسمانیزم هەڵێنجێت و هەوڵی نوێ كردنەوەی ئەو بیرۆكەیە بدات. بێگومان، دەوڵەتی عوسمانیی كۆن یادگارێكی تەلخە لە زەینی رۆژهەڵاتدا. بۆیە توركیای ئەمڕۆ، ئەگەر بیەوێت ئەو یادگارە زیندوو بكاتەوە، ئەوا وا چاكە چاو لە داهاتوو ببڕێت نەك رابردوو.

لە راستیدا، دەوڵەتی عوسمانیی كۆن، كۆمەڵێك كەموكورتی و پەڵەی رەش و لایەنی خراپی وای هەبووە كە لە غەیری دابڕان و گۆشەگیری و دەماری شەڕو ناكۆكی و هەڵوەشانەوە، هیچ ڕێگەیەكی دیكەی بۆ نەهێشتبووەوە. زۆربەی كێشەو گیروگرفتەكانی ئەمڕۆی دەوڵەتی توركیا میراتی عوسمانییەكانن. خۆ دەربازكرد لەو كێشەو گیروگرفتانە دەبێت لە سەر بنەمای خۆ دەرباز كردن لە عوسمانیی كۆن دابمەزرێت.

هەر بۆ وەبیرهێنانەوە، یەك لە كەموكورتییەكانی ئیمپراتۆری عوسمانی: كەم بایەخدانی ئەو دەوڵەتە بوو بە تازەكردنەوەی ئابووری و بازرگانی و گەشەپێدانی پەیوەندییەكی هاوتەباو بەرهەمهێنەر لەگەڵ جیهان و دەورووپشت. كەموكورتییەكی دیكەی ئەوە بوو دەوڵەت و كۆمەڵگا لەسەر بناغەی كەلتوورێكی سەقامگیری كۆن دامەزرابوون و تازەكردنەوەیان قەبووڵ نەدەكرد. هی سێیەمیش ئەوە بوو پەیوەندییەكانی ناوخۆی، بە تایبەتی لەسەر ئاستی پەیوەندیی لەگەڵ ئەو میللەتانەی لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتەكەدا كۆكرابوونەوە توندوتیژو خوێناوی بوو. لە راستیدا ئەم خەسڵەتانە بوون وایان كرد مستەفا كەمال ئەتاتورك لە دوای دامەزراندنی كۆمارە تازەكەی هەر زوو دروشمی (ئاشتی لە ناو وڵات و ئاشتی لە دەرەوە) هەڵبگرێت و بیكاتە بیرۆكە سەرەكییەكەی دەوڵەتی تازەی توركیا. عوسمانییەكان ئەم دوو ئاشتییەیان پشتگوێ خستبوو.

ئەگەر مەبەست لە چەمكی (سەر لە نوێ دامەزراندنەوەی عوسمانیزمی كۆن) گێڕانەوەی شكۆی نەتەوەیی و ئایینی تورك بێت، ئەوا توركیای ئەمڕۆ هەڵەیەكی كوشندە دەكات. شایەنی باسە، میللەت و كۆمەڵگاو دەوڵەت لە توركیادا هەمیشە ئیمپراتۆری عوسمانی بە یەك لە سەروەرییە گەورەكانی خۆیان دەزانن. بگرە ئەنجامەكانی شەڕی جیهانیی یەكەم كە بە شكستهێنانی دەوڵەتی عوسمانی كۆتایی هات، لە مێژووی هاوچەرخی توركیادا بە ئیهانەیەكی گەورەی نەتەوەیی لە قەڵەم دەدرێت و بەردەوام هەوڵ دەدرێت شكۆ كۆنەكەی ئەو دەوڵەتە بگێڕدرێتەوەو تەیمورلەنگ لە گۆڕە نادیارەكەی راست بێتەوەو پەیامی شكۆداری نەسڵی بۆغوز بە جیهان بگەیەنێتەوە. ئەم خەونە، ئەگەر ببێتە هاندەرە سەرەكییەكەی عوسمانیزمی ئەمڕۆ، ئەوا لە ئێستەوە زیانێكی بێ ئەندازە بە تورك خۆی و بە میللەتانی ناوچەكە و بە جیهان دەگات.

بەڵام، تا ئێستا چ پێ ناچێت، ئەنقەرە، خەریكی زیندوو كردنەوەی كەلتووری سیاسییەكەی عوسمانیی كۆن بێت، ئەوە راستە لەگەڵ ئەوەی، لە لایەك، خۆشكردنی پەیوەندییە ناوچەییەكانی توركیا زۆرتر پێداگیری

لەسەر خۆشکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی موسوڵمان دەکات. بەم دواییە، گەرمتر بوونی پەیوەندییەکانی ئەنقەرەو تاران، ئەنقەرەو دیمەشق نیشانەیەکی ئەو حاڵەتیە، هەروەها پشتگیری کردنی کەرتی غەززەی فەڵەستینی بەڵگەیە کە تورك بە لایەنانەوە گرنگە پێناسە کۆنەکەی عوسمانی پیشانی جیهان بدەنەوە.

بەڵام، لەو بەرامبەرەدا، تا ئێستاش بە شێوەیەکی روون دیار نییە مەبەست لە چەمکەکە نوێکردنەوەی عوسمانیزمی کۆن بێت. ئەوەش راستە ئەگەرچی هێمای ئەوتۆ لە گۆڕێ دایە نیشانی دەدات ئەنقەرە بە تەنگ کرانەوەیەکی جیددیە بەسەر ئەورووپاو فەزای ناوخۆی و دەروجیرانی. چارەسەر بوونی کێشەکانی ئەنقەرە لەگەڵ کوردستانی عێراق و ئەرمینیاو ئێران و سوریاو یۆنان و عێراق نیشانەن بۆ ئەو راو بۆچوونە. لەگەڵ ئەوەش، هەندێك لە چاودێران ئەو جۆرە کرانەوانە بەهێما نازانن بۆ تازەگەرێتی عوسمانیزم. بگرە باس لەوە دەکەن کە عوسمانیەکان لەکاتی خۆیدا ئەوانیش، وەك تورکیای ئەمڕۆ، خەونی گەیشتنە ئەورووپایان هەبوو. ئەوانیش حەزیان بە هەڵکشان بوو بۆ ناو کۆمەڵگەی ئەورووپایی. لێرەدا، ئەوەی مەنتیقی ئەم بۆچوونە لاواز دەکات ئەوەیە کە عوسمانیی کۆن بە سوپاو شەڕو داگیرکردن دەیەوێت بگاتە ئەورووپا. بەڵام تورکیای ئەمڕۆ دەیەوێت لە رێگەی هەماهەنگی ئابووری و تێکەڵاوی کەلتووری ئەو ئامانجە بپێکێت.

بە هەر حاڵ، بانگ هەڵدێرانی عوسمانیزم لە تورکیا، بە تایبەتی وەزیری دەرەوەی وڵاتەکە ئەحمەد داوودئۆغلو، لەبەردەم تاقی کردنەوەیەکی تازە دان: یان ئەوەتا بۆ جارێکی تریش وڵاتەکەیان تووشی شەڕی پێناسە دەکەنەوە لەگەڵ ئەورووپاو رۆژئاوا، ئینجا، سەر لە نوێ، لە بواری چاکسازی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری تووشی شکستی دێنن وەك چۆن سوڵتانەکانی دوا قۆناغی دەوڵەتی عوسمانی تووش هاتن و مایەکەی لە دەستدانی دەوڵەتەکەیان بوو. یان ئەوەتا کەڵك لە مەودا بەرفراوانەکەی عوسمانیزم وەردەگرن و کۆمەڵێك بنەماو ئالیەتی ناو دەوڵەتە کۆنەکە دەگۆڕن و خۆ لەگەڵ جیهانی تازە دەگونجێنن.

هەندێك لەوانەی بایەخ بەو مەسەلەیە دەدەن هەمیشە بە گیانی گومانەوە ئەوە وەبیر دێننەوە کە کرانەوەی ئەم دواییەی حکومەتی رەجەب تەییب ئۆردوگان بەسەر کوردو کێشەی کورد رەنگە دیاردەیەکی کاتی بێت و لە ئەنجامدا تورکیا نەتوانێت داهێنەرانە بە سەر کوردو مەسیحی و جوو و ئەرمەن و عەرەب دا بکرێتەوە. ئەوەش وەبیر دێننەوە کە لە سەردەمی عوسمانییە کۆنەکاندا، لە سەدەی شانزە، هەوڵێکی جیددی درا تا دەوڵەتی تورکیا بەسەر کورددا بکرێتەوەو رێگە بە سەربەخۆیی میرنشینە کوردەکان بدرێت، بەڵام لە ئەنجامدا نەك نەیتوانی ئەم کرانەوەیە تا سەر ببات، بگرە کارەکە بەوە شکایەوە دەوڵەت شەڕیکی خوێناوی لە دژی کوردو پاشتریش لە دژی ئەرمەن بەرپا بکات.

عوسمانیزمی تازە لە چەند لایەکەوە بەرژەوەندییەکی بنەڕەتی بۆ تورکیاو ناوچەکەو جیهان دابین دەکات، گەورەترین ئەو بەرژەوەندییانە دروست بوونی ناوەندێکی ئەکتیڤ لە ناو جیهانی موسوڵمانە. مەعلوومە تا ئەمڕۆ ئەم جیهانە بێ ناوەندێکی لەو بابەتە دەژییێت. بەرژەوەندییەکی دیکە ئەوەیە ئاشتەواییەکی گرنگ لە نێوان دیموکراسی و دەوڵەت دادەمەزرێنێت. هی دیکەی ئەوەیە جولانێکی کاریگەری ئابووری بۆ تورکیاو ناوچەکە لە سەر بنەمای میحوەری ناوچەیی دێنێتە ئاراوە. لە سەردەمی ئەمڕۆدا دەوڵەتان تاکە تاکە، یان بە دابڕان لە دەورووپشت و جیهان، توانستی بەرەو پێشەوە چوونیان نییە. ئەم بەرەوپێشەوە چوونە بەندە بە مەودای ئەو هاوکاری و هەماهەنگییە ئابووری و بازرگانییەی لەگەڵ میحوەری دەوڵەتانی دەورووپشت لەلایەك و لەگەڵ دەوڵەتانی جیهان لە لایەکی دیکە دروست دەکرێت بە تایبەتی لە بواری بوژانەوەی هاوبەشدا. عوسمانیزمی کۆن ئەو دەرفەتە لە دەست دەدات، واتە تورکیا بەرەو کزی و لاوازی و دابڕان و گۆشەگیری دەباتەوە.

رەنگە پەیوەندییەکانی ئەنقەرەو ئێریڤان نموونەیەکی چاك بێت لەمبوارە. ئێریڤان پەیوەندییەکانی تازە کردۆتەوە لەگەڵ ئەنقەرە بەوەی تورکیا خەریکە لە قاوغە کۆنەکەی دەردەچێت. هەر گەڕانەوەیەکی ئەنقەرە بۆ کۆن سەراپای ئەو پەیوەندییە تێك دەداتەوە.

بەڵام عوسمانیزمی تازە، بە پێچەوانەوە، تورکیاو دەورووپشتیش بەرەو بوژانەوە دەبات. قازانجی لەوەدایە تورکیا دەبێتە بنکەی میحوەرێکی ئابووریی گرنگ لەناوچەکەدا. لەو حاڵەتەدا، نەك تەنیا کێشە سیاسییەکانی لەگەڵ دەورووپشت و ناوەخۆ دەکوژێتەوە، بگرە وەك ناوەندێکی ئابووری و سیاسیی بەهێز توانستی ئەوەش پەیدا دەکات گەرمترو چالاکانەترو جیددیتر خەریکی کوژاندنەوەی ئاگری ناکۆکییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت.مەسەلەیەکی دیکەی بواری عوسمانیزمی تازە ئەوەیە کە ئەم عوسمانیزمە بە پێچەوانەی چەمکە کۆنەکە پێویستیی بە ناوەخۆیەکی گونجاوو تۆکمە هەیە،کە تیایدا هەموو پێکهاتەکان بەوپەڕی تواناو داهێنانەوە بەشداریی پرۆسەی گەشەپێدانی دەوڵەت بکەن. لەم حاڵەتەدا، بۆ تورکیای تازە گرنگە نەك تەنیا شەڕ لە دژی کورد بووەستێنێت. ئینجا، نەك تەنیا هەندێك مافی رۆشنبیری و سیاسی بۆ کورد دابین بکات. بەڵکو لەوە زۆرتر، کوردو پێکهاتەکانی دیکە، بونیاتێکی بەهێز دروست بکەن لە ناو دەوڵەتدا. زهنیەتی گشتیی کۆمەڵگای تورکی نەك تەنیا قبوڵیان بکات، بەڵکو یەکسانی و هاوتەرییبیشیان بۆ دابین بکات.

بە هەر حاڵ، تورکیا لەبەردەم تاقی کردنەوەیەکی گەورە دایە لەبواری خۆتازەکردنەوەو هەڵوێست لەبەرامبەر عوسمانیزمی کۆن و تازە. رەنگە بە دیققەت وردەکارییەکان لەبەرچاو نەبن. بەڵام گەورەترین تەحەددا لە بەردەم تورکیای ئەمڕۆ ئەو تاقی کردنەوەیە. بانگ هەڵدێرانی عوسمانیزم لە تورکیا بەرپرسی یەکەمن لەوەی کە چۆن ئەو تەحەددایە یەك لا دەکەنەوە.

**زۆربەی کێشەو گیروگرفتەکانی ئەمڕۆی دەوڵەتی تورکیا میراتی عوسمانیەکانن**

**کرانەوەی ئەم دواییەی حکومەتی رەجەب تەییب ئۆردوگان بەسەر کوردو کێشەی کورد رەنگە دیاردەیەکی کاتی بێت و لە ئەنجامدا تورکیا نەتوانێت داهێنەرانە بە سەر کوردو مەسیحی و جوو و ئەرمەن و عەرەب دا بکرێتەوە**

# ئەو جومگەیەی سەرەوەو



گفتوگۆکردن لەسەر ئابووری بازاڕو پەرەپێدانی ئابووری لەهەرێمی کوردستان، بێ باسکردنی چینی ناوەندو گەڕانەوە بۆ ئەو هۆکارانەی کەوایانکردووە ئەم چینە گرنگەی ناوکۆمەڵگا دروست نەبێت یاخود نەبێتە خاوەنی پێگەیەکی بەهێز، لەسوڕانەوە لەناوبازنەیەکی داخراوی بەتاڵ زیاتر هیچ شتێکی تر ناگەیەنێت، زۆر لەئابووریناسان هۆکارێکی سەرەکی شکستی ئەزموونەکانی دیموکراتی و گەیشتن بەئابووری بازاڕ لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی ئەم چینە، راستە بنیاتنانەوەی ئابووری و پاراستنی ئەزموونی هەرێمەکەو بەرەوپێشبردنی دەکەوێتە ئەستۆی هەموو چین و توێژەکانی ناوکۆمەڵگا، بەڵام رۆڵی سەرەکی و کاریگەر دەکەوێتە ئەستۆی چینی ناوەند، ئەم چینە سەنگ و قورسایی خۆی هەیە بەپێچەوانەی هەردووچینی سەرمایەدارو هەژارەوە، دەوڵەمەند سەرقاڵی کۆکردنەوەی پارەو داهات و پاراستنی بەرژەوەندی تایبەت بەخۆیانن، ١٨ ساڵەی خۆبەڕێوەبردنی کوردستان و پێشکەشکردنی ئاسانکاری و یارمەتی بۆ کەرتی تایبەت و تێکدانی رەوشی بازاڕو نانەوەی پشێوی و بێ بەرهەمی ئابووری ئەم قسەیەی سەلماند، هەژارو هاوڵاتی کەم دەرامەتیش لەخەمی کارو بژێوی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیاندان، کەوایکردووە سەرەڕای قوربانی و فیداکارییەکانیان نەتوانن هەنگاوی گەورەو خێرا بنێن بەرەو گۆڕانکاری و چاکسازی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کاریگەر ..

چینی ناوەند بەواتای ژیانێکی خۆشگوزەران و ئاستێکی بەرزی کارو خواستێکی باشی کڕین دێت، ئەم چینە داهاتیان لەچینی هەژار زیاترەو بەپێی ئاستی ئابووری وڵاتەکە ئەو داهاتەی لەو کۆمەڵگاو وڵاتە هەیە بەشی ژیانێکی خۆشگوزەرانی دەکات، پێکهاتەی چینی ناوەند وایکردووە رۆڵی هاوسەنگییەك لەکۆمەڵگا ببینێت و باڵانسێك بێت لەنێوان دوو چینەکەی تر، هاوکات وەکو جومگەیەك وایێت لەنێوان هەردوو چینی کەمینەی سەرمایەدارو زۆرینەی هەژار، مامۆستاو رۆشنبیرو دکتۆرو پارێزەرو ئەندازیاران و فەرمانبەران و خاوەن پیشەوەرە بچوکەکان و بیزنسکارە مامناوەندەکان و بازرگانەکانی ناو بازاڕو کەسە تەکنۆکراتییەکان کە بەپێگە سەرەکییەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا دادەنرێن بەگرنگترین پێکهاتەی چینی

چینی ناوەند خاوەنی هۆشیاری و زانیارییەکی رادەبەدەربێت و توانای داهێنان و بیرۆکەو ئاراستەی نوێی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری هەبێت، کەبۆ گواستنەوەی کۆمەڵگا بەرەو دیموکراتییەت پێویستە

# خوارەوە دەچوڵێنێت

ناوەنــد دادەنرێــن، ئــەم پێکهاتەیەش وایکــردووە چینــی ناوەنــد خاوەنی هۆشیاری و زانیارییەکی رادەبەدەربێت و توانای داهێنان و بیرۆکەو ئاراستەی نوێــی گۆڕانــکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری هەبێت، کەبۆ گواســتنەوەی کۆمەڵگا بەرەو دیموکراتییەت پێویستە، دەرنەکەوتــن و لاوازی پێگــەی ئەم چینــە کەمــەی ناوەنــد کەهەیە و پارچەپارچەبوونی بەسەر پارتە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانیانــەوە ئەوەنــدەی تــر پێگەکانــی لەهەرێمەکــەدا لاواز کردووەو یەکگرتووی تێدا نەهێشــتووە، بــەڵام لەلایەکی تــرەوە باشــبوونی بارودۆخی بژێوی ژیان و کەمبوونەوەی رێژەی هەژاری لەکوردســتان بۆ ٤٪ لەکاتێکــدا لە عێــراق ٢٣٪ یە(بەپێی زانیارییەکانــی وەزارەتــی پلاندانانی عێراق) ئومێدێکە بۆ دەرکەوتنی چینی ناوەند، حکومەتی هەرێمیش لەڕێگای بنیاتنانەوەی ژێرخان و خزمەتگوزاری و چاکســازییەکان دەنێــت و، لەنــاو تاکەکانی ناوکۆمەڵگاش دا ویســت و خواســتی گەیشــتن بەدیموکراتییەت و هەوڵــی باشــکردن و بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەسی هەیە، لەم بۆچوونەوە ناکرێــت حوکمێکی کوێرانــە بدەین و بڵێین لەمــاوەی رابردوو هیچ نەکراوەو بواری بژێوی ژیان گۆڕانکاری بەسەر نەهاتووە، هەر لەهەڵەکانی کارەوە تاوەکو باشــبوونی ئاستی مووچەو زیادبوونی خزمەتگوزارییــە ســەرەکییەکانی ئــاوو کارەباو نەخۆشــخانەو ژێرخان و ڕێگاوبانەکان ..، بەڵام ئاســتەنگ و بەربەســتەکانی بەردەم جێبەجێکردنی بنەماکانــی لیبرالییەتــی ئابووری و گەیشتن بەئابووری بازاڕ ڕێگرە لەبەردەم دامەزرانی مۆدێرێکی نوێی ئابووری لەکوردســتاندا، بەبێ ئــەم ئابوورییە ناکرێت ببینە خاوەنی چینێکی بەهێزی ناوەند، چونکە تەنیــا بوونی چینەکە بەس نییە بەڵکو پێکەوپایەی بەهێزی و فراوانبوون و دەربازبوون لەپەرتەوازەیی و بەپەراوێزبوونی گرنگە .

ئــەم توێــژە لەعێــراق و هەرێمــی کوردستان بوونی لاوازە، نزامی سیاسی دیموکراتی تاچەند پێویستی بەم چینە هەیە؟ لەئەزموونی ئەندەنووسیاوە فێری چی دەبین؟ بەبێ ئەم چینە پرۆسەی سیاسی و ئابووری لەبەردەم داڕماندایە . چی بکرێت بۆ ئەوەی چینی ناوەند پێگەو هێزی هەبێت و ببێتە پاڵپشــتی بەهێزبوونــی ئەزموونــی سیاســی و پرۆسەی ئابووری لەکوردستان؟

چی بکرێت بۆ ئەوەی چینی ناوەند پێگەو هێزی هەبێت و ببێتە پاڵپشتی بەهێزبوونی ئەزموونی سیاسی و پرۆسەی ئابووری لەکوردستان ؟



عەقڵییەت شـــۆفێنی لەعێراق چینـــی ناوەندی لەناوبرد

چینـــی ناوەند لەمێژووی نوێی دەوڵەتی عێراق رۆڵی تایبەتـــی و ســـەرەکییان لەگۆڕانکاری و وێستگە گرنگەکان هەبووە، دەرکەوتنی تەواوی ئەم چینە لەعێراق لەناوەڕاستی حەفتاکان و سەرەتای هەشـــتاکان بوو، بەڵام بەهۆی شەڕی بەغدا دژ بەهەرێمەکـــەو دانیشـــتوانەکەی و پەیڕەوکردنی سیاســـەتی تەعریب و راگواستن و تێکدانی گوند و ژێرخانی هەرێمەکە. ئـــەم دەرکەوتنەی چینی ناوەند لەعێـــراق هەرێمی کوردســـتانی نەکردەوە، جگە لەناو ســـەنتەری شارە گەورەکان نەبێت لێرەو لەوێ چەنـــد چینێکی ناوەند لەناو مامۆســـتاو فەرمانبـــەران بوونیـــان هەبـــوو، دواتربەهـــۆی عەقڵییەتی شۆفێنی عەرەب و سیاسەتی چەوتی ئابووری و تاکڕەوییەوە، حکومڕانی رژێمی بەعس گەلانی عێراقی بەلکێشی جەنگی هەشت ساڵەی ئێرانی کردوو گورزێکی توندی ئاراســـتەی ئەم چینە کـــرد، داگیرکردنی کوێـــت و جەنگە یەك لەدوای یەکەکانی کەنداوو گەمارۆی ئابووری و کۆچکردن و رووکردنە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی تر، ئەمانە هەمووی شوێنەواری خراپی بەجێهێشت لـــەرووی هەڵئاوســـانی نرخـــەکان و دواکەوتنی هۆشـــیاری و دەرکەوتنی کەســـانی هەلپەرســـت و گەنـــدەڵ لەنـــاو چینەکەدا، بەمـــەش تەواوی ئومێدەکان بەگەشـــەکردنی ئابووری و دەرکەوتن و بەهێزبوونی چینی ناوەنـــدی لەناوبرا، بەڕادەیەك دەتوانرا ئـــەو ســـەردەمە» خواحافیزی لەچینی ناوەندی عێراق و کوردستانیش بکەین « کەلەگەڵ

تێکەڵبوونی چینی ناوەند بەبەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و بیروبۆچوونی توندی ئیسلامی رۆڵ و ئاراستەی سروشتی ئەم توێژە دەگۆڕێت و، مەیلی لەچاکسازی و دادپەروەری و ئازادییەوە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و تێکەڵبوون بەگەندەڵی و بێ دەنگی بەلکێش دەکات


خۆیدا کۆتایی بەگەیشتن بەکۆمەڵگای مەدەنیش هێنا، لەلایەکی تـــرەوە تێکەڵبوونی چینی ناوەند بەبەرژەوەندی تەســـکی حزبایەتی و بیروبۆچوونی توندی ئیســـلامی رۆڵ و ئاراســـتەی سروشتی ئـــەم توێژە دەگۆڕێت و، مەیلی لەچاکســـازی و دادپـــەروەری و ئازادییەوە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و تێکەڵبـــوون بەگەندەڵی و بـــێ دەنگی بەلکێش دەکات. لەم روانگەیەوە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتانە بەیاســـاو چەســـپاندنی بنەماکانی ئابووری بـــازاڕ هەوڵی دروســـتبوونی ئەم چینە بدات، ئەم ئەرکەش دەکەوێتە سەر هەموو کایەکانی ناو کۆمەڵگا بەخودی هاوڵاتیانیشەوە، تاوەکو یاسا ســـەروەر نەبێت چینی ناوەندو بیرۆکراسی ئیجابی دروســـت نابێت، لەبری ئەوە دەســـەڵاتی سیاسی ئابووری تەسلیمی کەمینەیەکی چاوچنۆك بکات و بەکەیفی خۆیان ئابووری هەڵســـوڕێنن، کێبرکێ دروســـت دەکات کـــە گرنگتریـــن کاراکتەرەکانی پێشکەوتن و باشـــکردنی کوالێتی و چەندایەتییە و چینی ناوەند دەبوژێنێتـــەوە، ئەو چینەی وەکو جومگەیەك وایە ســـەرەوەو خـــوارەوە دەچولێنێت، بەمەش بەدروســـتبوونی چینی ناوەند حکومەت دەبێتە فەرمانبەری گەل، چونکە گەل باج دەدات و خزمەتگـــوزاری باشـــی لەحکومـــەت دەوێت، مەرجیش نییـــە چاوەڕێی حکومەتـــی ناوەندی بیـــن، حکومەتێك کەوتبێتە نـــاو ململانێی ئاینی و مەزهەبی و بەرژەوەندی تەســـکی حزبایەتی و ناسەقامگیری سیاســـی و نائارامی ئەمنییەتەوە کەهەرهەمووی کۆمەڵگا راپێچی مەرگی چینی ناوەند دەکات، چـــی لێ چاوەڕوان دەکرێ، ئەوەتا

بەو هەموو داهاتەی نـــەوت و یارمەتی وڵاتانی کۆمەك بەخش کەچی کەرتی بەرهەمهێنانی نەوت وکارەبای بۆ دواوە ڕۆشتەوە

گەڕاندنەوەی هێزو پێگەی راســـتەقینەی چینی ناوەند گەورەترین تەحـــەددای بەردەم کۆمەڵگای کوردســـتانییە. ئەم تەحەددایەش کارێکی ئاستەم نییە گەرچی ماندوبوون و کاری جیددی دەوێت، بەبوونـــی دەرامەتـــی دەوڵەمەندی سروشـــتی و مرۆیی و توێژێکی زۆری فەرمانبەرو پیشـــەوەرە بچووکەکان و پارێزەرو مامۆستاو دکتۆرو ئەندازیارو بوونی ویست خواستی چاکسازی باشترین ژینگە بۆ دەرکەوتنی چینی ناوەند دروستبووە، کەلەگەڵ سەقامگیری سیاســـی و ئارامی بواری ئاسایش ڕێگا خۆشکەرە بۆ بەهێزبوونی پێگەی چینەکە.

## چینی ناوەند کۆمەڵگا لەدواکەوتەیی و گروپی ئیسلامی توندڕەو دەرباز دەکات

چی وایکرد تونس و ئەندەنووســـیا ببنە خاوەنی رێژەیەکـــی بەرزی چینی ناوەنـــدو هەژاری کەم بکەنەوە، لەنـــاو وڵاتانی عەرەبیـــدا تونس تەنیا وڵاتێکە کەنـــەك تەنیا هەوڵـــی داوە پارێزگاری لەچینی ناوەند بـــکات، بەڵکو ئەم چینەی پتەوو بەهێزکـــردووە، ســـندوقی پاڵپشـــتیکردنی ناوچە هـــەژارەکان و دامەزراندنی بانکی هاوکاریکردنی تونســـی کە هەڵدەستێ بەپێدانی قەرز بۆ پرۆژەی بچووك و مامناوەندی هەمووی هۆکارێك بوو بۆ بەهێزکردن و پاڵپشـــتیکردنی توێژی ناوەند، بگرە ڕێگر بوون لەبەردەم کودەتـــاو هاتنی بزووتنەوەی ئیســـلامی توندڕەو. ئەم چینە زیاتر خەمخۆری چاکســـازی و دیموکراتییـــەت و پێشـــکەوتنی




گەڕاندنەوەی هێزو پێگەی راستەقینەی چینی ناوەند گەورەترین تەحەددای بەردەم کۆمەڵگای کوردستانییە



رۆشـــنبیری و هونـــەری و کۆمەڵایەتیـــن و ڕووبەڕووی هەموو دیکتاتۆرییەت و بزووتنەوەیەکی توندی ئیتەنی و ئاینـــی دەبنەوە، پێگەو پایەی بەهێـــزی ئەم چینە بوو لەتونس کەلە ســـەرەتایی هەشـــتاکان وایکرد بزوتنەوەو گروپە ئیســـلامییە توندڕەوەکان دەســـەڵات نەگرنەدەست و سنوورێکی بۆلاینیان لەبەردەم هەڵکشانی تەیارو بزووتنەوەی توندڕەوی ئیسلامییەکان دانا، بەمەش سیاسەت لەو وڵاتەدا ســـەقامگیری بەدەســـتهێنا، هەر ئەم سەقامگیرییەش بوو وای لەمەغریب کرد ئامانجی ستراتیژی سەرجەم سیاسەت و بەرنامەکانی وڵات لەپێناو بەهێزکردنی پێگەی چینی ناوەند دابنێت . سەرکردەکانی ئەندەنووسیاش ئامانجی سەرەکییان پەرەپێدانی باری ژیانی خەڵکی بوو، تاوەکو ڕێگا خۆش بکەن بـــۆ دەرکەوتن و بگـــرە بەهێزبوونی چینی ناوەند، بەڵام ئەمە تەنیا ئەرکی سەرشانی دەســـەڵات نەبـــوو، بگـــرە ئەندەنووســـییەکانیش بەهاوشێوەی دەسەڵاتەکەیان هەمان مەیلی گۆڕانی ئابووریء کۆمەڵایەتییان هەبوو.لەکیشوەری ڕەشی هەژارەوە بتســـوانا تاکە وڵاتـــی ئەفەریقایی بوو کەسەرکردەکانیان دەسەڵاتیان قۆرخ نەکردوو بوونی سامانی ئەڵماســـیان نەکرد بەحەزو خولیایەك بۆ مانەوەی دەسەڵاتی تاکڕەویی و دیکتاتۆری بەڵکو دەستاودەستکردنی دەســـەڵاتییان هەڵبژاردو بوونە خاوەنی ئەزموونێکی دیموکراســـی و سەقامگیر، بەمەش بتسوانا لەوڵاتێکی ئەفەریقیایی هەژارەوە بەهۆی ستراتیژییەتی دابەشکردنی دادپەروەرانەی ســـامان و نەهێشـــتنی قۆرخکاری سیاســـی و ئابووری چینـــی ناوەند بووە خـــاوەن پێگەیەکی ئابووری بەهێزو ئابووریی بتسواناش بەشێوەیەکی سەرســـوڕهێنەرو خێرا گەشـــەی کردوو داهاتی تاکەکەسی گەیشتە ١٠ هەزار دۆلاری ئەمەریکی و ناوی لەپێشەنگی ئەو وڵاتانە هات کەگەشەی خێرای بەخۆوە بینیوە..

دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاســـیاو بتسواناو شیلی و کۆســـتەریکا چەندین ئەزموونی سەرکەوتووی تر هەروا لەخۆڕا نەبوونە خاوەنی چینی ناوەندو ناوی وڵاتەکانیـــان لەڕیزبەندی پێشـــەوەی ئەو وڵاتانە نەهات،کە بەشەفافییەت و چاکسازی ناوبانگیان هەبـــوو، بەڵکو باجیان بۆ ئـــازادی و دیموکراتی داوە لەپێناو دامەزرانی چینی ناوەند، چەسپاندنی بنەماکانی لیبرالییەت و ئابووری بازاڕ بێ هەوڵ و ماندووبـــوون و باجـــدان دروســـت نابێت، کاری جیددی تاکەکان و دڵســـۆزیان بـــۆ حکومەت و وڵاتەکەیان خواســـت و ویستی چاکسازی دروست دەبێت، تەنیا لەم حاڵەتەدا فشار بۆ دەسەڵاتەکانیش دەهێنرێت .

## چینی ناوەند پاڵپشتی بەهێزبوونی ئەزموونی سیاسی کوردستانە

لەراپۆرتێکـــی تایبەت بەیەکێتـــی ئەورووپا هاتووە کەلیژنەیەکی تایبـــەت بەبارودۆخی کۆمەڵایەتی سەرپەرشـــتی دەکات: ئەو ١٠ وڵاتـــەی دوایی کەبوونە ئەنـــدام لەیەکێتی ئەورووپا ناتوانن لەگەڵ دۆخی ئابووری جیهان بگونجێن و گەشـــە بکەن تاوەکـــو نەبنە خاوەنی چینێکـــی ناوەندی بەهێز، بگرە لەزۆربـــەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکاندا هاتووە ئەم چینە پاڵپشـــتی ســـەقامگیری سیاســـی و پێشکەوتنی دیموکراتییە، لەم بارودۆخەی هەرێمی کوردســـتان و ڕووبەڕووبوونەوەکانی لەگەڵ بەغدا بۆ بەدەســـتهێنانی مافەکانی گەلانی کوردستان بێ دروســـتبوونی ئەم چینـــە ناکرێت هەوڵەکانی سیاســـەتمەدارانی هەرێم ســـەرکەوتوو بێت، تەنیا بەئاوەدانکردنـــەوەو پێشـــکەوتنی وەبەرهێنـــان و بەرزکردنەوەی باڵەخانەکان چینی ناوەند دروســـت نابێت، بەڵکو بەدابەشـــکردنی دادپەروەرانەی ئەم پێشکەوتنەو بەشداری زۆرینە لەپرۆسەی ئابووری کەتێیدا چینی ناوەند پشـــکی شێری بەرکەوێت، لەهەرێمـــی کوردســـتان چینی ناوەنـــد دەتوانێت باڵانس ڕاگرێت و هاوســـەنگییەك بەخواســـت و خستنەروو بدات، هەموو ئابووریناسێك ئەو ڕاستییە دەزانێـــت گەر کڕیارو خواســـتێکی بـــاش نەبێت هەمـــوو هەوڵەکانی بەرهەمهێنـــان و وەبەرهێنان شکست دەهێنێت و بێبازاڕی لێدەکەوێتەوە.واقیعی ئەمـــڕۆی ئابووری هەرێمەکـــە بوونی کەرتێکی گشـــتی قورس نیشـــانمان دەدات،کە کاریگری نێگەتیڤی لەســـەر ئابووری هەرێم داناوە، ئەمەش بەهۆی خراپ بەڕێوەبردنی ئابووری و کارگێڕی حکومەتـــەوە کەوتۆتەوە، بۆیە کاتـــی ئەوەهاتووە دروشم و بەرنامەو پلانەکانی حکومەت ببێتە کاری جیددی و هەنگاوی پراکتیکی بۆ بنرێت، دانانی پلانی ئابووری و ســـتراتیژییەتێك بۆ کاری ئایندە لەخاڵە سەرەکی و گرنگەگانی بەردەم چاکسازی ئابووری دادەنرێت و، مەرجیشە پرۆسەی سیاسی و دەستاودەســـت کردنی دەســـەڵات بەشێوازێکی دیموکراتـــی بـــەردەوام بێت، چونکە ئەم شـــێوازە زامنی شـــەفافییەت و دوورکەوتنەوە لەگەندەڵی

سەرکردەکانی ئەندەنووسیا ئامانجی سەرەکییان بەهێزبوونی چینی ناوەند، بەڵام ئەمە تەنیا ئەرکی سەرشانی دەسەڵات نەبوو، بگرە ئەندەنووسییەکانیش بەهاوشێوەی دەسەڵاتەکەیان هەمان مەیلی گۆڕانی ئابووریء کۆمەڵایەتییان هەبوو

بتسوانا لەوڵاتێکی ئەفەریقیایی هەژارەوە بەهۆی ستراتیژییەتی دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان و نەهێشتنی قۆرخکاری سیاسی و ئابووری چینی ناوەند بووە خاوەن پێگەیەکی ئابووری بەهێزو ئابووریی بتسواناش بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرو خێرا گەشەی کرد

دەکات، شــەفافییەت و بنبرکردنــی گەندەڵیش بەبنەماکانی دروســتبوونی گەشــەی ئابووری دادەنرێــت و لەم گەشــەیەدا پێگەو دەســەڵاتی چینی ناوەند دەگەڕێتــەوە، کاتی ئەوەش هاتووە دووبارە چاوخشاندنەوە بەیاســاکانی وەبەرهێنان و کار بکەینــەوەو پانتاییەکی زیاتر بەپرۆژە بچووك و مامناوەندییەکانیــش بدەیــن و پیرۆزی بۆ کار بگەڕێنینەوە، یاســاکان بەشێوەیەك بێت کەتەعبیر لەئابووری وڵات بکات و جێبەجێ بکرێن . سەردەمی بەعس یاسا دەردەچوو، بەڵام رژێمی بەعس خۆی لەسەروو یاساوە دادەناوجێبەجێی نەدەکرد، پێویستە سەرمایە تێکەڵ بەئابووری بکرێت و کاریش پیرۆز بکرێــت، ماکس فیبەری فەیلەســوفی ئەلمانی لەبیردۆزەکەیدا زۆر گرنگی بەدوو خاڵ دا : (کار بیرۆز بێت و مافــی موڵکییەتی فیکری هەبێت )، کاتــی ئەوە هاتووە رێزگرتنی توێژو تاکەکانی ناوکۆمەڵگا تەنیا لەسەر بنەمای دروشمی سیاسی نەبێت،بۆ نموونــە ئافرەت توانای کارکردنی هەیە بۆیە پێویســتە هەموو زەمینەیەکی بۆ رێکبخرێت نەك تەنیــا بەپێدانی مووچەیەکی کەم بخرێتە ناو ژیانی مەمرەو مەژییەوە . بەمشێوەیە دەرکەوتن و بەهێزبوونی پێگەی ئافرەتان لەپرۆسەی ئابووری و سیاسی بەهاتنە پێشەوەو کارکردن دەبێت، کارێك کەوەکو ماکس فیبەر دەڵێت بیرۆز بکرێت و بەهای راستەقینەی بۆ بگەڕێنرێتەوە.

کاتی ئەوە هاتووە یاسا کەرتی تایبەت هەڵسوڕێنێت و ئەو متمانەیــە بەهێزی کار بــدات لەو کەرتە کاربکەن نەك کەڵەکەبوونیان لەناو کەرتێکی گشتی کەم بەرهەم و ئاڵۆز بەکێشــەکانی بیرۆکراتییەت و رۆتین و بێکاری شــاردراوە، بانك و حکومەت روو بکاتە پاڵپشتی و پشتگیریکردنی پرۆژەی بچووك و فێری کاری بەبەرهەم بین نەك دامەزراندنی بن دیوارو کەوتنە ناو کێشاوی بێکارییەکی رووپۆشراو، جوتیار لەشــێوازی کشتوکاڵی کۆن و تەقلیدییەوە بگۆڕدرێت بەوەبەرهێنەری کشــتوکاڵی، ناکرێت بەم شــێوازەی بەرێکردنی ئابووری کە حکومەتی ناوەندی پەیــڕەوی دەکات و ئێمــەش تێیکەوین بتوانین لەوڵاتــی بەرهەمهێنەری نەوت و هەژار ببینە خاوەنی چینی ناوەند.

کاتێــك باس لەچینی ناوەنــد دەکەین ئەزموونی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا بەتایبەتی ئەندەنووسیا هەڵدەبژێریــن، لەکاتێکــدا دەیــان وڵاتــی تری ئاســیا لەجێبەجێکردنی بەرنامــەو پلانەکانیاندا شکستیانخوارد، بڵنگەکانی ئاسیا بوونە نموونەی چاکسازی و گەیشــتن بەگەشەو خۆشگوزەرانی خێــرا، تەنیــا لەســاڵانی حەفتاو هەشــتاکان بەهــۆی هەڵســانەوەی خێــرای ئابوورییەوە ئەم وڵاتانە بوونە بڵنگەکانی ئابووری، ئەندەنووســیا نموونەی مۆدێرێکی پێشکەوتوو بوو کەلەئاکامی دروستبوونی خۆشگوزەرانی هاوڵاتییانەوە چینی ناوەند دروســتبوو دواتر پێگەو هێزی ئابووری لەم چینەوە دەرکەوت .

# گۆڕانی حکومەت لەئەندەنووسیا تەنیا گواستنەوەی دەسەڵات نەبوو، بەڵکو گۆڕانی ئابووری و بەهێزبوونی چینی ناوەندیش بوو

بەمۆدێرنکردنــی ئابــووریء پلانــی خێــرای گەشەســەندنی ئابووری لەئەندەنووسیا بووە هۆی دروســتبوونی ژمارەیەکی گەورە لەچینی ناوەند، ئەم پێشــکەوتنەی ئابــووری زیادکردنی داهاتی ســاڵانەی تاکەکانــی لێکەوتــەوە، لەئەنجامدا فاکتەرێکی سەرەکی بوو لەباشکردنی بارودۆخی ژیانــی زۆرێــك لەخەڵکــی. ئابــووری بازاڕو نەهێشــتنی کۆتء بەندی ئابــووری کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر سیســتەمی دارایی و بانك، هەروەها بەرهەمهێنان کەبووە هۆی گۆڕینی زۆر کارو دەســتەبەرکردنی زۆرکاری تریش بۆ چینی ناوەند، زۆر بوونی ئەمجۆرە کارانە لەئەندەنووســیا فاکتەری ســەرەکی بوون لەســەرهەڵدانی چینی ناوەند،چاکســازی و پەرەپێدانــی ئابــووری و ئاراســتەکردنی باروگوزەرانــی خەڵکــی بەرەو خۆشــگوزەرانی هەرلەخۆیەوە سەریهەڵنەدا بەڵکو دەسەڵاتی سیاســی و حوکمڕانی لەوڵاتدا رۆڵی لەم پێشکەوتنە هەبوو، کە بەوەرچەرخانی ئابووری دادەنــرا لەحکومڕانــی ئەندەنووســیادا، ئەرکی فەرمانڕەوایی لەو ســەردەمەدا لە»گەشەسەندنی ئابووریدا» کورتکرابۆوە، سەرکردەکانی ئەندەنووسیا ئامانجی ســەرەکییان پەرەپێدانــی باری ژیانی خەڵکی بوو، تاکو رێگا خۆش بکەن بۆ دەرکەوتن و بگــرە بەهێزبوونی چینی ناوەند. بەرزکردنەوەی بــاری ژیانی چینــی ناوەند بەمانــای ئەوەبوو کەهەلی کاری باش بۆ چینی ناوەند برەخسێنرێت، گۆڕانــی حکومــەت لەئەندەنووســیا تەنهــا بەمانای گواستنەوەی دەســەڵات نەهات، بەڵکو گۆڕانکارییەکی گەورەی ئابووری و دەرکەوتن و بەهێزبوونی پێگەی چینی ناوەندیش بوو، بەتایبەتی لە جاکارتای پایتەخت کە دواتر ئەم شارە بەشاری چینی ناوەند ناوبرا . لەسەردەمی نوێدا پێشکەوتنی ئابووری بوو بەئەولەوییاتی حکومەت. حکومەتی نوێ پێشــکەوتنی ئابووری بەســتەوە بەدروشمی نیشــتیمانی ناسراو بە «پێشــکەوتنی سیانی» کە مەبەســت لێی «سەقامگیریی، گەشەسەندن، دادپەروەری» بوو. بەمشێوەیە پێشکەوتنی خێرای ئابووریء بەپیشەســازیبوون بووە بابەتی سەرەکی لەپلانــی ئابووریــدا، بەمەش ســەردەمی نوێ کلتورێکی نوێی ئابووری داهێناو وڵاتی بەلکێشی پیشەسازی کرد. ئەم بەپیشەسازیکردنە مەبەستی هاندانی دەرکەوتنــی چینێکی ناوەندی نوێ بوو لەئەندەنووسیا.

بە((پیشەســازیبوون شانبەشــانی نوێبوونەوەی ئابووریء ئابووری بــازاڕ)) کۆمەڵە خەڵکێکی خۆشگوزەرانی لەکۆمەڵگادا دروستکرد، کۆمەڵێك شــت هەن ئەمە نیشــان دەدەن وەکــو (هەبوونی ئۆتۆمبێل، تەلەفزیۆن، ســاردکەرەوەوهۆکارەکانی پەیوەندیکردن، هەروەها ئامێری دیکە، ســەرەڕای ئەمانەش ئاوی خاوێنء خواردنی باش وباشکردنی کەرتی تەندروســتی بەئاسانی دەستەبەر دەکرێن)، ئەندەنووســییەکانیش بەهاوشێوەی دەسەڵاتەکەیان هەمان مەیلی گۆڕانی ئابووریء کۆمەڵایەتییان هەبوو.



گۆڕانی حکومەت لەئەندەنووسیا تەنها بەمانای گواستنەوەی دەسەڵات نەهات، بەڵکو گۆڕانکارییەکی گەورەی ئابووری و دەرکەوتن و بەهێزبوونی پێگەی چینی ناوەندیش بوو

پێشکەوتنی خێرای ئابووریء بەپیشەسازیبوون بووە بابەتی سەرەکی لەپلانی ئابووریدا، بەمەش سەردەمی نوێ کلتورێکی نوێی ئابووری داهێنا

# ئەو جومگەیەی سەرەوەو



گفتوگۆکردن لەســـەر ئابـــووری بازاڕو پەرەپێدانی ئابووری لەهەرێمی کوردستان، بێ باسکردنی چینی ناوەندو گەڕانەوە بۆ ئەو هۆکارانەی کەوایانکردووە ئەم چینە گرنگەی ناوکۆمەڵگا دروســـت نەبێت یاخود نەبێتە خاوەنی پێگەیەکی بەهێز، لەســـوڕانەوە لەناوبازنەیەکـــی داخراوی بەتاڵ زیاتر هیچ شتێکی تر ناگەیەنێت، زۆر لەئابووریناسان هۆکارێکی سەرەکی شکســـتی ئەزموونەکانی دیموکراتی و گەیشـــتن بەئابووری بـــازاڕ لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی ئەم چینە، راستە بنیاتنانەوەی ئابووری و پاراســـتنی ئەزموونـــی هەرێمەکەو بەرەوپێشبردنی دەکەوێتە ئەستۆی هەموو چین و توێژەکانـــی ناوکۆمەڵگا، بەڵام رۆڵی ســـەرەکی و کاریگـــەر دەکەوێتە ئەستۆی چینی ناوەند، ئەم چینە سەنگ و قورســـایی خۆی هەیە بەپێچەوانەی هەردووچینی ســـەرمایەدارو هەژارەوە، دەوڵەمەند ســـەرقاڵی کۆکردنەوەی پارەو داهات و پاراستنی بەرژەوەندی تایبەت بەخۆیانن، ١٨ ســـاڵەی خۆبەڕێوەبردنی کوردستان و پێشکەشکردنی ئاسانکاری و یارمەتـــی بـــۆ کەرتـــی تایبـــەت و تێکدانـــی رەوشـــی بـــازاڕو نانـــەوەی پشـــێوی و بێ بەرهەمی ئابووری ئەم قسەیەی سەلماند، هەژارو هاوڵاتی کەم دەرامەتیش لەخەمی کارو بژێوی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیانـــدان، کەوایکردووە ســـەرەڕای قوربانی و فیداکارییەکانیان نەتوانـــن هەنگاوی گـــەورەو خێرا بنێن بەرەو گۆڕانکاری و چاکسازی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کاریگەر ..
چینـــی ناوەنـــد بەواتـــای ژیانێکـــی خۆشـــگوزەران و ئاستێکی بەرزی کارو خواســـتێکی باشـــی کڕین دێت، ئەم چینە داهاتیان لەچینی هەژار زیاترەو بەپێی ئاســـتی ئابووری وڵاتەکە ئەو داهاتەی لەو کۆمەڵـــگاو وڵاتە هەیە بەشی ژیانێکی خۆشگوزەرانی دەکات، پێکهاتەی چینی ناوەند وایکردووە رۆڵی هاوســـەنگییەك لەکۆمەڵگا ببینێت و باڵانســـێك بێت لەنێوان دوو چینەکەی تر، هاوکات وەکـــو جومگەیەك وابێت لەنێـــوان هـــەردوو چینـــی کەمینەی ســـەرمایەدارو زۆرینـــەی هـــەژار، مامۆستاو رۆشـــنبیرو دکتۆرو پارێزەرو ئەندازیـــاران و فەرمانبـــەران و خاوەن پیشـــەوەرە بچوکـــەکان و بیزنســـکارە مامناوەنـــدەکان و بازرگانەکانـــی ناو بازاڕو کەسە تەکنۆکراتییەکان کە بەپێگە ســـەرەکییەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا دادەنرێن بەگرنگترین پێکهاتەی چینی

چینی ناوەند خاوەنی هۆشیاری و زانیارییەکی رادەبەدەرە و توانای داهێنان و بیرۆکەو ئاراستەی نوێی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیە، کەبۆ گواستنەوەی کۆمەڵگا بەرەو دیموکراتییەت پێویستە

# خوارەوە دەجوڵێنێت

ناوەنــد دادەنرێــن، ئــەم پێکهاتەیەش وایکــردووە چینــی ناوەنــد خاوەنی هۆشیاری و زانیارییەکی رادەبەدەربێت و توانای داهێنان و بیرۆکەو ئاراستەی نوێــی گۆڕانــکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری هەبێت، کەبۆ گواســتنەوەی کۆمەڵگا بەرەو دیموکراتییەت پێویستە، دەرنەکەوتــن و لاوازی پێگــەی ئەم چینــە کەمــەی ناوەنــد کەهەیە و پارچەپارچەبوونی بەسەر پارتە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانیانــەوە ئەوەنــدەی تــر پێگەکانــی لەهەرێمەکــەدا لاواز کردووەو یەکگرتووی تێدا نەهێشــتووە، بــەڵام لەلایەکی تــرەوە باشــبوونی بارودۆخی بژێوی ژیان و کەمبوونەوەی رێژەی هەژاری لەکوردســتان بۆ ٤٪ لەکاتێکــدا لە عێــراق ٢٣٪ یە (بەپێی زانیارییەکانــی وەزارەتــی پلاندانانی عێراق) ئومێدێکە بۆ دەرکەوتنی چینی ناوەند، حکومەتی هەرێمیش لەڕێگای بنیاتنانەوەی ژێرخان و خزمەتگوزاری و چاکسازییەکان هەنگاو دەنێت و، لەناو تاکەکانی ناوکۆمەڵگاش دا ویســت و خواســتی گەیشــتن بەدیموکراتییەت و هەوڵــی باشــکردن و بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەسی هەیە، لەم بۆچوونەوە ناکرێــت حوکمێکی کوێرانــە بدەین و بڵێین لەمــاوەی رابردوو هیچ نەکراوەو بواری بژێوی ژیان گۆڕانکاری بەسەر نەهاتووە، هەر لەهەڵەکانی کارەوە تاوەکو باشــبوونی ئاستی مووچەو زیادبوونی خزمەتگوزارییــە ســەرەکییەکانی ئــاوو کارەباو نەخۆشــخانەو ژێرخان و رێگاوبانەکان ..، بەڵام ئاســتەنگ و بەربەســتەکانی بەردەم جێبەجێکردنی بنەماکانــی لیبراڵییەتــی ئابووری و گەیشتن بەئابووری بازاڕ رێگرە لەبەردەم دامەزرانی مۆدێرێکی نوێی ئابووری لەکوردســتاندا، بەبێ ئــەم ئابوورییە ناکرێت ببینە خاوەنی چینێکی بەهێزی ناوەند، چونکە تەنیــا بوونی چینەکە بەس نییە بەڵکو پێکەوپایەی بەهێزی و فراوانبوون و دەربازبوون لەپەرتەوازەیی و بەپەراوێزبوونی گرنگە .

ئــەم توێــژە لەعێــراق و هەرێمــی کوردستان بوونی لاوازە، نزامی سیاسی دیموکراتی تاچەند پێویستی بەم چینە هەیە؟ لەئەزموونی ئەندەنووسیاوە فێری چی دەبین؟ بەبێ ئەم چینە پرۆسەی سیاسی و ئابووری لەبەردەم داڕماندایە . چی بکرێت بۆ ئەوەی چینی ناوەند پێگەو هێزی هەبێت و ببێتە پاڵپشــتی بەهێزبوونــی ئەزموونــی سیاســی و پرۆسەی ئابووری لەکوردستان؟

چی بکرێت بۆ ئەوەی چینی ناوەند پێگەو هێزی هەبێت و ببێتە پاڵپشتی بەهێزبوونی ئەزموونی سیاسی و پرۆسەی ئابووری لەکوردستان ؟



## عەقڵییەت شۆڤێنی لەعێراق چینی ناوەندی لەناوبرد

چینی ناوەند لەمێژووی نوێی دەوڵەتی عێراق رۆڵـــی تایبەتی و ســـەرەکییان لەگۆڕانکاری و وێستگە گرنگەکان هەبووە، دەرکەوتنی تەواوی ئەم چینە لەعێراق لەناوەڕاستی حەفتاکان و سەرەتای هەشـــتاکان بوو، بەڵام بەهۆی شەڕی بەغدا دژ بەهەرێمەکـــەو دانیشـــتوانەکەی و پەیڕەوکردنی سیاسەتی تەعریب و راگواستن و تێکدانی گوند و ژێرخانی هەرێمەکـــە. ئەم دەرکەوتنەی چینی ناوەنـــد لەعێراق هەرێمی کوردســـتانی نەکردەوە، جگە لەناو سەنتەری شارە گەورەکان نەبێت لێرەو لـــەوێ چەند چینێکی ناوەند لەناو مامۆســـتاو فەرمانبـــەران بوونیـــان هەبـــوو، دواتربەهۆی عەقڵییەتی شۆڤێنی عەرەب و سیاسەتی چەوتی ئابووری و تاکڕەوییەوە، حکومڕانی رژێمی بەعس گەلانی عێراقی بەلکێشی جەنگی هەشت ساڵەی ئێرانی کردوو گورزێکی توندی ئاراســـتەی ئەم چینە گەیانـــد، داگیرکردنی کوێـــت و جەنگە یەك لـــەدوای یەکەکانی کەنـــداوو گەمارۆی ئابـــووری و کۆچکردن و رووکردنـــە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی تر، ئەمانە هەمووی شوێنەواری خراپی بەجێهێشت لەرووی هەڵئاوسانی نرخەکان و دواکەوتنی هۆشـــیاری و دەرکەوتنی کەسانی هەلپەرســـت و گەندەڵ لەناو چینەکەدا، بەمەش تـــەواوی ئومێدەکان بەگەشـــەکردنی ئابووری و دەرکەوتن و بەهێزبوونی چینی ناوەندی لەناوبرا، بەڕادەیەك دەتوانرا ئەو ســـەردەمە» خواحافیزی لەچینـــی ناوەنـــدی عێـــراق و کوردســـتانیش بکەین « کەلەگەڵ خۆیدا کۆتایی بەگەیشـــتن بەکۆمەڵـــگای مەدەنیش هێنـــا، لەلایەکی ترەوە تێکەڵبوونی چینی ناوەند بەبەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و بیروبۆچوونی توندی ئیسلامی رۆڵ و ئاراســـتەی سروشـــتی ئەم توێژە دەگۆڕێت و، مەیلی لەچاکســـازی و دادپەروەری و ئازادییەوە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و تێکەڵبوون بەگەندەڵی و بـــێ دەنگی بەلکێـــش دەکات. لەم روانگەیەوە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتانە بەیاساو چەســـپاندنی بنەماکانی ئابووری بازاڕ هەوڵی دروســـتبوونی ئـــەم چینە بدات، ئـــەم ئەرکەش دەکەوێتە ســـەر هەموو کایەکانـــی ناو کۆمەڵگا بەخودی هاوڵاتیانیشـــەوە، تاوەکو یاســـا سەروەر نەبێت چینی ناوەندو بیرۆکراسی ئیجابی دروست نابێت، لەبری ئەوە دەســـەڵاتی سیاسی ئابووری تەســـلیمی کەمینەیەکی چاوچنـــۆك بکات و بەکەیفی خۆیان ئابووری هەڵســـوڕێنن، کێبڕکێ دروســـت دەکات کە گرنگتریـــن کاراکتەرەکانی پێشـــکەوتن و باشکردنی کوالێتی و چەندایەتییە و چینی ناوەنـــد دەبوژێنێتەوە، ئەو چینەی وەکو جومگەیەك وایە ســـەرەوەو خـــوارەوە دەجوڵێنێت، بەمەش بەدروســـتبوونی چینی ناوەند حکومەت دەبێتە فەرمانبەری گەل، چونکە گەل باج دەدات و خزمەتگوزاری باشـــی لەحکومـــەت دەوێت، مەرجیـــش نییە چاوەڕێـــی حکومەتی ناوەندی بین، حکومەتێـــك کەوتبێتە ناو ململانێی ئاینی و مەزهەبی و بەرژەوەندی تەســـکی حزبایەتی و ناسەقامگیری سیاسی و نائارامی ئەمنییەتەوە کەهەرهەمووی کۆمەڵگا راپێچی مەرگی چینی ناوەند دەکات، چی لێ چاوەڕوان دەکرێ، ئەوەتا بەو هەمـــوو داهاتەی نەوت و یارمەتی وڵاتانی کۆمـــەك بەخش کەچی کەرتـــی بەرهەمهێنانی نەوت وکارەبای بۆ دواوە رۆشتەوە


گەڕاندنەوەی هێزو پێگەی راســـتەقینەی چینی ناوەنـــد گەورەترین تەحەددای بەردەم کۆمەڵگای کوردســـتانییە. ئەم تەحەددایەش کارێکی ئاسانم نییە گەرچی ماندوبوون و کاری جیددی دەوێت، بەبوونـــی دەرامەتی دەوڵەمەندی سروشـــتی و مرۆیی و توێژێکی زۆری فەرمانبەرو پیشەوەرە بچووکـــەکان و پارێـــزەرو مامۆســـتاو دکتۆرو ئەندازیارو بوونی ویســـت خواســـتی چاکسازی باشـــترین ژینگە بۆ دەرکەوتنـــی چینی ناوەند دروســـتبووە، کەلەگەڵ ســـەقامگیری سیاسی و ئارامی بواری ئاســـایش ڕێگا خۆشـــکەرە بۆ بەهێزبوونی پێگەی چینەکە.

## چینی ناوەند کۆمەڵگا لەدواکەوتەیی و گروپی ئیسلامی توندڕەو دەرباز دەکات

چی وایکرد تونس و ئەندەنوســـیا ببنە خاوەنی رێژەیەکی بـــەرزی چینی ناوەنـــدو هەژاری کەم بکەنـــەوە، لەنـــاو وڵاتانی عەرەبیـــدا تونس تەنیا وڵاتێکە کەنـــەك تەنیا هەوڵـــی داوە پارێزگاری لەچینی ناوەند بـــکات، بەڵکو ئەم چینەی پتەوو بەهێزکـــردووە، ســـندوقی پاڵپشـــتیکردنی ناوچە هەژارەکان و دامەزراندنـــی بانکی هاوکاریکردنی تونســـی کە هەڵدەستێ بەپێدانی قەرز بۆ پرۆژەی بچـــووك و مامناوەندی هەمووی هۆکارێك بوو بۆ بەهێزکردن و پاڵپشـــتیکردنی توێژی ناوەند، بگرە ڕێگر بوون لەبەردەم کودەتـــاو هاتنی بزووتنەوەی ئیســـلامی توندڕەو. ئەم چینە زیاتر خەمخۆری چاکســـازی و دیموکراتییـــەت و پێشـــکەوتنی رۆشـــنبیری و هونـــەری و کۆمەڵایەتیـــن و رووبەڕووی هەموو دیکتاتۆرییەت و بزووتنەوەیەکی توندی ئیتەنی و ئاینـــی دەبنەوە، پێگەو پایەی بەهێـــزی ئەم چینە بوو لەتونس کەلە ســـەرەتایی هەشـــتاکان وایکرد بزوتنەوەو گروپە ئیســـلامییە توندڕەوەکان دەســـەڵات نەگرنەدەست و سنوورێکی بۆڵاینیان لەبەردەم هەڵکشـــانی تەیارو بزووتنەوەی توندڕەوی ئیســـلامییەکان دانا، بەمەش سیاسەت لەو وڵاتەدا ســـەقامگیری بەدەســـتهێنا، هەر ئەم سەقامگیرییەش بوو وای لەمەغریب کرد ئامانجی ستراتیژی سەرجەم سیاسەت و بەرنامەکانی وڵات لەپێناو بەهێزکردنی پێگەی چینی ناوەند دابنێت . ســـەرکردەکانی ئەندەنوسیاش ئامانجی سەرەکییان پەرەپێدانی باری ژیانی خەڵکی بوو، تاوەکو رێگا خۆش بکەن بۆ دەرکەوتن و بگرە بەهێزبوونی چینی ناوەند، بەڵام ئەمە تەنیا ئەرکی سەرشانی دەسەڵات نەبوو، بگرە ئەندەنوســـییەکانیش بەهاوشـــێوەی دەســـەڵاتەکەیان هەمان مەیلی گۆڕانی ئابووری و کۆمەڵایەتییـــان هەبوو.لەکیشـــوەری رەشـــی هەژارەوە بتســـوانرا تاکە وڵاتـــی ئەفەریقایی بوو کەسەرکردەکانیان دەسەڵاتیان قۆرخ نەکردوو بوونی ســـامانی ئەڵماســـیان نەکرد بەحەزو خولیایەك بۆ

تێکەڵبوونی چینی ناوەند بەبەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و بیروبۆچوونی توندی ئیسلامی رۆڵ و ئاراستەی سروشتی ئەم چینە دەگۆڕێت و، مەیلی لەچاکسازی و دادپەروەری و ئازادییەوە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و تێکەڵبوون بەگەندەڵی و بێ دەنگی بەلکێش دەکات

چینی ناوەند زیاتر خەمخۆری چاکسازی و دیموکراتییەت و پێشکەوتنی رۆشنبیری و هونەری و کۆمەڵایەتین و رووبەڕووی هەموو دیکتاتۆرییەت و بزووتنەوەیەکی توندی ئیتەنی و ئاینی دەبنەوە، پێگەو پایەی




گەڕانەوەی چینی ناوەند تەحەددای بەردەم ئابووری کوردستانە



زانکۆکان چینی ناوەند بەرهەم دەهێنن؟

مانەوەی دەسەڵاتی تاکڕەویی و دیکتاتۆری بەڵکو دەستاودەستکردنی دەسەڵاتییان هەڵبژاردو بوونە خاوەنی ئەزموونێکی دیموکراسی و سەقامگیر، بەمەش بتسوانا لەوڵاتێکی ئەفەریقیایی هەژارەوە بەهۆی ستراتیژییەتی دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان و نەهێشتنی قۆرخکاری سیاسی و ئابووری چینی ناوەند بووە خاوەن پێگەیەکی ئابووری بەهێزو ئابووریی بتسواناش بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرو خێرا گەشەی کردوو داهاتی تاکەکەسی گەیشتە ١٠ هەزار دۆلاری ئەمەریکی و ناوی لەپێشەنگی ئەو وڵاتانە هات کەگەشەی خێرای بەخۆوە بینیوە..

دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو بتسواناو شیلی و کۆستەریکا چەندین ئەزموونی سەرکەوتووی تر هەروا لەخۆڕا نەبوونە خاوەنی چینی ناوەندو ناوی وڵاتەکانیان لەڕیزبەندی پێشەوەی ئەو وڵاتانە نەهات،کە بەشەفافییەت و چاکسازی ناوبانگیان هەبوو، بەڵکو باجیان بۆ ئازادی و دیموکراتی داوە لەپێناو دامەزرانی چینی ناوەند، چەسپاندنی بنەماکانی لیبرالییەت و ئابووری بازاڕ بێ هەوڵ و ماندووبوون و باجدان دروست نابێت، کاری جیددی تاکەکان و دڵسۆزیان بۆ حکومەت و وڵاتەکەیان خواست و ویستی چاکسازی دروست دەبێت، تەنیا لەم حاڵەتەدا فشار بۆ دەسەڵاتەکانیش دەهێنرێت .

## چینی ناوەند پاڵپشتی بەهێزبوونی ئەزموونی سیاسی کوردستانە

لەراپۆرتێکی تایبەت بەیەکێتی ئەوروپا هاتووە کەلیژنەیەکی تایبەت بەبارودۆخی کۆمەڵایەتی سەرپەرشتی دەکات: ئەو ١٠ وڵاتەی دوایی کەبوونە ئەندام لەیەکێتی ئەوروپا ناتوانن لەگەڵ دۆخی ئابووری جیهان بگونجێن و گەشە بکەن تاوەکو نەبنە خاوەنی چینێکی ناوەندی بەهێز، بگرە لەزۆربەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکاندا هاتووە ئەم چینە پاڵپشتی سەقامگیری سیاسی و پێشکەوتنی دیموکراتییە، لەم بارودۆخەی هەرێمی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەکانی لەگەڵ بەغدا بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلانی کوردستان بێ دروستبوونی ئەم چینە ناکرێت هەوڵەکانی سیاسەتمەدارانی هەرێم سەرکەوتوو بێت، تەنیا بەئاوەدانکردنەوەو پێشکەوتنی وەبەرهێنان و بەرزکردنەوەی باڵەخانەکان چینی ناوەند دروست نابێت، بەڵکو بەدابەشکردنی دادپەروەرانەی ئەم پێشکەوتنەو بەشداری زۆرینە لەپرۆسەی ئابووری کەتێیدا چینی ناوەند پشکی شێری بەرکەوێت، لەهەرێمی کوردستان چینی ناوەند دەتوانێت باڵانس ڕاگرێت و هاوسەنگییەك بەخواست و خستنەروو بدات، هەموو ئابووریناسێك ئەو ڕاستییە دەزانێت گەر کڕیارو خواستێکی باش نەبێت هەموو هەوڵەکانی بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان شکست دەهێنێت و بێبازاڕی لێدەکەوێتەوە.واقیعی ئەمڕۆی ئابووری هەرێمەکە بوونی کەرتێکی گشتی قورس نیشانمان دەدات،کە کاریگری نێگەتیڤی لەسەر ئابووری هەرێم داناوە، ئەمەش بەهۆی خراپ بەڕێوەبردنی ئابووری و کارگێڕی حکومەتەوە کەوتۆتەوە، بۆیە کاتی ئەوەهاتووە دروشم و بەرنامەو پلانەکانی حکومەت ببێتە کاری جیددی و هەنگاوی پراکتیکی بۆ بنرێت، دانانی پلانی ئابووری و ستراتیژییەتێك بۆ کاری ئایندە لەخاڵە سەرەکی و گرنگەکانی بەردەم چاکسازی ئابووری دادەنرێت و، مەرجیشە پرۆسەی سیاسی و دەستاودەست کردنی دەسەڵات بەشێوازێکی دیموکراتی بەردەوام بێت، چونکە ئەم شێوازە زامنی شەفافییەت و دووركەوتنەوە لەگەندەڵی دەکات، شەفافییەت و بنبڕکردنی گەندەڵیش بەبنەماکانی دروستبوونی گەشەی ئابووری دادەنرێت و لەم گەشەیەدا پێگەو دەسەڵاتی چینی ناوەند دەگەڕێتەوە، کاتی ئەوەش هاتووە دووبارە چاوخشاندنەوە بەیاساکانی وەبەرهێنان و کار بکەینەوەو پانتاییەکی زیاتر بەپرۆژە بچووك و مامناوەندییەکانیش بدەین و پیرۆزی بۆ کار بگەڕێنینەوە، یاساکان بەشێوەیەك بێت کەتەعبیر لەئابووری وڵات بکات و جێبەجێ بکرێن . سەردەمی بەعس یاسا دەردەچوو، بەڵام ڕژێمی بەعس خۆی لەسەروو یاساوە دادەناوجێبەجێی نەدەکرد، پێویستە سەرمایە تێکەڵ بەئابووری بکرێت و کاریش پیرۆز بکرێت، ماکس فیبەری فەیلەسوفی ئەلمانی لەبیردۆزەکەیدا زۆر گرنگی بەدوو خاڵ دا : (کار بیرۆز بێت و مافی موڵکییەتی فیکری هەبێت )، کاتی ئەوە هاتووە ڕێزگرتنی توێژو تاکەکانی ناوکۆمەڵگا تەنیا لەسەر بنەمای دروشمی سیاسی نەبێت،بۆ نموونە ئافرەت توانای کارکردنی هەیە بۆیە پێویستە هەموو زەمینەیەکی بۆ ڕێکبخرێت نەك تەنیا بەپێدانی مووچەیەکی کەم بخرێتە ناو ژیانی مەمرەو مەژییەوە . بەمشێوەیە دەرکەوتن و بەهێزبوونی پێگەی ئافرەتان لەپرۆسەی ئابووری و سیاسی بەهاتنە پێشەوەو کارکردن دەبێت، کارێك کەوەکو ماکس فیبەر دەڵێت بیرۆز بکرێت و بەهای ڕاستەقینەی بۆ بگەڕێنرێتەوە.

کاتی ئەوە هاتووە یاسا کەرتی تایبەت هەڵسوڕێنێت و ئەو متمانەیە بەهێزی کار بدات لەو کەرتە کاربکەن نەك کەڵەکەبوونیان لەناو کەرتێکی گشتی کەم بەرهەم و ئاڵۆز بەکێشەکانی بیرۆکراتییەت و ڕۆتین و بێکاری شاردراوە، بانك و حکومەت ڕوو بکاتە پاڵپشتی و پشتگیریکردنی پرۆژەی بچووك و فێری کاری بەبەرهەم بین نەك دامەزراندنی بن دیوارو کەوتنە ناو کێشاوی بێکارییەکی ڕووپۆشراو، جوتیار لەشێوازی کشتوکاڵی کۆن و تەقلیدییەوە بگۆڕدرێت بەوەبەرهێنەری کشتوکاڵی، ناکرێت بەم شێوازەی بەڕێکردنی ئابووری کە حکومەتی ناوەندی پەیڕەوی دەکات و ئێمەش تێیکەوین بتوانین لەوڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت و هەژار ببینە خاوەنی چینی ناوەند.

کاتێك باس لەچینی ناوەند دەکەین ئەزموونی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەتایبەتی ئەندەنووسیا هەڵدەبژێرین، لەکاتێکدا دەیان وڵاتی تری ئاسیا لەجێبەجێکردنی بەرنامەو پلانەکانیاندا شکستیانخوارد، بڵنگەکانی ئاسیا بوونە نموونەی چاکسازی و گەیشتن بەگەشەو خۆشگوزەرانی خێرا، تەنیا لەساڵانی حەفتاو هەشتاکان بەهۆی هەڵسانەوەی خێرای ئابوورییەوە ئەم وڵاتانە بوونە بڵنگەکانی ئابووری، ئەندەنووسیا نموونەی مۆدێرنێکی پێشکەوتوو بوو کەلەئاکامی دروستبوونی خۆشگوزەرانی هاوڵاتییانەوە چینی ناوەند دروستبوو دواتر پێگەو هێزی ئابووری لەم چینەوە دەرکەوت .

سەرکردەکانی ئەندەنووسیا ئامانجی سەرەکییان بەهێزبوونی چینی ناوەند بوو، بەڵام ئەمە تەنیا ئەرکی سەرشانی دەسەڵات نەبوو، بگرە ئەندەنووسییەکانیش بەهاوشێوەی دەسەڵاتەکەیان هەمان مەیلی گۆڕانی ئابووری و کۆمەڵایەتییان هەبوو

بتسوانا لەوڵاتێکی ئەفەریقیایی هەژارەوە بەهۆی ستراتیژییەتی دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان و نەهێشتنی قۆرخکاری سیاسی و ئابووری چینی ناوەند بووە خاوەن پێگەیەکی ئابووری بەهێز



باشترە دامەزراوەکان زیاتر لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بن لە ڕووی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و کەمکردنەوەی مەحسوبیەت و هاندانی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێز

پرۆفیسۆر ستیفن زۆنس کە ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی سانفرانسیسکۆ و یەکێکە لە چاودێر و شرۆڤە وانە بە ناوبانگەکانی جیهان لە سەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق، بۆ قسەکردن لەسەر ئایندەی عێراق و هاوکێشەی سیاسیی ئێستای عێراق پرۆفیسۆر زۆنس بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

ستیفن زۆنس بۆ گوڵان:

# لەعێراقدا هیچ دامەزراوەیەک نییە حکومەت ناچار بکات ڕێز لە دەستوور بگرێت و جێبەجێی بکات

*** کێشەکانی ئێستای عێراق کێشەی نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتەن، واتە عێراقییەکان بەدەست کێشەگەلێکی سیاسییەوە دەناڵێنێت کە بوونەتە سەرچاوەی توندوتیژی، ئایا چۆن دەکرێت ئەم کێشە سیاسییانەی عێراق چارەسەربکرێن؟**

-من پێم وایە باشترە دامەزراوەکان زیاتر لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بن لە ڕووی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و کەمکردنەوەی مەحسوبیەت و هاندانی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێز. لەڕاستیدا دەسەڵاتی داگیرکاری هەلومەرجێکی خوڵقاند هەندێ هێز باڵادەست بن کە خۆیان بە بەرپرسیار نەزانن لە بەرامبەر هاوڵاتیاندا، لەبەر ئەم هۆیەش دەبێت لەم ڕووەوە چاکسازی پێویست بکرێت.

*** لەگەڵ نزیبکونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا پێشبینی هەڵکشانی ئاستی توندوتیژی دەکرێت لە عێراقدا، ئایا پێتوایە هەڵبژاردنەکان تا چ ڕاددەیەك دەبنەهۆی گۆڕینی نەخشە و هاوکێشەی سیاسی لەوڵاتەکەدا؟**

- ئەوەی لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بەدیمان کرد باڵادەستبوونی ئەو پارتانە بوو کە تائیفییەت زاڵبوو بەسەریاندا ئەمەش بۆوە هۆی دوورخستنەوەی جەماوەر لێیان، بەڵام ئێستا ئاڕاستەکە بەرەو پێکهێنان و دروستکردنی پارتگەلێکی نەتەوەیی و خۆ دوورگرتنە لە تائیفییەت. ئەمە هەنگاوێکی ئیجابییە و ڕەنگە ببێتەهۆی دابەزینی ئاستی توندوتیژی و ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ئایندەیەکی ئاشتی و سەقامگیری لێبکەوێتەوە، هەروەها حکومەتێك ئەهێنێتە ئاراوە کە کار بۆ بەرژەوەندی گشتی بکات و هانی عێراقییەکان بدات بۆ ئەوەی پێکەوە کاربکەن ئەگەرچی ئەمە بە مانای کەمبوونەوە و کاڵبونەوەی کاریگەری و دەستڕۆیشتووی ئەمەریکییەکانیش بێت.

*** گەورەترین مەترسی لەسەر عێراق بریتیە لەگڕانەوەی کۆنە بەعسییەکان، هەروەها حکومەتی عێراق هەردوو وڵاتی سوریا و عەرەبستانی سعودییە تاوانباردەکات بە هاوکاریکردن و پاڵپشتیکردنی بەعسییەکان، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەم دوو وڵاتە ئەم ڕۆڵە سلبیە لە عێراقدا دەبینن؟**

- لەبەر ئەوەی بەعسییەکان پشتگیری لە دەسەڵاتی شمولی سەددامیان دەکرد ئەوا بە دڵنیاییەوە گەڕانەوەیان پشێوی و نائارامی لێدەکەوێتەوە. ئەوەی پەیوەندی بە یارمەتیدانیانەوە هەبێت لەلایەن سوریاو سعودیەوە، ئەوا من پێم وایە هۆکاری هاوکایکردنیان لەلایەن سعودییەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سعودییە هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی باڵادەستی شیعەکان



ئەوەی ئێستا سوریا پشتگیری لێدەکات ئەو بەعسیانەیە کە زیاتر کار بۆ دۆستایەتی سوریا دەکەن و ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت بتوانرێت هاوپەیمانێتیان لەگەڵدا بکرێت

دەدات لەعێراقدا لەبەر ئەوەی لە تێڕوانینی سعودییەدا کاریگەری و ڕەنگدانەوەی زاڵبوونی شیعەکان ئاکامی ناسەقامگیرکاری لێدەکەوێتەوە لەسەر هەلومەرجی ئەو وڵاتە. ئەوەی پەیوەندی بە سوریاوە هەبێت ئەوا سوریا خوازیاری ئەوەیە حکومەتێکی نەتەوەیی عەلمانی لە عێراقدا باڵادەست بێت کە بتوانێت هاوپەیمانێتی لەگەڵ ببەستێت، هەرچەندە پێشتر گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان سوریا و سەددام حوسێندا هەبوو کە بەعسی بوو، بەڵام ئەوەی ئێستا سوریا پشتگیری لێدەکات ئەو بەعسیانەیە کە زیاتر کار بۆ دۆستایەتی سوریا دەکەن و ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت بتوانرێت هاوپەیمانێتیان لەگەڵدا بکرێت. من پێم وایە دەستێوەردانی دەرەکی لەهەر وڵاتێکەوە بێت زیان بە عێراق دەگەیەنێت لەبەر ئەوەی هێزە دەرەکییەکان بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی خۆیان ئەم کارە دەکەن و عێراقییەکانیش دەبێت باجەکەی بدەن، کەواتە تەنها ئەو کاتە سەقامگیری و ئاشتی دێتەدی کە عێراقییەکان بتوانن کۆنترۆڵی چارەنووسی خۆیان بکەن.

*** حکومەتی عێراق و خەڵکی عێراق چاوەڕێ دەکەن ئەمەریکا فشار بکات بۆ سنوردارکردنی دەستێوەردانی ئەم وڵاتانە، بەڵام لەکاتێکدا بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەچێت ئەمەریکا ڕایدەگەیەنێت کە ئەوە مەسەلەیەکە بۆ خودی عێراقییەکان خۆیان دەگەڕێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر عێراقییەکان بتوانن کێشەکانیان چارەسەربکەن بۆچی لە بنەڕەتدا ئەمەریکا ئەم وڵاتەی داگیرکرد؟**

- من پێم وانییە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بایەخ بەوە بدات عێراقییەکان خۆیان کۆنترۆڵی چارەنووسی خۆیان بکەن، بەڵام ئیدارەی ئۆباما کە زیاتر هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات ئەگەر زیاتر لە عێراقدا چالاکبێت و کار بۆ بەرپەرچدانەوەی دەستێوەردانی وڵاتانی ئێران و سوریا و سعودیە بکات ئەوا ڕەنگە ئەمە ببێتەهۆی زیادکردنی کاردانەوەی نەتەوەیی لە لایەن هێزە عێراقییەکان و پتر ڕەوتی ئەو دەستێوەردانانە زیاتر بکات، واتە تاوەکو ڕۆڵی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کەمتر بەرچاوبێت ئەوا عێراقییەکان باشتر دەتوانن سەرکردایەتی هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی ئەم دەستێوەردانانە بکەن. لەم ڕوانگەیەوە باشترین ڕێگاچارە ئەوەیە عێراقییەکان پێکەوەکاربکەن بۆ سنوردارکردن و ڕاگرتنی دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان.

*** کوردەکان ڕووبەڕووی تەحەددی گەورەبوونەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا عەرەبەکانی عێراق ئامادەنین دەستوری وڵاتەکە جێبەجێ بکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن کوردەکان دەتوانن ئەم کێشانە چارەسەربکەن لەکاتێکدا کە عەرەبەکان دەستورەکە پێشێل دەکەن؟**

- لە ڕاستیدا جێبەجێنەکردن و پیادەنەکردنی دەستور بەو مانایە دێت کە دەزگا و دامەزراوەیەك نییە حکومەت ناچار بکات ڕێز لە دەستور بگرێت، لێرەدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت، لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراق پشت بە هاوکاری و یارمەتی ئەمەریکا دەبەستێت، ئەوا ئەمەریکا دەتوانێت مەرج بۆ هاوکاری کردنی حکومەتی عێراق دابنێت وەك پاككردنەوەی گەندەڵی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە دەستور.

*** چۆن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانێت لەعێراق بکشێتەوە بێ ئەوەی بەشکستخواردو لەشەڕی عێراقدا لەقەڵەم بدرێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە خۆی لە خۆیدا کێشەیە، لەبەر ئەوەی لە لایەکەوە ئەگەر هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکشێنەوە ئەوا چەندین کێشەی چارەسەرنەکراو لەوڵاتەکەدا هەن، لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئەو پرسیارە بکەین ئایا مانەوەی ئەم هێزانە دەبنەهۆی باشترکردنی بارودۆخەکە؟ ئایا ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لە پشتگیریکردنی حکومەتی عێراقی ئەگەر ئەم حکومەتە بە ئاڕاستەیەکی سلبیدا ڕویشت؟ کەواتە هێشتا بۆ زۆرێك لە ئەمەریکییەکان ڕوون نییە کە هێشتنەوەی هێزەکان بارودۆخەکە بەرەو باشتر دەبات یان نا.

*** دوا وتەت چییە؟**

- ئەوەی جێی داخە بەهۆی کەمبوونەوەی هێرشەکان بۆ سەر هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق و هەڵکشانی شەڕی ئەفغانستان و کێشە ئابوورییەکان زۆرێك لە سەرکردە سیاسی و سەربازییەکانی ئەمەریکا بایەخێکی کەمتر بە عێراق دەدەن کە من پێم وایە هێشتا ئەمەریکا ئیلتیزامی ئەخلاقی لە ئەستۆیە لەو وڵاتەدا و جێی داخە ئەگەر بەرپرسیارێتییەکانی لەعێراقدا لەبەرچاو نەگرێت.